# ئایین و دیالۆگ

# ئایین و دیالۆگ

## کۆمەڵێ گفتوگۆ

**وەرگێڕانی: سەنگەر رەمزی زراری**

## دەزگای وەرگێڕان

**دەزگایەکی ئەهلییە بایەخ بە بواری وەرگێڕانی کتێب دەدات**

- خاوەنی ئیمتیاز: حەسەن ئەحمەد مستەفا
- سەرنووسەر: مقداد شاسواری

- ناوی کتێب: ئایین و دیالۆگ
- بابەت: کۆمەڵێك گفتوگۆ
- وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: سەنگەر ڕەمزی زراری
- بەرگ و دیزاینی ناوەوە: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٤٠٠٠
- چاپ: یەکەم ٢٠٠٧ - هەولێر
- چاپخانە: چاپخانەی منارە ـ هەولێر
- لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٢٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ.

ناونیشان:

هەولێر/ گەڕەکی سێتاقان، نزیك ئامادەیی کوردستان

نورماڵ: 2532099

# ناوەڕۆک


- پەیڤێک/ ل ٧
- گفتوگۆ لەگەڵ شێخ محەمەد حوسێن فەزولولڵا/ ل ٩
- گفتوگۆ لەگەڵ شێخ محەمەد حوسێن فەزلولڵا – ٢/ ل ٢٧
- گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەندی میسری نەسر حامد ئەبوزێد/ ل ٤٩
- گفتوگۆ لەگەڵ رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی پییر لاری/ ل ٨٧
- گفتوگۆ لەگەڵ " شتیڤان رایشمۆت " مامۆستای ئیسلامناسی/ ل ٩٥
- گفتوگۆ لەگەڵ غالب شابەندەر/ ل ١٠٣
- گفتوگۆ لەگەڵ فیراس ئەلسەواح/ ل ١٢١
- گفتوگۆ لەگەڵ (حەسەن حەنەفی)دا/ ل ١٤٣
- گفتوگۆ لەگەڵ (د. محەمەد شەحرور)/ ل ١٥١

## پەیڤێك:

ئەگەرچـــی لەســـەر دەســـتی هەنـــدێ ڕەوتـــی جۆراوجـۆری عەقلانییەتـەوە هـەوڵی فەرامۆشـكردن و پەراوێزخســتنی ئـایین درابێـت، بـەڵام ئـەم هەوڵانـە سەریان نەگرتووە، ئەمەش وایكردووە كە تێروانینێكی تــر بەرامبــەر بــە ئــایین دروســت بێــت، ئــەویش خوێندنـەوەو ڕەخنـەگرتن بـۆ ئـایین و هەوڵـدان بـۆ ریفـۆرمكردنی ئـایین بـووە، بەتایبـەتی لـە نیـوەی دووەمی سەدەی بیستەم، لە ئەوروپا هەوڵی ئـەوە درا كـە ئـایین لەبەشـە جیاجیاكـانی زانكـۆ جیاوازەكانـدا وەكو هەر بەشە زانسـتێكی تـر بخوێنـدرێت و بەمـەش چەندین بەشی جیاوازی پەیوەست بە ئـایین و لاهـووت و كەلامناســی و فەلســەفەی ئــایین و .. كرانــەوە و خەڵكانێك سەرقاڵی خوێندنیان بوون.

هەرچـی پەیوەسـتە بـە ڕۆژهەڵاتـەوە كـە وەكـو دەڵێن لانەی ئایینەكانە، ئەوا بـە درێـژایی مێـژوو هـیچ كاتێـك لـە ئـایین دانـەبڕاوە، تـا ئێسـتاش هەمیشـە زۆرینـەی خەڵكەكـەی لەوانـەن كـە پابەنـد بوونـە بـە

ئایینەوە و رێنماییە ئایینییەکانیان جێبەجێ دەکەن، ئەمەش بەردەوام کەسانێك بەرهەم دەهێنێت کە ئایینیان وەکو میراتێك لە باوانەوە بۆ دەمێنێتەوە و خۆیان جگە لە دروشمە ئایینییەکان و بەجێهێنانی رێنماییەکانی ئایین ئەلفێکی تر لە ئایین نازانن، هەر قسەکردنێکیشیان لەسەر ئایین بە بڤە زانیوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا هەردەم نوخبەیەك هەبووە کە قسەیان لەسەر ئایین کردووە و هەوڵیانداوە بەشێوەی بابەتیانە و دوور لە ترس قسەی خۆیان لەسەر ئایین بکەن.

ئەم دیالۆگانەی ئێرە کۆمەڵێ قسەکردنن لەسەر ئایین کە رەنگە تا رادەیەك بیروبۆچوونی نوێ بن. ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لەو تەقلیدە دەرچین کە ئایین بە میرات بۆمان بمێنێتەوە، پێویستمان بەوەیە خوێندنەوەی نوێ و جیاوازمان هەبێت بۆ ئایین و دەقەکان و لەگەڵ سەردەمدا بڕۆین.

**سەنگەر زراری**

**٢٠٠٧/١/٢٠**

**هەولێر**



# هەموو مرۆڤێك مافی تەفسیرکردنی قورئانی هەیە ئەگەر موسوڵمانیش نەبێت

## گفتوگۆ لەگەڵ شێخ محەمەد حوسێن فەزلوڵڵا

شێخ "محەمەد حوسێن فەزلوڵڵا" بەیەکێك لەو سیمبولە ئیسلامییە دیار و زانا عەرەبییانە دادەنرێ کە تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو مەرجەعێکی تەقلیدی و سیاسی و چاکسازی و کۆمەڵایەتییە و بیرمەندو ئەدیبە، بەخاوەنی ئاسۆیەکی فراوان و کەسێکی کراوەو هاوچەرخ و دوور لەو توندوتیژییە ناسراوەکە زۆرێك لە مەرجەع و بزوتنەوە ئیسلامییەکان پێی دەناسرێن، بەمەش بۆتە گۆشەیەك بۆ گۆڕینەوەی راو رای بەرامبەر. لەم چاوپێکەوتنەدا گفتوگۆ لەسەر چەمکی (دەقی دینی) و خوێندنەوە هاوچەرخەکان بۆ ئەم چەمکە و چەمکی "مێژووگەرێتی" کراوە.

*** چۆن دەڕواننە (دەقی دینی)؟ سنوورەکانی ئەم دەقە و مەودای تێکئالآن و تێکبەستنی لەگەڵ ژینگەی دەرەوە چەندە؟ ئایا ئەم دەقە بەرهەمێکی**

**(پاك)ی ئیلاهییه یان هۆكاری ژینگەیی كاری تێدەكات؟**

– كـاتیٚ سـەرنج دەدەینـە وشـەی (دەقـی دیـنی) و لیٚـی دەكۆڵینـەوە دەبـیٚ لەچوارچـێوە دینییەكەیـدا دەستنیشـانی بكـەین كـە پەیوەسـتە بەحەقیقـەتی ئیلاهی، دەقی دینی (قورئان)ە، ئەویش چونكە كتێبی خوایە هیچ خراپـەكاری و نەنگییەكی لێوە نایەت، هەروەها (دەقـی دیـنی) راسـتییەكانی فـەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) و لـە بیروبـاوەڕی شیعەشـدا وتـەی ئیمامـەكان دەگەیـەنیٚ كـە پێیانوایە وتەی پێغەمبەری خوان، وەكو لە قسـەی ئیمـامی جەعفـەری سـادق بەدیار دەكەویٚ (قسەی من قسەی باوكمە، قسـەی باوكیشـم قسـەی باپیرمـە، قسەی باپیریشم قسەی پێغەمبەرە).

كاتیٚ لەبەرامبەر قورئان دەوەستین وەكو دەقێكی دینی شـتێكی ئاسـاییە كـە لەوشەدا بەدەقێكی ئیلاهی دابنێین، خوا ئەم قورئانەی ناردووەو پێغەمبەریش بــە مەعریفەیــەكی بــیٚ هەڵــەو كــەموكوڕی وەریگرتــووە، كــاتیٚ لــەم دەقــە دەكۆڵینەوە، نابیٚ بەمشێوەیە لێكی بدەینەوە كە ملكەچی بكـەین بـۆ واقیعـی دەرەكــی و كاریگەرییــەكانی، واتــا بڵــێین ئــەم دەقــە كاریگــەری واقیعــی دەوروبەری لەسەرە، چونكە (قسەكەر) لێرەدا (خوداوەند)ە و ملكەچ نابێت بۆ (ژینگە)، لەبەر ئەوەی خۆی (خوڵقێنەر)و (پەروەردگار)ی ژینگەیە نەك بەشێك بێت لیٚی، لەم لایەنەوە (قورئان) هیچ پەیوەندی بەژینگەی دەرەكییەوە نییـە، بەڵام لەوانەیە رووبەڕووی بازنەیەكی دیكە ببینەوە ئەویش ئەوەیـە كـە دەقـی قورئانی بۆ چارەسەركردنی واقیعی دەرەكی دابـەزیوە، چـونكە ئـەو بەهایـەی قورئان هەیەتی و لەكتێبە ئاسمانییەكانی دیكـەی جیـا دەكاتـەوە ئەوەیـە كـە قورئان كتێبێكە بۆ بزاوت و جولانەوەی پێغەمبەرێتی هاتووە، بەو پێیـەی كـە

بـۆ ئـەوە دابـەزیوە چارەسـەی کێشـەکانی ئـەم جولانەوەیـە بکـات و ڕێگـەو شـێوازەکانی دیاربکـات و ڕەخنــە لــە هــەنگاوەکانی بگرێـت بـۆ ئـەوەی دڵـی پێغەمبەر ڕاگیر بکات بەرامبەر ئـەو کۆسـپ وئـاڵۆزی و گرێیانـەی دێنـەپێش و دڵی ئەو کەسانەش ڕابگرێت کە ئیمانیان هێناوە. کاتێ دەشـگوترێ (قورئـان) پەیوەنـدی بـە (ژینگـەی دەرەکی)یـەوە هەیـە، لەبـەر ئەوەیـە کـە ژینگـەی دەرەکــی (بابــەت)ی قورئــان خۆیــەتی، شــتێکی ئاساییشــە هــەر دەقێـك چارەسەری بابەتێك بکات لەناو موفرەداتەکانی ئەو بابەتەدا بجولێتەوەو ئـیش بکات. مەسەلەی (کاریگەربوون) بەواقیعی دەرەکی هیچکات ملکەچ نابێت بـۆ پێگـەکانی پـەیڤ (الکـلام)، چـونکە (وتـە) بـۆ ئـەوە دابـەزیوە کـە (ڕاسـتیی) بەواقعی دەرەکی ببەخشێت و لەخراپەکاری بیپارێزێت.

سەبارەت بە سـنووری ئـەم دەقـەو چوارچـێوەی واقعـی دەرەکـی، لەسـەرمان پێویستە لەمیانەی (سەرچاوە)کەیەوە (مەبەسـت سەرچـاوەی دەقەکەیـە) لـە سروشتی دەقەکە بکۆڵینەوە، ئایا ئـەم دەقـە چارەسـەری واقعێکـی دەرەکـی دەکـات بـۆ ئـەوەی لەچوارچـێوەی ئـەم واقیعـەدا بمێنێتـەوەو نەپەڕێتـەوە واقیعێکی دی؟ یان چی؟ .. من لەو باوەڕەدام کە (قورئان) بۆ ئەوە دابـەزیوە کـە ببێتـە کتـێبی خـودا لەهـەموو ژیانـدا ئـەویش لەمیانـەی هێلـی گشـتگیری (ئیسـلام) لـە شـوێنگەی (موقـع)ی پێغەمبـەر (د.خ) (ومـا ارسـلناك الا رحمـة للعالمین- ئێمە بە ڕەحمەت تۆمان بۆ سەر جیهان ناردووە).

قورئان بەتایبەت بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو دانەبەزیوە، بۆیەش لێرەدا سەرچاوە (پێگە- منطلق)ە نەك (ڕووبەر- مساحة) لەناوەڕۆکی وتەکانی ئیمام محەمـەد بـاقردا هـاتووە (ئەگـەر قورئـان بـۆ سـەر تاکـە نەتەوەیـەك دابـەزیبا و ئـەم

نەتەوەیە لەناوچووبان و برۆیشتبان، قورئـانیش دەمـرد و دەسـڕایەوە، بـەلاّم ئێستا وەك رۆژ و مانگ بەردەوام دەبێت و نامرێت).

*** قورئــان لــە زۆرێــك لــە بابەتەكانیــدا حیكایــەتی نەتــەوە پێشــینەكان دەگێڕێتەوە، كاتێ ئیسلامیش هات سوودی لە ئەزموونە بەشەرییەكانی پێش خۆی وەرگرت و هەندێ دابونەریتی سەردەمی نەزانی پەسند كرد، هەروەها لە زانســتی تەفسیریشــدا (هــۆی دابــەزین) و (ناســخ و مەنســوخ) لــە ئایــەت و حوكمەكاندا هەیە، ئایا ئەمە بەڵگەی هــەبوونی تێكــەڵاوی و نزیكایــەتی نییــە لەنێوان (ژینگە)و (دەقی قورئانی)دا؟**

– با ئەو خالاّنەی تۆ لە پرسیارەكەتدا باست كـردن یەكـە بەیەكـە وەربگـرین، كـاتێ باسـی چـیرۆكی نەتــەوە پێشـینەكان دەكـەین، ئـەوا قورئـان بـاس لـە جولاّنــەوەی ئەزموونــەكان دەكـات بـۆ پێشكەشـكردن و بەخشـینی بیرۆكـەی تێپەڕاندنی ئەزموونەكان، ئەمەش بەواتای وەرگرتنی پەند و ئامۆژگارییە (لقـد كان في قصصهم عبرة لأولي الألباب –بەڕاستی باسی بەسـەرهاتی پێغەمبـەران و نەتەوەكانیان چەندین پەند و عیبرەتـی تێدایـە بـۆ ئـەو كەسـانەی خـاوەنی بیروهۆشن).

قورئان وێنای ژینگەی كردووە، بەلاّم ملكەچی بارودۆخـەكانی ژینگـە نـەبووە، بەڵكو ویسـتوویەتی ئـەو ئەزموونـەی لـە چـەند كەسـێكی دیـاریكراو و شـوێنی دیاریكراو ماوەتەوە درێژە پێبـدات، تـاوەكو ئـەوەی لـە ژیـان ماوەتـەوە لێـی وەربگرێـت و ئــەوەی مـردووەو لــەناویش چـووە بــەجێی بێڵــێ بـۆ مێــژوو و یادەوەری، بۆیەش جیاوازی هەیە لەنێوان (پەندوەرگرتن) و (یـادەوەری) یـان (وەیادهێنانەوە)دا.

دەربارەی (ناسخ و مەنسوخ)یش ئەوە پەیوەندی بەجوڵەی (تەشریعدانان)ەوە هەیە، خودا لە دەرئەنجامی ئەو پێویستییانەی کە هەر شوێنێك دەیەوێت حوكمی داناوەو دەیكاتە بەرژەوەندییەكی دیاریكراو بەپێی ئەو پێویستییانەی سەردەمەكە دەیەوێت، هەر وەكو مەسەلەی هاوسەرگیرێتی منداڵەكانی ئادەم لەگەڵ خاڵەكانیاندا. ئێمە لە قورئانەوە ئەوەمان پێدەگات كە هاوسەرگیری لەنێوان هەمان چەشن و جۆرەكانی مرۆڤایەتی دەبێت (یا أیهاالناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها و بث منهما رجالا كثيرا و نساء – سورة النساء ئایەتی – ١).

ئەی خەڵكینە لە خودای خۆتان بترسێن كە ئێوەی خوڵقاندووە لە یەك جەستەو هەر لەو جەستەیەش هاوسەرەكەی دروستكردووە لەوانیشدا گەلێك پیاو و ئافرەتی خولقاندووە و بەسەر زەویدا پەرش و بڵاوی كردوونەتەوە).

وەكو لە ئیمامی عەلی كوڕی حوسێن زەینولعابدین و ئیمامی عەلی كوڕی موسا رەزاش دەگێڕنەوە كە هاوسەرگیری لەنێوان كۆرپەیەكی ئێرەو كۆرپەیەكی ئەوێی منداڵەكانی ئادەم دروستبووە لەوانەی كە (حەوا) لەسكی خۆیدا هەڵیگرتوون، پاشان كە بەشەر زیاد بوون (بەئافرەت و پیاوەوە) ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە حەرام كراوە، هەروەها لە قورئاندا ئەوە دەخوێنینەوە كاتێ خودا باسی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) دەكات و دەفەرمووێ (و لأحل لكم بعض الذي حرم علیكم– سورەتی ئال عمران ئایەتی ٥٠– بۆ ئەوەی هەندێ لەو شتانەی لەسەرتان حەرامكراوە بۆتانی حەڵاڵ بكەم).

بۆیە لێرەوە (نەسخ) لە دەرئەنجامی ملكەچییەوە بۆ (ژینگە) نابێت.

*** بەڵام ئەگەر مەسەلەی حەرامکردنی (مەی) وەربگرین دەبینین پلە بەپلە بووە نەك بەیەكجار، كەواتە بەپێی پەرەسەندنی جوڵانەوەی ژینگە (وەحی) دابەزیوە و تەشریع لەگەڵیدا ڕۆیشتووە؟**

– لە ئیمامەكانی ئەهلی بەیتی پێغەمبەرەوە ئەوەمان پێ دەگات كە پێغەمبەر هەر لەگەڵ ساتی هاتنییەوە، (مەی) حەرامكردووە، بەڵام لێرەدا پرسەكە دەربارەی راستێتی ئەو فەرموودانەیە، كە دەربارەی پلە بەپلەی حەرامكردنی مەی هاتووەو ئێمە گفتوگۆ دەربارەی راستێتی ئەو فەرموودانە دەكەین، ئەو فەرموودانە باسی پلە بەپلەی تەشریع دەكەن، بەهەمان ئەو شێوەیە كە باسی پلەبەندیی لە تەشریع و حوكمدانانـدا هەیە، ئەمەش لەبەر كاریگەربوون بەژینگەوە نییە، بەڵكو بۆ لەبەرچاوگرتنی توانای ژینگەیە لە وەرگرتنی ئەم نامەیە، هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت (و قال الذین كفروا لولا نزل علیه القرآن جملة واحدة كذلك لنثبت به فؤادك– سورەتی الفرقان ئایەتی ٣٢– كافرەكان گوتیان بۆچی هەموو قورئان بەیەكجار نەهاتۆتە خوارەوە، خوداش بە پێغەمبەرەكەی (د.خ) فەرموو ئێمە هەر جارەی بەشێكیت بۆ دەنێرین تاكو دڵت جێگیر و قایم بكەین).

بەڵام مەسەلەی ئەوەی كە قورئان هەندێ شتی پەسەند كردووە لەوانەی لە سەردەمی نەزانیدا هەبوونە، ئەوە ئێمە لەمیانەی لێكۆڵینەوەمان لەو موفرەداتانە دەبینین كە قورئان داب و نەریتەكانی سەردەمی(نەزانی) پەسەند نەكردووە، بەڵكو ئەم دابونەریتانە درێژكراوەی نامەكانی پێشتری سەردەمی ئیبراهیمی و ئەوانی دیكە بوون، هەرچی هۆكارەكانی دابەزینە ئەوا من زۆربەیانم لێكداوەتەوەو خستوومنەتە بەر باس، لەوانەیە لە چاپی سێیەمی

تەفسیرەکەمدا (وحی القرآن) دەرکەوێت، لەوێدا گفتوگۆی زۆربەیانم کردووە و بۆم دەرکەوتووە کە لاوازن، ئەوەی راستیشن ئەوە دەگەیەنن کە بۆنەکەیان تەنها (پێگە)یەك بووە، نەك (بنچینەی) سەرەکی، بۆنموونە کاتێ باسی کێشەی (بوختان) دەکرێت، ئەوە کێشەیەکی تایبەتییەو بۆ چارەسەرکردنی، پێغەمبەر چاوەڕێی وەحی دەکات، وەحیش دابەزی و لە چوارچێوە تایبەتییەکەی خۆیدا کێشەکەی چارەسەر کرد، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بیرۆکەیەکی گشتی پێشکەش کرد.

*** کەواتە تا چەند دەتوانین باس لە (مێژووگەرێتی) دەقی قورئانی بکەین؟**

– سەرەتا دەبێ ئەوە دیاربکەین کە مەبەستمان لە (مێژووگەرێتی) چییە؟ ئەگەر مەبەست ئەوەبێت کە قورئان ملکەچی بزاوتی مێژووەو مێژوو کاریگەری لەسەر بەجێهێشتووەو لەمێژووەوە دەرچووە ئەمە راست نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستمان ئەوەبێ کە قورئان رەچاوی بزاوتی مێژوو دەکات لە دیارکردنی ئەو ئایەتانەی چارەسەری واقعێکی مێژوویی دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە ئەو پێگەو بۆنەیەی کە هێڵێکی گشتی لێوە دەردەچێت، ئەمە راستە، سەبارەت بەسوننەتی شەریفیش شتەکە بەهەمان شێوەیە.

*** رەنگە زۆرێك لە ئیشکالەکانی دەقی قورئانی بەریەك نەکەون، یان نەگونجانیان تێدانەکەوێت، بەوپێیەی کە خودا دەیپارێزێت و قسەی خۆیەتی، بەپێچەوانەی دەقەکانی پێغەمبەرەوە کە بەهۆی زۆری دانەر (گێڕەرەوە)کانی کۆسپ و تەگەرەی زۆری تێدەکەوێت، هەروەها بوونی پێغەمبەر کە خۆی کێشە رۆژانەیی و بچووکەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد، هەروەها نووسینەوەی دەقەکانیش لەنێو خەڵکدا بەشێوەی جیاواز بووە، سەرەڕای**

**ئەوەش کۆمەڵێك فەرمووده هەن کە تەنها بە (مانا) گێڕدراونەتەوە نەك بە گوتەی دەقاودەق، چۆن ئەم هەموو ئاڵۆزییە چارەسەر دەکرێت؟**

باسی دەقمانکرد کە لەڕووی ناوەرۆك و وشەوە سەرچاوەکەی خودای پایەبەرزو بێهاوتایە، بەم پێیەش لەراستی دەرکەوتنەکەی دڵنیاین، واتا لە دەرکەوتنی ئەم دەقانەدا بەڵگەکە سەلمێنراوەو یەکلایی بۆتەوە یان نیمچە سەلمێنراوە، ئەوەی رووبەڕووی هەندێ موفرەداتەکانی پرسیارەکە دەبێتەوە، ئەوەیە کە پێغەمبەر رۆژانە قسەی دەکرد، ئاسایشە کە شتی رۆژانە لەمیانەی موفرەداتی بەش بەش و پەیوەنددار بەبارودۆخ و کەسەکان دەجووڵێنەوە، لێرەوە ئەم بزاوتی رۆژانەییە مانای درێژکردنەوەی مێژوویی ناگەیەنێ، بەو مانایەی کە لە مەودای (زەمەن)ێکی دیاریکراو و (واقیع)ێکی دیاریکراو دەجووڵێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش دەڵێین: پێغەمبەر بەسیفەتی پێغەمبەرێتی قسەی لە موفرەداتەکان دەکرد و چارەسەرکردنەکانیشی جێبەجێکردنی بنەمای ئیلاهی گشتی بوون، ئەو باسی بنەمای موفرەداتەکانی دەکرد لە چوارچێوەی بەشەکیدا بۆ ئەوەی لەو کاتەدا خەڵك لە بنەمای گشتی دەرباز بکات، رەنگە ئەمەش زۆرێك لەو وشانەی پێ تەفسیر بکرێت کە لە ئەهلی بەیتەوە هاتوون، لەکاتی تەفسیرکردنی قورئان بە فەرمووده، هەروەکو عەلامە تەباتەبائی خاوەنی تەفسیری (میزان) دەڵێت: ئەمە پەیوەستە بەبابەتی (لەگەڵ رۆیشتن) واتە بابەتی (جێبەجێکردن) وەکو ئەوە وایە کە ئایەتەکان باس لە هێڵێك بکەن و پێغەمبەریش ئەم هێڵە گشتییە بەسەر ئەو واقیعەدا جێبەجێ بکات کە تیایدا دەژی، بۆیە سیفەتی پێغەمبەرێتی، ئەوە دەسەپێنێ کە ئەوەی لە پێغەمبەردا هەیە لە قسەو کردار و بڕیارەکانی دەبن

بە سوننەت (لەسەریشی پێویستە کە واقیع نەکاتە هەموو کێشەو مەسەلەیەك، بەڵکو دەبێ بیکاتە پێگەیەك بۆ کێشەکان.

بەڵام سەبارەت بەدانان و دانەرەکان و (گێڕانەوە بەمانا) ئەوە لێرەدا بەوەوە بەندە کە ئایا ئەم دەقانە لەلایەن پێغەمبەرەوە هاتوون یان نا، ئاساییە کە ئەم فەرموودانە بخەینە بەر ڕۆشناییەکی زۆر وردبینانەو بەم پێیەش وەکو یەدەك بۆ کارەکانی دابنێین، چونکە مەسەلەکە پەیوەستە بە دەقی نائاسایی، بەمشێوەیەش ئەگەر زانیمان نەقلەکە بەمانایە" واتا تەنها مانای فەرموودەکە بۆ ئێمە گواستراوەتەوە دەبێ بزانین (گێڕەرەوە)کە مانایەکە تەواو دەگەیەنێت یان نا، لەگەڵ دروستبوونی گومان تیایدا رادەوەستین و بەدوای مەزەندەو گریمانەی دیدا دەگەڕێین.

*** ئەو دەقانەی لە پێغەمبەرو ئیمامەکانەوە هاتوون بەشێوە یەکەمین و سەرەتاییەکەی نەگەیشتۆتە ئێمە، بەو مانایەی کە راوبۆچوونی جیاواز لەسەر گوتەو موفرەداتەکان هەیە، تا دەگاتە ئەوەی لە قورئانی پیرۆزیشدا لە رووی (خوێندنەوە) جیاوازی هەیە؟**

– کاتێ لەم (خوێندنەوانە) دەکۆڵینەوە، دەبینین زۆربەیان ئیجتیهادی زمانەوانین و بەبەڵگەیەکی یەکلایی کەرەوەیان دانانێن، هەروەها بەو جۆرە دەستکاری ناکەین کە لەجێگە نەگۆڕەکانی قورئانی دابنێین، هەروەکو ئەو موفرەداتانەی لەم بوارەشدا ناو دەبرێن، توانای کاریگەری گەورەیان لەبواری داهێنان و دۆزینەوەی فیقهیدا نییە.

*** بۆچی نەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی (دایك) کە دەقی قورئانە و هەموو هەوڵەکانی بۆ نەخەینە گەڕ، بەو مانایەی کە دەقی پێغەمبەرێتی بکەینە**

**پاڵپشتێك بۆ دەقی قورئان، نەك بنەمایەكی سەرەكی، هەروەكو د. محەمـەد شــەحرور لەخوێندنــەوە نوێیەكەیــدا بــۆ دەقــی دیــنی ئــەم شــێوازەی پەیڕەوكردووە ؟**

– سەرەتا خودا دەفەرمویٚ (وما أتاكم الرسول فخذوه و ما نهاكم عنه فـانتهوا – سورەتی الحشر ٧– ئەوەی كە پێغەمبەر پێتانی رادەگەیەنیٚ لێی وەربگـرن و جێبــەجێی بكـەن، هەرچـیەكیش كـە لێتـانی قەدەغـە دەكـات و فـەرمانتان پێدەكات خۆتانی لیٚ لادەن و مەیكەن.)

قورئان جەخت لەسەر سوننەت دەكاتەوەو دەیچەسپێنیٚ، مامۆسـتا شـەحرور سەردانی كردم و یەكەم نوسخەی كتـێبی یەكـەمی خـۆی بـەدیاری پێشـكەش كـردم، لەســەر ئـەم بابەتـە گفتوگـۆم لەگەڵـدا كـرد، لـە ئـەزموونی مامۆسـتا شەحروردا هەڵەو كەموكوڕییەكە لەوێدایە كە ئەو ئیجتیهـادی خـۆی خسـتۆتە ژێر كاریگەری تێگەیشتن لە قورئان لەرووی بنەمای زمانەوانییەوە گەڕاوەتەوە بۆ هەندیٚ لێكۆڵەر، هەروەها هەڵەكە لەشێوازو ڕێگـەی تێگەیشـتنی ئەوانـە بـۆ زمــان، ئەمانــەم لەگەڵیــدا باســكرد، هــەروەها ئــەم پیــاوە (شــەحرور) رۆشنبیرییەكی ئەدەبی و هونـەری بـۆ تێگەیشـتنی دەق نییـە، بۆیـە ئـەو لـەو كتێبانەیدا كە هەوڵیداوە ببێتـە فـەقیهێك لـە تێگەیشـتنی قورئـان سـەركەوتوو نـەبووە، چـونكە دوور لـە دەقەكـە جووڵاوەتـەوەو هەوڵیـداوە هەرچـۆنیٚ بـیٚ، لەجیاتی ئەوەی بیروبۆچوونەكانی ملكەچ بكات بۆ دەق، دەق ملكەچ بكات بـۆ بیروبۆچوونەكانی خۆی، ئەمەش هەر ئـەو تەنگوچـەڵەمەیە كـە زۆرێكـی دیكـە تێی كەوتوون لەوانەی پایەندن بەتەسەوف و فەلسەفە و ئەوانـەی كـە خـاوەن بیروبۆچوونی ئەوتۆن كە هەوڵدەدەن لە قورئاندا دەقێك بدۆزنـەوە پاڵپشـتیان

بكــات و هەوڵــدەدەن قورئـــان ملكەچـــى بیروبۆچـــوونەكانیان بكـــەن نـــەك بەپێچەوانەوە.

*** وای نابینی  كە هەندێ لە موفەسیرەكانی قورئان تووشی ئیشكال هاتوون، كاتێ دەقی پێغەمبەرێتی لەسەر دەقی قورئان دەهێنن و كردوویانەتە حـاكم بەسەر قورئاندا؟**

– ئێمە لـەوباوەڕەداین كـە قورئـان (سەرچـاوە)یە، ئەمـەش هـەر ئەوەیـە كـە پێغەمبەرو ئیمامەكان گوتوویانە (هەر قسـەو گووتـەیـەكتان بـۆ هـات لەچـاكەو خراپە لەگەڵ كتێبی خودادا بەراوردی بكەن، ئەوەی لەگەڵ كتـێبی خـودا تـەبا بوو وەریبگرن، ئەوەی كە لەگەڵ كتێبی خودا ناكۆك بوو لایدەن) ئێمە قورئـان بە(بنچینە) دادەنێین و هـەموو قسـەیەكیش كـە لـە پێغەمبـەرو ئـەهلی بەیتـدا گێڕدرابنەوە هـیچ بەهایـەكیان نـابێ ئەگـەر جیـاواز بـن لەگـەڵ كتـێبی خـودا، هــەروەكو ئیمــام جەعفــەری ســادق گوتوویــەتی (ئــەو وتانــەی لەگــەڵ وتــەی خودامان ناكۆك و جیاواز بێت نەمانگووتووە) بەم پێیەش ئێمـە گفتوگـۆی زۆر دەكـەین لەســەر ئــەو شــتانەی  هەنـدێ موفەسـیر هێناویانـە، چـونكە ئـەوان پشتیان بەو فەرموودانە بەستووە كە جێـی بـاوەڕ نـین و بەباشـی لـە سـیمای قورئان نەگەیشتوون، نەك هەر ئـەوە، بـەڵكو هەنـدێ فـەرموودەشمان بینیـوە نــاكۆكی گــەورەیان لەگــەڵ ســیماكانی قورئانــدا هەیــە، بــەم پێیــەش ئێمــە هەسـتدەكەین كـە ئـەو مانایـەی لـە فەرموودەكانـدا هـاتوون هەڵـەن و لەگـەڵ كۆنتێكستی قورئاندا ناتەبان. بۆیە ئێمە گفتوگۆی تەفسیری نـاوەكی (بـاطني) دەكەین و گفتوگۆی ئەوە دەكەین كە هەندێك دەڵـێن قورئـان حـەفتا نـاواخنی هەیەو مەبەستیان ئەوەیە كە قورئان حەفتا مانای هەیە، لەكاتێكدا كە وشـەی

عەرەبی لەمیانەی کۆنتێکستە زمانەوانییەکەیدا مانایەکی دیاریکراوی هەیە.

*** بـەڵام وشـەی عـەرەبی دەلالـەت و نادیـاری و تـەئویلاتی خـۆی هەیـە، قسەیەکیش دەربارەی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب هەیە کە دەڵێت: قورئان هەڵگری چەندین رووە؟**

– تـەئویل و ئـەوەی کـە دەگـوترێ (گوتـە هـەڵگری مانـای جیـاوازە) ئـەوە لەسیمای دەرەکی زمانی عەرەبیدا ملکەچی رێزمـانن سـەبارەت بەمـەجازیش، ئەوا دەبێ بۆنەو ناوەندێك هەبێ بۆ پێکەوە گرێدانی مانـای مـەجازی و مانـای راستەقینە، ئەو گوتانەش کە مانایان جیاوازە لەگەڵ سیمای دەرەکـی دیسـان بۆ ئەوانیش دەبێ پەیوەندییێکی سەلمێنراو لەنێوانیاندا هەبێت، بـەڵام هەرچـی پەیوەستە بە کێشەی ئـەو دەلالەتانـەی کـە ملکـەچ دەبـن بـۆی، ئـەوە ئێمـە ناویان دەنێین ئاماژە (الایحاء)، ئەمەش لەوەوە دێت کە قورئان مانای هەیە و لەهەمان کاتدا ئاسۆی مانا و رەهەندەکانیشی فراوان دەبـن و درێـژ دەبنـەوە، بەڵام زیاتر لە مانایەکی نییە، جیاوازی لـەنێوان (فرەمانـایی) و درێژبوونـەوەو جوڵەی مانا هەیە، بۆیە دەڵێین ئەمە دەقە، بەڵام ماناکانی دەجووڵێن.

*** بەڵام ئەم مانایەو ئەم سنووردارییەی ئاماژەت بـۆ کـردن لای هـیچ کەسـێ نابینرێ تەنها لای خودا نەبێ، یان لای ئەوانەی خودا بۆی روونکردوونەتەوە لە پێغەمبەران و راسپێردراوان؟**

– خودا (مانای نەگۆڕی) بۆ ئێمە نـاردووە بـەو هۆکارانـەی کـە ماناکـانی پـێ دەنێرێ، هیچ شتێك نییە بەناوی(مانای شاراوە) کە خوا لەئێمەی بشـارێتەوەو نەیـەوێ بـۆ ئێمـەی روون بکاتـەوە، هـەروەها سـەبارەت بـەبێگوناهیش ئەمـە راستە (مەبەستی پێغەمبەرە) ئەو ماناکان بەرێگایەکی وا روون دەکاتـەوە کـە

خەڵکی لێی تێبگەن، هەندێ فەرموودە لە لایەن ئیمام حەسەنی عەسکەریدا هاتووە (بەچاوپۆشی لە راستێتی فەرموودەکە، چونکە رووبەڕووی بنەما گشتییەکە دەوەستێتەوە) کە پێی گوتراوە، هەندێك دەڵێن: نوێژ و رۆژو و زەکات بۆ پیاوانن، ئەویش گوتوویەتی خوا بەو جۆرە قسە لەگەڵ بەندەکان ناکات کە لێی تێنەگەن، قورئان بەزمانی عەرەبی روون و پاراو دابەزیوەو خەڵك لە تاریکییەوە بەرەو رووناکی دەبات، پێغەمبەریش کتێب و حیکمەتی فێرکردوون، کەواتە چ نا روونییەك لەو بوارەدا هەیە؟!.

سەبارەت بەم گوتەیەش کە قورئان هەڵگری چەند روویەکە، ئەوە ئیمام عەلی باسی لایەنی جێبەجێکاری قورئان دەکات، نەك بەو مانایەی کە قورئان نامەفهووم بێت، ئەو کێشەیەی لەنێوان ئیمامی عەلی و خەواریجەکاندا هەبوو کێشەی بیرۆکە نەبوو، بەڵکو کێشەی جێبەجێکردن (تطبيق) بوو، هەروەکو دەیانگوت: هیچ حوکمێك نییە جگە لە حوکمی خودا، ئەویش دەیگوت: قسەکانیان راستە، بەڵام مەبەستیان پێی خراپەیە، چونکە ئەمە راستە خوا حوکم دەکات، بەڵام ئایا خوا بەشێوەیەکی راستەوخۆ حوکم دەکات، یان لەرێگەی ئەو مرۆڤانەوە حوکم دەکات کە لە حوکمەکەی تێدەگەن؟.

*** ئایا دەتوانین لە قسەی پێشتری ئیمامی عەلی ئەوە هەڵێنجین و وا دابنێین کە دەقی دینی دەقێکی کراوەیەو فرە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت؟**

– فرە خوێندنەوەی" واتا فرە ئیجتیهادی، ئێمە دژی ئەوە نین، بەڵام ناتوانین بڵێین هەموو ئیجتیهادێك راستە، دەبێ ئیجتیهاد لەگەڵ سروشتی هونەری دەلالەتەکانی دەقەکەدا تەبا بێت، بۆیە دەڵێین دەق بەگوێرەی (وشە) موقەدەس نییە.

*** ئاماژەتان بە لەتواناداهەبوونی فرە خوێندنەوەی بۆ دەقی دینی کرد بەپێی بنەمای زانستی، کەواتــە بۆچــی پیــاوانی ئــایینی خوێندنــەوەی دەقــی دیـنی بۆخۆیان قۆرخ دەکەن، لەکاتێکدا خوێندنەوە زۆرەکانی دیکەی رۆشـنبیرانی دی رەت دەکەنەوە؟**

– ئەم گوتەیە گوتەیەکی نازانستییە، ئێمـە دەڵـێین قورئـان کتـێبی خودایـە و خودا بـەزمانی عـەرەبی و بـەپێی بنـەماکانی ئـەو زمانـە دایبەزانـدووە هـەموو کەسـێکیش کـە رۆشـنبیری و زانیـاری دەربـارەی شـێوەو نـاوەرۆکی زمـانی عەرەبی هەبێت و زانیاری و رۆشنبیری دەربارەی ئەو کێشەو مەسەلانە هەبێت کە قورئان لەو بوارەوە باسیان لێوە دەکات، مافی خۆیەتی لە قورئـان تێبگـات و هـەموو مـرۆڤێکیش مـافی تەفسـیرکردنی قورئـانی هەیـە ئەگـەر موسـڵمانیش نەبێت، هەروەکو مافی ئەوەشیان هەیە کە گفتوگۆی لەسەر بکەن.

*** ئاماژەتان بەپەیوەندی نێوان قورئـان و موفرەداتـە زمانەوانییـەکان کـرد، موفرەداتیش بەپێی کۆنتێکستی زەمەنی و مێژوویی پەرە دەسێنیٚ، زۆر وشە ماناکانیان دەگۆڕێت، مانا کۆنەکانیان دەمرێـت و مانـای نوێیـان لـیٚ بـەدیار دەکەوێت، هەندیٚ موفرەدە هەن دەلالەتەکانیان دەگۆڕێـت، فـراوان دەبـن و بچووک دەبنەوە، تا چەند دەتوانریٚ دەقە دینییەکان بەپێی ئەم پەرەسەندنە زمانەوانییە بخوێندرێنەوە؟**

– لــەم بــوارەدا دوو خــاڵ هــەن، یەکــەمیان ئایــا ئێمــە لــە کــەلتوورێکی چەقبەسـتوودایـن، کـە هـەموو موفەسـیرەکانی قورئـان تیایـدا هەوڵـدەدەن لـە قورئان تێبگەن و لەسەر ئاماژەکانی بەردەوام بن؟ ئەگەر وایە ئێمە ئەوە رەت دەکەینــەوە، چــونکە رۆشــنبیری ئــەو موفەسـیرانە ملکەچـە بـۆ فێربـوونێکی

دیاریکراو و بیرکردنەوەیەکی سنووردارو دەورەدراو بـەبارودۆخی ژینگـە، بۆیـە دەڵێین هەر مرۆڤێکی ئاسایی هیچ پیرۆزییـەکی نییـە. هـەوڵی موجتەهیـدەکان بۆ تەفسیرکردنی قورئان و راسـتکردنەوەی سـوننەت و تێگەیشـتنی ، یـان بـۆ تێگەیشتنی ئیسلام، هیچ پیرۆزییەکی تێدانییە کە بەسەر خەڵکدا بسەپێندرێ، ئەوانەی کە لەدواتریش دێن مافی ئـەوەیان هەیـە بـزانن ئەوانـەی پـێش خۆیـان چییان کردووە، تاکو ئـەو زانیاریانـەی بـۆ زیـاد بکـەن کـە لای ئەوانـەی پـێش خۆیان نـەبووەو دەشـتوانن بەرێگـەو شـێوازی دیکـە لـە قورئـان و سـوننەت و ئیسلام تێبگەن، دەتوانین دەق بەو شێوەیە بخوێنینەوە وەکـو ئـەوەی کـەس نەیخوێندبێتەوە، چونکە تێگەیشتنی هیچ کەسێك بۆ ئێمە بەڵگە نییە.

دووەم: قوتابخانـەکانی تێگەیشـتنی دەق پـەرەیان سـەندووە، قوتابخانەیـەك لەلایەك گەشە دەکات و هەوڵدەدات شتێکی نوێ لـە دەقـدا بڵێـت، لـە لایـەکی دیکــە دەڵێــت پێویســتە دەق لــە رووی تێگەیشــتنەوە لــە چوارچــێوەی بارودۆخێکی زەمەنی دابنێین، بەو مانایەی قوتابخانـە نوێیـەکان ئەگـەر بڕیـار بدەن کە هەڵەیەك هەیە لەشێوازی تێگەیشتنی ئێمـە ئـەو کـات دەتـوانین لێـی بکۆڵینەوە، بەڵام ئەگەر ئەو میتۆدانە تەنها ئیجتیهاد بوون و جەختیان لەسـەر پێویسـتی تێگەیشـتن بـەو رێگایـە دەکـردەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا تێبـینی دەسکەوتە نوێیەکانی مرۆڤیان دەکرد لەو قوتابخانەو رێبازە دیارکراوانەی کـە بنەماکانیان دەگۆڕێ بۆ هەندێ زاراوە و کۆد و لەسـەری رێکدەکـەوتن، وەکـو شـێوازێك بـۆ دوان و تێگەیشـتن و لەپێشـتردا ئـەم شـێوازە نـەبووە و لەلایـەن پێشینینەکانەوە گفتوگۆی لەسەر نەکراوە بـەمجۆرە ئێمـەش نـاتوانین بەسـەر دەقدا بیسەپێنین.

*** وای نابینی کە ئەوەی گوتتان لەگەڵ "بەردەوامییێتی" و "نازەمەنی" بوونی دەقی دینی ناکۆك و ناتەبایە؟**

– لە تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ دەق جیاوازی هەیە لەنێوان ڕێگەو شـێوازی دەق و ناوەڕۆکی دەق، ئێمە دەڵێین ناوەڕۆکی دەق وەکو شەووڕۆژ درێـژ دەبێتـەوە، چونکە هێڵێکی گشتی بەبیرۆکەکـە دەبەخشـێت و لەگـەڵ هـەموو زەمەنەکانـدا لەناو موفرەداتـەکان دەجووڵێنـەوە، بـەڵام ئـەو قوتابخانـەو ڕێبازانـە لـەڕێگاو شێوازی تێگەیشتن بۆ دەق نوێن و ئێمە لەسـەرمانە لێیـان بکۆڵینـەوە، ئەگـەر هیچ شتێکمان لە دۆزینەوەی نوێکانی ئەوانـەدا بینییـەوە دەتـوانین سـوودیان لێـوەربگرین، چـونکە ئێمـە بـەمجۆرە هەڵـە و کەموکوڕییـەکانی خۆمـان لـە تێگەیشـتنی دەقـدا دەدۆزینـەوە، لەبـەر ئـەوەی تێگەیشـتن هەمیشـە لـە بازنەیـەکی کـەلتووری دیـاریکراودا چەقدەبەسـتێت، بـەپێی دۆزینەوەکـەی ئێمەش ئـەو میتـۆدە نوێیانـە شـێوازو بنـەمای نوێیـان بـۆ خوێندنـەوەی دەق پێشکەشکردووین و ئەگەر خەڵکی پێشتریش بیانزانیبـا بەشـێوازێکی دیکـە لـە دەق تێدەگەیشتن.

*** لـەکاتی ئیشـکردن و لێکۆڵینـەوەمان لـە دەقـی دینیـدا، تـا چ مەودایـەك پێویستە پابەند بین بە (پیرۆزی) ئەم دەقە؟**

– کاتێ دەمانەوێ لە قورئان تێبگەین، بەو شێوەیە لێی تێدەگەین کە گوتـەی عەرەبییەو ڕوون و ئاشکرایە، بەچاوپۆشی لەوەی کە سەرچـاوەکەی خودایـە، بۆیە ملکەچی دەکەین بۆ ڕێزمانی عـەرەبی و بنـەما زمانەوانییـەکانی، چـونکە خودا بەزمانی عەرەبی لەگەڵماندا دەدوێت.

*** چـۆن لـەنێو بازنـەی کـارو فرمانـەکانی تێگەیشـتنی عـەقڵی بـۆ دەق**

دەسووڕێنەوە؟

– کارو فرمانـەکانی عـەقڵ بـۆ تێگەیشـتنی دەق دوو مانـای هەیـە، جارێکیـان بەمانای ئەو کەلتووره دێت کە عەقڵ توانیویەتی لەڕێگای لێکۆڵینەوەی دەقـدا بەدەسـتی بێنێـت، ئەمــەش شـتێکی زۆر ئاسـاییە، چـونکە خــەڵك بــەهۆی عەقڵەوە تێدەگەن.

لەلایەکی دیکەوە مەسـەلەکە بـەجۆرێکی دی لێکدەدرێتـەوە ئـەوە کـاتێ دەق مانا لـەخۆ دەگرێت و دەلالـەت لـەو مانایـە دەکـات کـە ئێمـەش دێـین لەگـەڵ عەقڵدا بەراوردی دەکەین. لێرەدا مەبەست لە عەقڵ، عەقڵی سـەلمێنراوە نـەك عەقڵێك کە لەنێوان چەند خوێندنەوەیەکی دیاریکراو و کەمدا گەشەی کردبێت، چونکە بەهای ئەم عەقڵە لەبەهای زۆری و کەمی خوێندنەوەکانیدایـە، گریمـان کـە دەق لـەرووی سـیمای دەرەکییـەوە لەگـەڵ حـوکمی عـەقڵی سـەلمێندراو ناکۆکـە ئێمـە ئـەوە وەکـو پەیوەندییـەك و نێوەنـدێك دادەنـێین و دەق لــە بەرژەوەنـدیی حـوکمی عـەقڵی سـەلمێندراودا راڤـە دەکـەین، لێرەشـەوە ئـەو ئایەتانـەمان راڤـەکردووە کـە دەلالـەت لـە جـەبر و بەرجەسـتەبوونی خـودا و توانای بینـینی لـە رۆژی دواییـدا دەکـەن، لەوەشـدا کـە باوەڕمـان وایـە ئەمـە لەگەڵ عەقڵدا ناکۆکە، پێویستە چەمکی عەقڵ دیاربکەین، چونکە ئێمە عەقڵی خۆڕسك و عەقڵی رۆشنبیرمان هەیە، ئەگەر ئەم دەربڕینە راست بێ.

*** بەڕای ئێوە کامەیان حاکمە بەسەر ئەویدیدا عەقڵ یا نەقل؟**

– عەقڵ بەسەر نەقلدا حوکم دەکات، ئەگەر نەقل نـاکۆك بـوو لەگـەڵ عەقڵـدا، لای ئێمـە هەنـدێك قسـە و گوتـە گێڕدراونەتـەوە بـەو شـێوەیەی کـە عـەقڵ، پێغەمبـــەرە لـــەناوەوەدا، پێغەمبـــەریش عەقڵـــە لـــە دەرەوەدا، هـــەروەها

پێغەمبەریش عەقڵە بۆیە ئەم دووانە لەیەکتر جیا ناکرێنەوە.

**سەرنج:**

بۆ ناوی سورەت و ژمارەی ئایەتەکان و پوختەی ماناکانیان سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە:

بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم – تەفسیری گوڵشەن/تەفسیرکردنی : نیزامەدین عەبدولحەمید– چاپی یەکەم ٢٠٠٤

**سەرچاوە:**

مجلة النهج –عدد ٧٢– صيف ٢٠٠١، ص٨٣٢ –٦٤٢ اجريَ الحوار – حسن المصطفى



# ئیسلام و نوێکردنەوەی فیکری سیاسی ئیسلامی

## گفتوگۆ لەگەڵ شێخ محەمەد حوسێن فەزلوڵڵا

*** بالەم گوتەیەی تۆوە دەست پێبکەین کە دەڵێیت: "ئێمە بە جۆرێك نوقمی سیاسەت بوینە کە خودامان لەبیرچۆتەوەو لەسەرمان پێویستە نوێژێکی بەبزاوت و و ڕۆژووێکی بە بزاوت بگەڕێنینەوە" ئەم گوتەیە چ مانایەك دەگەیەنێ؟**

– ئەم تێبینییە، وردبوونەوەیە لە لێکۆڵینەوەی (بزووتنەوەئیسلامییەکان) و لەوانەیە هەندێکیش لە (عەلمانی) و (ناسۆنالیستەکان) بگرێتەوە، ئەویش بەهۆی نقومبوونییان لە سیاسەتێکی (بەکاربردراو) بە شێوازێك کە لە بنەما فیکریەکانیان دایاندەبڕێت، ئەو بنەمایانەی بە جۆرێك هێڵی فیکری بۆ مرۆڤ دادەڕێژن کە تیشك دەخەنە سەر هێڵەکانی کارکردن لە ئاگایی موفرەداتی سیاسی، یان جولآنەوە لە

کایەکانیدا، بەتایبەتیش کە گۆڕەپانی گشتی ناوچەی عەرەبی، لە جیاتی ئەوەی ببێتە ناوچەیەك بۆ بزووتنەوەیەکی (بەرهەمهێن)، لە دەرگای (بەکاربردن)ەوە چۆتە ناو سیاسەت، بۆیە لە زۆربەی شێوەکانیدا لە جیاتی ئەوەی ببێتە (بزووتنەوەیەکی ئایندەخوازی) ئەوتۆ کە سەلبیات و ئیجابیات لێرەو لەوێ بەمەسەلە سیاسییەکان ببەخشێت، بۆتە دروشمێك و دەیەوێت خەڵکی لە رێگای غەریزەکانییەوە بۆ خۆی رابکێشێت. بۆیە من وابیردەکەمەوە کە تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەو واقیعەی تێیدا دەژین، لە ناویدا (تایبەت) تێکەڵ بە (گشتی) دەبێت و (ناوچەیی) تێکەڵ بە (هەرێمایەتی) و (نێودەوڵەتی) دەبێت، پێویستە ئەمە گشتگیر بکرێت، هەروەها دووربخرێتەوە لە پارچە پارچەبوون، ئەگەر ویستمان لە پرسی سیاسی بکۆڵینەوە، واتە بمانەوێ دوور لە کەلتوور و کۆمەڵایەتی و ئابووری پەیڕەوی سیاسەت بکەین، ئەوە ناگەینە هیچ چارەسەرێکی سیاسی بۆ واقیع، یان ناتوانین لەم بوارەدا لە واقیعی سیاسی تێبگەین، چونکە کاتێ سیاسەت لە هەر شوێنگە(موقع)ێکی ئەم جیهانەدا هەڵقوڵێت، ئەوە پەیوەست دەبێت بە ریشە راستەقینەکانی جوڵانەوەی مرۆڤ و ژیان.

*** بەڵام تۆ زۆرجار لە وتارو نووسینەکانتدا، بانگەشەی تێکەڵبوون و چوونە ناو ژیانی سیاسی دەکەیت، ئایا ئەمە لە بیرو بۆچوونەکانی تۆدا وەکو دژایەتی و جیاوازییەك دەرناکەوێت؟**

—نەخێر.. ئەگەر لەسەر بنەمای پابەندبوون بەبزووتنەوەکەت بچیتە ناو ژیانی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا، ئەوا دەبێ تۆ هەموو موفرەداتەکانی ئەم بزووتنەوەیە کۆبکەیتەوە. کاتێ تۆ لە کۆمەڵگایەکی دەشتەکی یان

شارســـتانيدا دەژی، ئـــەوا سروشـــتی چـــەمکی سیاســـی لـــەرووی هـــەڵقوڵانی فیکرەکەو و سروشتی خستنەڕوو و رەچاوکردنی دۆخەکە، لـە شـوێنگەیەکەوە بۆ شوێنگەیەکی دی جیاوازە.

سیاسەت تەنها هەڵوێستێك نییـە بـۆ رەفزکردنـەوەی داگیرکـاری و زوڵـم، بەڵکو تۆ هەردەبێ وەکو هۆکـارێکی کـەلتووری چارەسـەری پرسـی داگیرکـەر بکەیت کـە گوتـاری سیاسـی لـەناو ئـەم هۆکـارە کەلتووریـەدا بـۆ ئـەم مرۆڤـە دەبێتە گوتارێك، رەگەزە زیندووەکانی پرسـی داگیرکـەر کۆدەکاتـەوەو وەکـو ئامرازێـك بـەکاریان دەهێنێـت، بـۆ ئـەوەی بزانـێ چـۆن وزەی خـۆی لـە رەفزکردنەوەو رووبەرووبوونەوەدا بەکاردەهێنێ.

*** ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو قسانەی تۆ دەیانخەیتەروو بزووتنەوەو حزبە ئیسلامییەکان پێی پابەندبن؟**

– من ناتوانم بەشێوەیەکی گشتی باسـی سـلبیات و ئیجابیاتـەکان بکـەم، بەڵام لەو باوەڕەدام کە کێشەی حزبە ئیسلامییەکان تابەوانەش دەگات کـە لـە دەسپێشـخەری و رووبەووبوونەوەکانیانـدا سـەرکەوتوون، تـا ئێسـتاش لـە نەخۆشـی پـەنجاکانی سیاسـەتدا دەژیـن و تووشـی هەڵچـوونێکی قـووڵی پەیڕەوکردنی سیاسەت بووینە، بەوپێیەی کـە لایـەنی سیاسـی لـە پەیوەنـدی نێـوان (سـەرکردایەتی) و (بنکـە)وە، گـۆڕا بـۆ حاڵـەتی دروشمئـامێز، تـەنها جەماوەریان بۆخۆیان رادەکێشا نەك ئەوەی کە رۆشنبیریان بکەن، لەپێشترین تێبینیش لەم بوارەدا ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە راپرسییەکی مەیـدانی لـە بنکـەی جەماوەرییدا ئەنجام بدەین، چ لەناو حزبە ئیسلامییەکان بێ یـان لـەناو حزبـە عەلمانییەکان، ئەوانەی لەگەڵ سەرکردەکانیان رەفزی داگیرکەرو واقیعـی زاڵـم

و ئەو شتانە دەکەنەوە، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین کە هیچ کەلتوورێکیان نییە لەناویدا جوڵەبکەن، با پرۆسەی راپرسیکردن لەسەر پرسی رووبەرووبوونەوەی ئیسرائیل ئەنجام بدرێت لە لایەن هەموو حزبە عەرەبی و ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان، ئایا رێژەی ئەو بنکە جەماوەرییە چەندە کە لە پرسی کەلتووریی ئیسرائیلی شارەزان، قسەیەکی گشتی هەیە کە دەگوترێ "ئیسرائیل وڵاتێکی داگیرکەرەو چاوی بڕیوەتە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانێتییەك لەنێوان ئەو و ئەمەریکادا هەیە"، بەڵام میکانیزم و شێوازو ئاسۆیەك و ئەوەی کە چۆن بتوانین لە ئەزموونێکی سەرکەوتووەوە بەرەو ئەزموونێکی تری سەرکەوتوو بچین؟ یان چۆن دەتوانین لە رەگەزەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەو پرۆسەیە تێبگەین؟ ئەوا لەمبارەیەوە هیچ شتێك لە ئارادا نییە. پرسی سەرکەوتنی تۆ لە شوێنگەیەکدا حاڵەتێکی غەیبی نییە. بەڵکو لەلایەك پەیوەستە بەوەی کە تۆ بەهۆی هەوڵ و کۆششی خۆت پێیدەگەیت و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بە زروف و بابەتێتی دەوروبەری شوێنەگەکەت و جوڵانەوەکەت، جا زروفەکە سیاسی بێت یان ئابووری یاخود کۆمەڵایەتی، ئەمە وات لێ دەکات بیر لەوە بکەیتەوە کە سەرکەوتنت لە شوێنگەیەکدا بەمانای سەرکەوتنت نایەت لە شوێنگەیەکی دیکە، لەوانەیە لە رووبەرووبوونەوەیەکدا سەرکەوتوبیت چونکە لایەنەکەی دی ئامادەیی نییە بۆ ئەو شێوازانەی کە تۆ بەکاریان دەهێنی. بۆیە کاتێ لەم شێوازە تێدەگات و دەستی بەسەردا دەگرێت، تۆش ناتوانی دووبارەی بکەیتەوە، ناچاری بەدوای شتێکی نوێدا بگەڕێی بۆ ئەوەی غافڵی بکەیت—ئەویش ئەگەر بتوانرێ دوژمن غافڵ بکرێ—.

*** تۆ لەو کتێبەتدا کە بەناوی (بزووتنەوەی ئیسلامی)ەو لە هەشتاکان دەرچووە، بەدرێژی باست لە بابەتی حزبەکان کردووە، گوتووتە کە حزبە ئیسلامییەکان (بنەماو بنچینەیەکیان دروستکردووەو ئیسلامیان وەکو پرۆژەیەکی تەواو پێشکەش کردووە) ئایا ئەمە دژکاری نییە لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا دەیڵێیت؟**

– نەخێر..دژایەتی نییە، من دەڵێم کەوا کۆمەلگای ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی لەناو ئیسلامدا دەژییێت، بەڵام ژیانەکەی بە کردەوەی سەردەمە دواکەوتووەکانە و بەدوورە لە لایەنە بزاوتییەکەی، مرۆڤی موسڵمان لە بەرپرسیارێتی حوکمکردن و حاکمێتیدا ناژییێت، بەڵکو وای دادەنێت کە پرۆسەی حوکمکردن و حاکمێتی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیسلامبوونی ئەو و دینداریێتی ئەودایە، لێرەدا هەندێ قسەی میللی دەهێنینەوە یاد کە ئەم گوتەیە پشتڕاست دەکاتەوە، وەکو (ئێمە بۆمان نییە بچینە ناو سوڵتانەکان) وەکو ئەوەی سوڵتانەکان ویژدانی میللی نەگوازنەوەو بەشێك نەبن لە میللەت، تەنها لە میانەی هەڵچوون نەبێت، چ بە نێگەتیف یان پۆزەتیڤ، یان هەر بەڕاستی لەسەرمان پێویست بێت کە نەچینە ناویانەوە، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەمە کاری ئێمە نییە، بیرۆکەکە بەم شێوەیەیە، لەمیانەی ئەم زەینییەتە دواکەوتووە، بەهای رۆحیی مرۆڤ بەتایبەتیش زانای ئایینی بەدوورە لە سیاسەت، تا ئەو رادەیەی کە قسە لەبارەی مرۆڤەوە دەکرێت لە ئاستی (بەها) دا دەگوترێ: "زانای ئایینی هیچ کارێکی بە دنیا نییە، چاك ببێت یان تێکبچێ" یان "هیچ شتێکی نییە تەنها بەرماڵ و کتێب و قورئانەکەی نەبێت." و شتی لەم بابەتە. –وەکو ئەوەی کە تەنها تاکە رەهەندێك لەژیاندا بەشێك

بێت له دین و رەهەندەكانی تری ژیان پەیوەندیان بە دینەوە نەبێت—. هـەموو ئەمانە بەشێوەیەكی گشتی مرۆڤی موسڵمانیان والێكـردووە كـە لـە حاڵـەتێكی هەڵچووندا بژیێت بەرامبەر ئەو حوكمەی بەسـەریدا زاڵـە، جـا سـلبی بێـت یـان ئیجابی ، هـەر ئەوەشـە كـە لـە مێـژووی حـوكمی عوسمانیـدا دەیبیـنین، واتـا تێبـینی ئـەوە نـەكراوە كـە لـە بەشـی زۆری ئـەم مێـژووەدا بزووتنـەوەی كـارا هەبوونەو بەرەنگاری ئەو زوڵـم و زۆردارییـە بوونەتـەوە كـە رووبـەرووی خـەڵك بۆتەوە.

لەوانەشە بەهای بزووتنەوە ئیسـلامییەكان (لێـرەدا بەشـێوەیەكی گشـتی باسیان ناكەم، ئەویش بەو پێیەی كە ئەمانە بەشێكن لە كۆمەڵگای ئیسـلامی، هەم لەدواكەتن و هەم لە پێشكەوتنەكانیشـیاندا) لـەوەدابێت توانیبێتیـان ئـەم فیكرەیە هەڵبهێنجن كە ئیسلام تەنها عیبـادەت یـان تـەنها مامەڵـە تاكییـەكان یان ناونیشانی فرپیو نییە لەهەوادا، یان تەنها ئەخلاقێكی نموونـەیی نییـە (كـە پەیوەندی بەژیانـەوە نـەبێت) ئـەم بزووتنەوانـە خـەڵكیان خسـتۆتە نـاو ئـەم كەش و هەوایەوە، چ ئەوانەی لە بزووتنەوەكان رازین یان ئەوانەی لێیـان رازی نـین. بـەڵام ئـەم بزووتنەوانــە توانیویانــە بنكەیــەكی جــەماوەری بــەرفراوان بۆخۆیــان دروســت بكــەن. كــاتێكیش بــاس لــەوە دەكــەین كــە ئایــا ئــەم بنكەجەماوەرییە چی بە دەست هێناوە؟ هیچ مانایەكی نییـە، ئەمـە ئاسـتێكی بـەرزی وشـیاری ئیسـلام و بنچـینەیی و كرانـەوەی بـەڕووی جیهانـدا پیشـان دەدات، چونكە ئەوانەی ڕابەرایەتی حزبە ئیسلامییەكان دەكـەن، تـەواو وەكـو ئەوانــەن كــە ڕابەرایــەتی حزبــە ناسیونالیســتی و عەلمانییــەكان دەكــەن، بەشـێوەیەكی گشـتی لـە ویـژدانی كەلتوورییانـدا جیـاوازن: هەنـدێكیان هـەن

بانگەشــەی یــان داوای حــوکمی ئیســلامی دەکــەن، بــەڵام لــە دواکــەوتنێکی (زەینی)دا دەژین، بەو پێیــەی کــە حــوکمی ئیســلامی ئەوەنــدەی کێشــەیە بــۆ ئیسلام ئەوەندە چارەسەر نییە بۆی و وێنەیەکی نێگەتیڤ لە هێڵــە کــەلتووری و سیاســی و کۆمەڵایەتییــەکانی ئیســلام پێشــکەش دەکــات، وەکــو ئەوانــەی ئیســلام وا دەخەنــەڕوو کــە نوێنەرایــەتی دیکتاتۆریــەتی حــوکمی ئیســلامی دەکات، بەو پێیەی کە مرۆڤی موسـڵمان لـە بەرامبـەر حاکمـدا ناوەسـتێتەوە، رەخنەی لێ ناگرێت و شۆڕشی بەسەردا ناکات و ... شتی لەم بابەتە. لەوانەیە هەندێك هــەبن کــە بەشــێوازی جیــاواز پرســی هاوچــەرخیبوون و مێژووگــەرێتی تێکەڵ بەیەکتر بکەن، هەروەکو نەبوونی دەقێکی یاسایی نووسراو لە ئیسلامدا کــە بەشــێوەیەکی ورد باســی پرۆســەی حــوکمرانی بکــات، وای کــردووە ئیجتیهاداتی زۆر و بەرفراوان، بەجۆرێك بێنە ئارا کــە هەنــدێکیان تــا ئەوپــەڕی دواکەوتن برۆن و هەندێکیشیان تا ئەوپەڕی کرانەوە برۆن کــە لەوانەیــە بگاتــە ئەو ئاستەی هەندێکیان لــەو بــوارەدا لــە ئیســلامیش دەربچــن، بۆیــە جیــاوازی هەیە لە نێوان هەبوونی بنکەیەکی جــەماوەری لــەم کــەش و هەوایــەدا، لەگــەڵ قسەکردن لە بارەی ئەم بنکەجەماوەرییە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤی رەهــا. هــەر ئەوەشە کە لــە ڕووداوەکــانی ئــەم دواییــەدا تێبینیمــان کــردووە، بەتایبــەتیش ڕووداوی ١١/ی سێبتێمبەر کە وای لە هەندێ سەرکردەی ئیســلامی کــرد بــەبێ ئەوەی لە دەرئەنجامە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ئەم جوڵانەوەیە بکۆڵنەوە لە هــەوادا هەڵبەزنــەوە. هــەروەها ئــەوەشمان بینــی کــە ڕووداوەکــانی ١١/ی سێبتێمبەر بەجۆرێك ئەمەریکایان پێشخست و خزمەتیان بە ئەمەریکا کرد کــە خودی خۆی لە هەموو مێژوودا خەونیشــی پێــوە نــەدەبینی. نــابێ دڵســۆزی و

نییەتپاکی ئەو کەسانە لە بیر بکەین کە رووداوەکەی ۱۱/ی سێبتێمبەریان ئەنجامدا، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان دڵسۆز و ئەو کەسەی کارەسات دروست دەکات.

*** کەواتە کێشەی فیکری ئیسلامی و بزاوتی ئیسلامی لە کوێدایە، بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە نائومێدی و بێهێزیدا دەژین؟**

– کێشەی بزاوتی ئیسلامی ئەوەیە کە هەندێ هێڵی گشتی هەیەو هەموو پابەندن پێیەوە، بۆ نموونە: "ئیسلام بیروباوەڕ و سیستەمە" یان "ئایینمان سیاسەتە و سیاسەتیشمان ئایینە" بەڵام وردەکارییەکان چین؟ حاکمی ئیسلامی تا کوێ دەستی دەڕوات؟ ئایا ئەو حاکمە مرۆڤێکە کە ئامادەیە لەلایەن جەماوەرەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت؟ یان هەموو شتێك بەدەست خۆیەتی و تەنانەت ئەگەر بیەوێ دەوڵەتیش هەڵدەوەشێنێتەوە؟ ئایا حاکمە ئیسلامییەکە (بەچاوپۆشی لەو شتانەی کە لەرووی مێژووییەوە بوونەتە موقەدەس وەکو "پێغەمبەران و ئیمامەکان"، ئایا ئەو حاکمەش موقەدەسە، یان تەنها مرۆڤێکە خاوەنی کەلتوورو ئەزموون و شوێنگەیەکە کە رەگوڕیشەکانی لەناو جەماوەردایەو لەمیانەی ڕاپرسییەکی جەماوەری، یان شتێکی لەم شێوەیە هەڵبژێردراوە، بەجۆرێك دەتوانرێ وەکو هەر مرۆڤێکی دی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، مرۆڤی موسڵمان مافی ئەوەی هەیە کە لێپرسینەوە لەگەڵ حاکمدا بکات، (حاکمەکەش بۆی نییە بەهۆی ئەوەی کە رەخنەی لێگیراوە، لێپرسینەوە لەگەڵ ڕەخنەگرەکەدا بکات، ئەمە رەفتاری ئیسلامی راستەقینەیە).

لە پێغەمبەرەوە (د.خ) دەگێرنەوە کە کاتێ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لە بەرامبەر هاوەڵەکانیدا وەستاوە فەرموویەتی: "هیچ شتێك بەمنەوە مەبەستنەوەو پەیوەستی مەکەن بەمن، چونکە من هیچ شتێکم حەڵاڵ نەکردووە ئەگەر قورئان حەڵاڵی نەکردبێ و هیچ شتێکم حەڕام نەکردووە ئەگەر قورئان حەڕامی نەکردبێ." واتە پێغەمبەر پێی گوتن: من لە دوا ساتەکانی ژیانمدا حسابەکانم تەسلیمی ئێوە دەکەم و پێشتان دەڵێم: من سەرپێچی یاسام نەکردووە.

لەپاڵ ئەوەشدا ئەوەمان بەبیر دێتەوە کە کاتێ لەدوای جەنگی (حونەین) غەنیمە دابەش دەکرا، یەکێك هاتە لای پێغەمبەر (کە ئەو کەسە تازە هاتبووە ناو ئیسلام) گوتی : "یەکسانی بکە ئەی موحەمەد." پێغەمبەریش لەسەر ئەم قسەیە نە هیچی گوت و نە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرد.

هەروەها ئێمە لە دەقێك لە دەقەکانی ڕێڕەوی ڕەوانبێژی (نهج البلاغة)ی ئیمام عەلی ئەوە دەخوێنینەوە کە نوسراوە "بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا مەکەن، وەکو ئەوەی جەبریەکان دەیانکرد یان وەکو ئەوانەی(بەرێکەوت) قسەیان دەکرد، خۆتانم لێ مەپارێزن وەك ئەوەی ئەهلی شمشێر دەیانپاراست، گومانی قورساییەکی لەوە زیاترم لێمەکەن کە دەربارەم گوتراوە، یان لە دادپەروەریەك کە خراوەتە بەردەمم. ئەو کەسەی پێی ناخۆشە حەقی پێ بگوترێ، یان دادوەری پێ بکرێت، ئەوا کارکردن بەم دووانە لەسەری گرانتر دەبێت، واز لە پرس و ڕاکردن دەربارەی حەق و قسەکردن دەربارەی دادپەروەری مەهێنن، من لەسەرووی هەڵەکردنەوەنیم، بەهەمانشێوە لە کردارەکانیشم دڵنیا نیم، تەنها ئەوەندە نەبێ کە خودا بەمنی

بەخشیوە." ئەمە لە کاتێکدا شیعە لەو باوەڕەدان کە ئیمام عەلی لە گوناح پاك بۆتەوەو مەعسومە، بەڵام دەبینین بانگەشەی خەڵك دەکات بۆئەوەی ڕەخنەی لێبگرن و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن لەسەر حوکمەکانی.

هەروەها لەلایەنی ئەخلاقی و کردەییدا دەخوێنینەوە کە (عەلی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوەڵ دانیشتبوو، یەکێك لەو خەواریجانەش لەوێ بوو کە شۆڕشیان بەسەرداکرد، ئافرەتێکی جوان بەدیارکەوت، هەموو تەماشای ئافرەتەکەیان کرد، ئیمامیش گوتی (پیاوی خراپ هەمیشە چاوچنۆکەو شەرم ناکات، هەر ئەم کردەوەیەش تووشی لادانی دەکات، ئەوەی حەز لە شتێك دەکات بابچێتە لای خێزانەکەی کە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو ئافرەتەی بێرەدا تێپەری، خەواریجەکە گوتی "خوا ئەو کافرە بکوژێ، چەند زیرەکە." خەڵکەکە لێی هەستان و ویستیان لەو پیاوە خەواریجە بدەن، ئیمامیش ئاماژەی بۆ کردن و گوتی لەسەرخۆبن..ئەوەی توانجی هاوێشت توانجی لێدەنەوە، بەڵام ئەگەر لێی ببوورن باشترە.

یان لەمیانەی زیاتر لە بەڵگەیەکدا ئێمە دەبینین کە لە ئیسلامدا هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ حاکمدا بکات، دواجار ئەمەش بە پێی سروشتی پەیوەندییەکەی دەبێت لەگەڵ خەڵکدا، حاکم لە پرسی حوکمکردندا هیچ پیرۆزییەکی نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە حوکمەکە دەردەکا، حاکم ئەگەر پێغەمبەر یان پێشەواش بێت، لەسەرەوەی یاسا نییە. لەناو بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا حاکم خراوەتە سەرووی رەخنەوە، لەوانەیە لێپرسینەوەش لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە رەخنەی لێدەگرن بەهۆی ئەو هالە پیرۆزەی بە دەوری حاکمەکەدا دروستکراوە، تۆمەتی ئەوەی بدەنە پاڵ

که سوکایەتی بە حاکم کـردووە. بۆیـە دەڵـێین: سـەرەڕای ئـەو کـەش و هـەوا ئیسلامییەی کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان هەیانە، بەڵام وەکو پێویست لەسـەر ئەو هێڵەنین، کە نوێنەرایەتی پاکێتی و بێگەردی ئیسلام بکەن.

*** لە یەکێك لە قسەکردنەکانی ئەم دواییەتدا گوتت کـە فکـری ئیسـلامی ماوەی (٥٠٠) پێنج سەد ساڵە لە بەرهەمهێنان و بەخشـین وەسـتاوە، بۆچـی بەتایبەتی ئەم مێژووە؟**

– باسی (٥٠٠) ساڵ لەمەوبەرم کرد، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئێمە لەواقیعـدا ناژین، (٥٠٠)ساڵ زیاتریشە کە ئیسلامی ژیاریی (حضاری) لە پاشەکشەدایە.

*** سەرەڕای ئەو ئامادەبوون و کاریگەریەی کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان هەیانە، هەر لە پاشەکشەدایە؟**

– وەکـو گـوتم ، بزووتنـەوە ئیسـلامییەکان نوێنەرایـەتی (یەکپارچـەیی) ناکەن، لە بەشی سەرەوەدا بەیەکدەگـەن، بـەڵام ئـەم بەیەکگەیشـتنە بنکەکـە ناگرێتەوە کە ئەم بنکەیە دەتوانێ یەکگرتنەکە دروست بکات، تەنها لە هەندێ پرسی سۆزداری، یان لە کاتی بەرەنگاربوونەوە، هەستی ئیسـلامییانەی بنکـە جەماوەریەکە ڕادەکێشن، بۆ نموونە قـەیرانی فەڵەسـتین و شـتی دیکـەی لـەم بابەتە.

*** بەڵام تۆ وێڕای ڕەخنەگرتنی بەردەوامت لە بزووتنـەوە ئیسـلامییەکان ڕەخنە لە ڕۆژئاواش دەگری؟**

– لەو بـاوەڕەدام کـە کێشـەی ڕۆژئـاوا ئەوەیـە پرسـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتگیر دەخەنـە ڕوو، هەوڵـدەدەن حـوکمێکی تونـدو دووربـدەن بـەوەی کـە بزووتنەوە ئیسلامییەکان نوێنەرایەتی (دواکـەوتوویی) دەکـەن، ئێمـەش ئـەوە

ڕەفزدەکەینــەوە، چــونکە دەزانــین کــە گــەلێ بزووتنــەوەی ئیســلامی هــەن ڕوانینیکــی هاوچــەرخانەو شــێوازێکی واقعییــان هەیــە بــۆ کــاری ئیســلامی، هەوڵــدەدەن لــە ئاســتەنگەکانی واقعــی سیاســی کاربکــەن، ئێمــە باســی باشییەکانی ئەم بزووتنەوانە ناکەین. بەڵام ناشکرێ چەند ئیجابیاتێکی وەکو نەرمی نواندن و واقعیبوونیان نەبینین.

کاتێ ئێمە تەماشای ئەزموونی بزووتنەوەی ئیسلامی دەکەین لە تورکیا (بەچاوپۆشی لەموفرەداتە فیکری و کەلتوورییەکانیان) دەبینین توانیویەتی هەموو ئەو دیوارە عەلمانییە بشکێنێت کە لەم وڵاتەدا هەوڵدەدات چواردەوری ئیسلام بگرێت، توانیویەتی لەمیانەی دروشمە ئیسلامییەکانیدا گەورەترین بنکەی جەماوەری بەدەست بهێنێ، سەرەڕای ڕەفتاری گشتی زیاتر بۆسەرکردایەتی ئیسلامی، ئەم بزووتنەوەیە هەوڵدەدا بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیڕەوی نەرم و نیانی بکات بۆ لابردنی هەندێ ڕێگر لە سیستەمی عەلمانی ئەوێ و هەندێ سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، ئەم ئەزموونە (ئەزموونی تورکی) دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، هەروەها ئەزموونی ئێرانیش دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە هەندێکیان بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان و هەندێکی دیش نزمی دەکەنەوەو دایدەبەزێنن بۆناو چالاییەکانی زەوی. لەڕاستیدا کێشەکە بەمجۆرە نییە، چونکە ئەمە نوێنەرایەتی تاکە لایەنێك ناکات، بەڵکو چەند هێڵێکی بەرفراوان و جۆراو جۆرە، لەوانەیە هەندێك باسی لایەنە پۆزەتیڤەکانی مەسەلەی لایەنی چاکسازیخوازەکان بکەن (لە ئێراندا) و هەندێکیش باسی لایەنە پۆزەتیڤەکانی لایەنی پارێزگارەکان بکەن، بەو پێیەی کە پارێزگاری لە ڕاستێتی فیکری ئیسلامی دەکات و شتی

لەم جۆرە. من هەميشە بانگەشەی ئەوە دەكەم كە (با لە هەموو بزووتنەوە ئيسلامييەكان بكۆڵينەوە بە هەموو باشی و خراپييەكانيانەوە). ڕاستييەك هەيە پێويستە ئێمە بيزانين ئەويش ئەوەيە كە بزووتنەوە ئيسلامييەكان وەكو بزووتنەوە عەلمانييەكان لە ڕەهاييدا ناژين و لە دەرەوەی ئەو بارودۆخە بابەتييەدا ناجوڵێنەوە كە لە دەوروبەری تۆدان، تەنها ئەمەش بەس نييە كە تۆ بانگەشەی ڕاستی و دادپەروەری بكەيت، لە كاتێكدا بە هەزاران شوێنگەی زوڵم دەورەدراوی. هەروەها ئەمەش بەس نييە كە بڕوات بە بيرۆكەيەك بێت و لە ويژدانی گەلدا بيجولێنی بۆئەوەی سەربكەوی، بەڵكو لەسەرتادا پێويستە لە زەمينەكە بكۆڵيتەوە بۆئەوەی جووڵەی تێدا بكەيت. كێشەی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوە ئيسلامييەكان ئەوەيە كە لەناو خەڵكدا هەندێك هەن لەسەر بنەمای ڕەش يان سپی بە ڕەهايی لێيان دەڕوانن. ئێمەش دەزانين كە ئەو بارودۆدخە بابەتييەی دەورەی تۆی داوە، لەوانەيە ڕەنگت بگۆڕێت بۆ (خۆلەمێشی)، تۆ بەڕەهايی ڕەنگی خۆلەمێشی ڕەفز ناكەيتەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام كە بزووتنەوەكەی تۆ، تەنانەت لەلايەنی شەرعيشەوە، لەوانەيە لە كەش و هەوايەكی خۆڵەمێشيدا هەڵسابێت، لەسەر ئەو بنەمايەی كە لە چاكترين و گرينگترينی كۆڵيوەتەوە.

*** دەڵێن ئەم چەقبەستنەی كە فيكری ئيسلامی تيايدا دەژيێت، بە پلەی يەكەم ئۆباڵەكەی دەكەوێتە ئەستۆی (فيكری شيعی) كە دەرگای ئيجتيهادكردن تيايدا كراوەتەوە؟**

– لەوانەيە ڕوونكردنەوەيەك بۆ ئەم پرسە هەبێت: برايان لە مەزهەبە ئيسلامييەكانی ديكە (سوننە)، سەرەتا دەرگای ئيجتيهاديان كردەوەو

بەزەینییــەتێکی بــەرفراوانی ئــەوتۆ لەمیانــەی لێکۆڵینــەوەی نــوێ و گــۆڕاودا دەجولاَنەوە، کە لەوانەبوو لە بازنــەی ئیجتیهادەکـانی پێشـتر دووربکەونـەوە. هەرچی پەیوەستە بە ئیجتیهادی فیکری شـیعی، ئـەوا لەوانەیـە لـە سـەرەتادا بەشێوەیەکی بەرفراوان سەری هەڵدابێت، بەڵام دواتر تا ڕادەیـەك وێکهاتـەوە، ئەویش بەو هۆیەی کە لەبەرامبەر ئیجتیهاددا موقەدەس دانـرا، بۆنموونـە هـەر کێشــەیەك کــە ئیجتیهــادی تێــدا دەکــرا ئەگــەر پێچــەوانەی زانــا بەناوبانگــە پێشینەکان کەوتبایەوە دەبوو لەلایـەن کەسـی موجتەهیـدەوە کۆتـای بێـت و درێــژەی پێنــەدرێت، لەوانەشــە زانــا بەناوبانگــەکان لەلایــەن زۆرینــەی ئــەو کەســانەی لــە کــەش و هــەوای (حــەوزەوی)دا دەژیــن، جۆرێـك لـە پیرۆزیـان پێدرابێت و لەسەر بنەمای بنچینەیی سەیریان نەکرێ، ئەوانـە روو لـە کەسـێك وەردەگێــڕن کــە دەتــوانێ لەســەر بنــەمای بەڵگــە بــە پێچــەوانەی زانــا بەناوبانگەکان فتوا دەربکات، لێرەشەوە هەندێ کەس تووشی کێشەدەبن.

*** بـۆ نموونــە مەرجەعیەتەکـەی تــۆ ڕووبــەڕووی چ کێشــەو ڕەخنەیــەك بۆتەوە؟**

– لەوانەیە من یەکێك بم لەوانەی ڕووبـەڕووی ئـەم کـارە بوومەتـەوە، ئـەو زانایانەی لای منیشن تووشی ئەم کێشەیە بوونە.

*** ئەو وێکهاتنەوەیەی لێرەدا باست لێوەکرد، ئایا بۆ کـەلتووری حـەوزە دینییەکان دەگەڕێتەوە یان بۆ بنەماکەی؟ کێ بەر پرسیارە؟**

– هۆکــاری ئــەو وێکهاتنەوەیــە سیاســی نییــە، بــەڵکو هۆکارەکــەی مانەوەیـەتی لـەناو بازنـەی ئـەو بنـەما لـەقووتونراوەی کـە لایـەنی ئوسـوڵی و فیقهی لە ناویدا دەجولێت.

*** ڕۆژئاوا وا لە ئیسلام تێدەگات کە فیکرێکی (شێوەیی)یە، واتا لەو شێوە ژیانە دەرنەچووە کە لەماوەی چەندین سەدەدا هەیە، هەموو ئەوانەی هەوڵی ئیجتیهادیان داوە، لە بەرێزتانەوە تا دەگاتە کەسایەتییە ئەکادیمیەکانی وەکو (د.نەسر حامد ئەبوزێد)و دەیانی تر ڕووبەڕووی جەنگێکی بەرفراوان بوونەتەوە؟**

– ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگێکی فراوان کێشەیەکی گەورە نییە، بەڵکو من وا هەست دەکەم کە جیهانی نائیسلامیش لەناو ئەم جۆرە کێشانەدا ژیاون، سروشتی کۆمەڵگاکان وایە کە ناتوانن قبوڵی شتێك بکەن لەدەرەوەی باو(مألوف)دا بێت، کاتێ بشمانەوێ نموونەیەك بهێنینەوە هەرچەندە سیاسیش بێت، ئەو ململانێیە دەبینین کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین لەسەر جەنگی چاوەڕوانکراوی سەر عێراق، ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا باس لە بەرەی دژ بە سیاسەتی ئەمەریکی دەکات، بەهەمان ئەو ڕێگە تەکفیریی و گومڕایانەی کە لای ئێمە هەن. ئێمەش هەروای تێبینی دەکەین، بۆ نموونە سەبارەت بە شوێنگەی عەلمانییەکان، ئێمە کاتێ سەیری مارکسییەت و جوڵانەوەکانی دەکەین لە (یەکێتی سۆڤیەت) و لە (وڵاتی چین) پێش گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە، دەبینین جۆرێك لە تەکفیری چوارچێوە بۆدانراو و گومڕاکردن لای ئەوانیش هەیە، لەبیرمان نەچێ کە یەکێتی سۆڤیەت چۆن سەرۆکی یۆگسلافی کۆچکردوو (جۆزیب تیتۆ)ی بە نەفرەتکرد بەبیانووی لادان و ئەم جۆرە شتانە.

پرسی مرۆڤایەتی، لەمیانەی کۆمەڵگاکانەوە دەست پێدەکات، ئەوانەی کە بەتوندی پەیوەستن بە فیکرێك یان سیاسەتێك یان دۆخێکەوە، بۆیە ئەم

پرسه تەنها پەیوەست نییە بە جیهانی ئیسلامی، بەڵکو کێشەکە کێشەی جیهانی سێیەمە، لەناوئەمانیشدا ئەو گەلانەی کەلە (ئەمەریکای لاتین)دا هەن، هەروەها کێشەی ئەوکۆمەڵگایانەشە کە زۆر پێشکەوتوون، ئیسلام بەرپرسیار نییە لەم پێشنەکەوتنە، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان دواکەتنێك کە لە پیرۆزی ئیسلام هەڵقوڵابێت و ئیسلام پارێزگاری لێبکات، لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ دەق و چەمك بۆ پاراستنی ئەم جۆرە هێڵەی دواکەوتن بۆ بەرژەوەندییەکی تایبەتی لێرەولەوێ.

ئێمە بەرۆژئاوا دەڵێین: راستە ئێمە لەسەردەمی دواکەوتندا ژیاین، زۆرێك لە ڕەسەنێتی و کەلتووری ئیسلامیمان لەدەستداوە، بەڵام ڕۆژئاوا بەرپرسیاری گەورەیە لەمە، چونکە ئەو ئەم دواکەوتنەی لە ڕێگای بزووتنەوەی داگیرکاریەوە سەپاند، دەشزانین کە ڕۆژئاوا (بە ئەمەریکاشەوە–کە باس لە پێویستی پاکسازیکردن لە جیهانی ئیسلامی و بردنە ناو دیموکراسییەت دەکات) پاسەوانی زۆرێك لە دامەزراوەکانی دواکەوتوویی دەکات و لە ئایندەشدا ئەم پاسەوانێتییەی زیاتر دەکات، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو دروشمانەی لە پرۆسەی پێشخستندا دەیخاتەڕوو. ئەو کێشەیەی کە لەم جۆرە حوکمانەدا ڕووبەڕووی ئەوروپا دەبێتەوە، ئەوەیە کە تێڕوانینێکی (گشتی) بۆ بابەتەکان هەیە نەك (بابەتی)، ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە خاڵی نێگەتیڤمان هەیە، بەڵام لایەنێکی گەورەی ئیسلامیش هەیە کە کاردەکات بۆ دەربازبوون لەم واقیعە. شتێکی سروشتییە کە ئەم پرۆسە گۆڕانەی بەسەر ئەوروپادا هاتووە، لەئەنجامی ئەو شەڕانە دروستبووە کە لەوێ ڕوویانداوە، ئێمە لەسەرمان پێویستە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ئاستەنگانە بینەوە.

*** چەند جارێك باسی گرنگی (دروشم)ت کردووە، بە تێڕوانینی تۆ ئەم قۆناغە پێویستی بە چ جۆرە دروشمێك هەیە ؟**

– کاتێك دەتەوێ بچیتە ناو شەڕێکەوە، یان دەتەوێ جەماوەر بجولێنی کارێکی ئاساییە کە هاوسەنگییەك لەنێوان عەقلانییەت و سۆزدا دروست بکەی، چونکە مرۆڤ بەتەنیا (عەقل) نییە، هەروەکو بەتەنیا (سۆز)یش نییە، لەزۆرحاڵەتدا پێویستە هەردووکیان تێکەڵ بکەین، دروشمیش یەکێکە لەو چەکە دەروونییانەی کە ڕەگەزی (وروژاندن)ی خەڵك دروست دەکات، خەڵکەکە لەو ڕووبەڕووبونەوەو بەرەنگاربوونەوە گەورانە بەهێزتر دەکات کە لە ڕێگای ساردکردنەوەی دەروونی لەگەڵیاندا دەدوێ، واتا دەیەوێ ساردیان بکاتەوە، لەو باوەڕەشدام کە دروشمی ئەم قۆناغە دەبێ لەسەر دوو هێڵ بجولێتەوە - یەکەم: ڕەفزکردنەوەی بەگەورەزانینی جیهانی بەهەموو هێڵ و کردەوە پێدراوەکانییەوە، با لێرەدا پرسی جولانەوەی (خۆبەلاواز زانین) لەبەرامبەر (خۆبەزلزانین) بخەینەڕوو، ئەم دروشمە ئەوەیە کە ئێمە لەسەرمان پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە بە هەموو ئەو لایەنانەی کە لە جیهاندا هەن، تەنانەت ئێمە لەم خۆپێشاندانانەی ئەم دواییەش تێبینی دەکەین کە ئەوانەی دروشمی جەنگی دژی عێراقیان بەرز کردبووەوە لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاتدا گەنج بوون. یان ئەوانەی دژی جیهانگیری دەوەستنەوە، واتا بزووتنەوەیەکی "خۆبەلاواز زان"، هەیە کە ئەم ناونیشانەی وەرنەگرتووە، بەلام لەناویدا دەژیێ و لە ناویدا دەجولێتەوە، لەو باوەڕەدام کە ئەوەی ئێستا لە ئیدارەی ئەمەریکی و هاوپەیمانەکانی ڕوودەدات لەوەوە هەڵدەقولێت کە خۆبەزلزانینێکی جیهانی، ئابووری، سیاسی و ئاسایی هەیە، کاردەکات بۆ

دەست بەسەرداگرتنی مافی خۆبەلاواز زانەکان، بەشێوەیەکی یەکسان لە ململانێدایە، بۆئەوەی یەکێکیان پشکی گەورەتری بەدەست بکەوێت لەویتر بۆ تێکشکانی بەرژەوەندی خۆبەلاواز زانەکان لەژێر چەند ئیعتیبارێکی دیاریکراو، ئێمە هەردەبێ ئەو دروشمە بخەینە ڕوو بۆئەوەی هەموو کێشەکانمان لەناویدا کۆبکەینەوە، دەشتوانین پرسی فەلەستین کۆبکەینەوە، چونکە ئەویش پەیوەستە بە مەسەلەی خۆبەزلزانین و خۆبەلاواز زانین، ئەمە سەرەڕای هەموو کێشەکانی گەلانی ئەفریقی ولاتینی، دەشتوانین پرسی جەنگ دژی عێراق بجولێنین، بەوەی کە ئەمە داگیرکاری ئەمەریکییە لەم وڵات و ناوچەیەدا.

**دروشمی دووەم:** ئەوەیە کە ئێمە لەناو کەلتووردا دروستی بکەین، واتا چۆن ڕەسەنێتی لە کەلتووری ئیسلامی مرۆڤایەتیدا بچەسپێنین، بەوجۆرەی کە دان بە (ئەویتر) دابنێ و گفتوگۆ بە بنەمای چارەسەری کێشەکاندا بنێت لەم بوارەدا، هەروەها لە شوێنگەی بەیەکگەیشتندا پەیوەندی لەگەڵ ئەویتر دروست بکات لەسەر بنەمای "یاأهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواْ  بيننا وبينكم"، هەروەها هەڵسین بەکردەی ریفۆرم لە شوێنگەی سیاسیدا، با پێش وەخت بابەتی هەوڵی ئەمەریکی بۆ دەستبەسەرداگرتنی عێراق وەربگرین: ئێمە ناتوانین سیستەمێك بۆ ڕژێمی عێراقی زۆردار دابنێین، ئەو ڕژێمەی کە گەل و ناوچەکەی کەوتوونەتە ژێر زۆرداری ئەمەریکی و ئەمەریکاش هەموو ڕۆژێك زۆردارێك دروست دەکات و وازی لێدەهێنێ بۆئەوەی زۆردارێکی نوێتر ئامادە بکات کە بە جل و بەرگی دیموکراسییەت ڕازابێتەوە. ئێمە لەسەرمان پێویستە پلانێك دابنێین بۆ دەرچوون لە هەموو ئەمجۆرە دواکەوتنە

سیاسـییەی کـە لەوانەیـە هەنـدێ دەزگـا بەتایبـەتی بەسـەر هەنـدێ گەلیـدا بسـەپێنن و ڕۆڵیشـیان پاراسـتنی بەرژەوەنـدی خۆبەگەورەزانـەکان بێـت، هەروەها دەبـێ لەسـەر بنـەمای ئـازادی کاربکـەین، واتـا گـەل ببێتـە خـاوەنی ئازادییەکی زۆر لە پرسی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەو باوەڕەشـدام کە خاوەنی هەر فیکرێك و گەیەنەری هەر فیکرێك لە ئازادی ناترسێت.

*** هەر لەم چوارچێوەیەدا، بانگەشەی تۆ لە کوێوە دێت بـۆ تێکـەڵبوونی موسڵمانان بە حزبە ڕۆژئاواییەکان؟**

– لەنێوان ئەو دوو هێڵەی پێشـتر ئامـاژەم بـۆکردن، دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە دووپـات بکەینـەوە کـە ئێمـە دژی ڕۆژئـاوا نـین، بـەڵکو ئێمـە دژی دامودەزگـا ئیداریەکانی ڕۆژئـاواین، چـۆنیش ئێمـە دژیـانین بەهەمانشـیوە گـەلانی خۆیـان دژیانن، بۆیە ئێمە دژی ئیدارەی ئەمەریکین، بەڵام دژی گەلانی ئەمەریکا نـین، دەمانـەوێ ببینـە هـاوڕێ لەگـەڵ جیهـان –هـەر ئەمـەش هێڵـی ئیسـلامییە– دووبارەی دەکەمەوە کە ئێمە دژی ڕۆژئـاوا نـین، بـەڵکو دەمانـەوێ دیالۆگیـان لەگەڵدا بکەین، ئەوان زۆر ڕۆشنبیری بە ئینسـافیان هـەن و خـەڵکێکی زۆریـان هەن کـە بـەهۆی ڕقـەوە دژایـەتیمان ناکـەن، بـەڵکو لەبـەر نـەزانی و لـەڕێگای بانگەشەی ناڕاست دژایـەتیمان دەکـەن، بۆیـە دەبـێ ئێمـە بچینە ڕۆژئـاوا بـۆ ئەوەی پێناسەی گەلەکانمان لای ئـەوان ڕاسـتبێتەوەو ئاگـاداری کێشـەکانمان بـن، هـەر لەبەرئـەوە بەرپرسـیارێتیمان خسـتۆتە سـەر هـەموو کۆچـبەرێك بۆئەوەی بچنە ناو کۆمەڵگای ڕۆژئاواو ناو حزبەکانیان، بەڵام بە پابەندبوون بە پرنسیپە بنچینەییەکان. هەروەها بۆئەوەش کە کاریگەریمان هەبێت لەناو ئـەو کۆمەڵگایانەی کە تیایاندا دەژین.

*** لەم سۆنگەیەوە، چۆن ڕووبەڕووی هەڵوێستی فاتیکان دەبنەوە کە دژی (جەنگ بۆ سەر عێراق)ە؟**

– سڵاو بۆ فاتیکان دەنێرین، بۆ نوێنەرایەتی پاپا، بۆ ئەم هەڵویستە جوانە، کە بووە هەڵوێستی نزیکە نیمچە گشتیگری هەموو مەسیحییەکان. (لێرەدا مەبەست لە "پاپا یۆحەنا پۆلیسی دووەمە" کە ئەو کات پاپای فاتیکان بوو–و) ئێمە بانگەشەی شوێنگە ئیسلامییەکانیش دەکەین بۆ دانانی پلانێك و بانگەشەیەکی جیهان لەم ئاستە، هەردەم هاوکار دەبین لەگەڵ (پڕۆژەی هاریکاری ئیسلامی–مەسیحی)دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆ بەزلزانەکانی جیهان، بۆئەوەی بتوانین چواردەورەی زۆربەی ئەو پلانانە بگرین کە خۆبەزلزانەکان نەخشەی بۆ دادەڕێژن.

*** لەقسەکانتدا واتێدەگەین کەجەنگی ئەمەریکی (وەکو پێشتر) وەسفکرا (جەنگی سەلیبی) نییە دژی موسڵمانەکان؟**


– وای دانانێم کە جەنگی سەلیبی لەگۆڕێدایە، واتا کاتێ پرسەکە پەیوەست دەکرێ بە ئەمەریکاو بەریتانیاو هەموو ئەوانەی لەمیانەی بەرژەوەندییەکانیاندا دەجولێنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی واقعی ئیسلامی بە جەنگی سەلیبییەوە پەیوەست نییە. ڕەنگە هەندێك لەو خەڵکە گرێیەکیان هەبێ کە ئەو گرێیە جوڵانەوەی بەرژەوەندیخوازی ڕێکی بخات، هەر ئەوەش بوو کە لە زەینییەتی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکادا تێبینیمان کرد، ئەو جۆرج بۆشەی لە زەینییەتێکی دینی شێواوی ئەوتۆدا دەژی کە لە (بەها)وە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو پەیوەستە بە حاڵەتی (خودی)یەوەو هەوڵدەدات پەیوەندیەك لەنێوان (لایەنی خودی) ئایین و لایەنە کۆمەڵایەتی و

مرۆڤایەتییەکـەی دروسـت بکـات، هــەر ئـەوەشمان لــە تـۆنی بلێـری سـەرۆک وەزیرانی بـەریتانی تێبینـی کـرد کـاتێ لـە لێـدانی گـەلی عێـراق باسـی لایـەنی ئەخلاقی دەکرد، لەژێر دروشمی ئەوەی کە دەیەوێ رژێمی عێراق لەناوبچێت. ئێمە دەزانین کە ئەوان دەتوانن بە زیاد لە رێگایەك رژێمەکە لەناوببـەن، بـەلاّم کێشەکە ئەوەیە کە ئەوان چۆن دەتوانن شوێنگەی هێـزی خۆیـان لـە جیهـانی عـەرەبی وئیسـلامی بێڵنــەوە بـۆ مانــەوەی دەوڵـەتی ئیسـرائیل، ئـەویش بـەو پێییەی ئیسرائیل تاکە هاوپەیمانی ئەمەریکایە لەناوچـەکەداو تەنانـەت ئیسـتا ئەمــەریکا ئــەوەی لێــدەوێ کــۆنتڕۆڵی ناوچــەکە بکــات. تـۆ وەرە ئەمــەریکاو هاوپەیمانــەکانی و ئیســڕائیل و ڕەگــەزەکانی لاوازی خۆمــان بپشــکنەو لێــی بڕوانە.

**سەرچاوە:**

لە ئینتەرنێتەوە– رۆژنامەی (النهار)

سازدانی: ئیبراهیم بیرم ـ رەزوان عەقیل



## جیاوازی لە نێوان پێغەمبەر و فەیلەسوف
## لە (وەحی)دا نییە،
## بەڵکو لە دەربڕینی (وەحی)دایە

# گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەندی میسری نەسر حامد ئەبوزێد

"نەسر حامد ئەبوزێد" بیرمەندێکی گەورەی عەرەبی میسریی دانیشتووی وڵاتی "هۆڵەندا"یە.

*** زۆرێك وای دا دەنێن کە (شێخ ئەمین خولی)پێشەنگی نوێکردنەوەی لێکۆلینەوەی قورئانییە، هەر ئەویش یەکەم کەس بوو هەوڵی جێبەجێکردنی میتۆدی ئەدەبیدا لە تێگەیشتنی قورئانیدا، پەیوەندیت لەگەڵ ئەم بیرمەندەدا چۆن بوو؟ لە نزیکەوە دەتناسی؟**

– خۆم شێخ ئەمین خولیم نەدەناسی، بەڵام ئەو یەکەم کەس بوو کە لە گۆڤاری (الادب)دا وتارێکی بۆ بڵاوکردمەوە دەربارەی (تەنگەژەی گۆرانی میسری)، من ئەو کات هێشتا هەرزەکار بووم، لێرەوە پەیوەندییەکی رووحی لەگەڵ ئەم مامۆستا گەورەیە دروستبوو، پاش چوونم بۆ زانکۆ و مردنی (خولی)کتێبەکانی ئەو و لێکۆلینەوەکانی محەمەد ئەحمەد خەلەفوڵلام

خوێندەوە، پاشان هەستم بە تەنگەژەی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە بەشی زمانی عەرەبی و کێشەکانی زانکۆی میسری کرد، یەکێك لەو مامۆستایانەی لە زانکۆدا کاریگەری گەورەی کردە سەرم، مامۆستا (شوکری عەیاد)بوو، ئەو قوتابی مامۆستا ئەمین خولی بوو، پلەی ماستەری بەدەست هێنابوو، ناونیشانی نامەی ماستەرەکەشی (رۆژی حساب لە قورئان) بوو لە ژێر سەرپەرشتی (خولی). بەڵام ناچارکرا پسپۆڕێتیەکەی خۆی بگۆڕێت لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامییەوە بۆ لێکۆلینەوەی رەخنەیی ئەویش لەو کاتەدا بوو کە نامەیەکی تری ژێر سەرپەرشتی شێخ ئەمین خولی رەفزکرایەوە، ئەویش نامەی دکتۆرای (محەمەد ئەحمەد خەلەفوڵڵا) بوو.

ئەم ئاراستەیە لە لێکۆلینەوەی قورئانیدا لە (شێخ محمەد عەبدە)وە دەسپێدەکات، کە لە (نموونە دانان لە قورئان) دەدواو وای دادەنا کە نموونە قورئانییەکان هەموویان لە شێوەی چیرۆکی ئادەم و دەرچوونی ئادەم و حەوا لە بەهەشتە. (نموونەدانان) لێرەدا چەمکێکی بەلاغییە، ئەگەر زمانێکی تەقلیدی بەکار بێنم، دەلێم، شێخ محەمەد عەبدە بنەمای ئەو تەوژمەی داناو پاشان تەها حوسێنیش لە هەموو کتێبەکانیدا ئەم میتۆدەی بەرەو پێش برد، بە تایبەتیش لە کتێبی (لە شیعری نەزانیدا – فی الشعر الجاهلی)کە تیایدا ئاماژە بۆ چیرۆکە قورئانییەکانی ئیبراهیم و ئیسماعیل دەکات بەو پێیەی گرنگییەکانیان لەو ڕووەوە نییە کە ڕووداوی مێژوویین. دوای ئەو ئەمین خولی هات، کاتێ وای دانا (ئەدەبییەتی قورئان)سیمایەکی بنەڕەتییەو پێش هەموو سیماکانی دی دێت و شیکردنەوەی ئەدەبی و هونەری گوتن پێش هەر شیکردنەوەیەکی فەلسەفی و فیقهی دەکەوێت، هەر یەکە لە عائیشە

عەبدولڕەحمان لە (التفسیرالبیانی) و محمەد ئەحمەد خەلەفوڵلا لـە نامەکەیـدا (هونەری چیرۆکی لە قورئانـدا)و شـوکری عـەیاد لـە ماسـتەر نامەکەیانـدا ئـەم میتۆدەیان پەیڕەو کرد.

منیش لە میانەی پێشـکەوتنی تیـۆری ئـەدەبی و زانسـتی دەقـدا خۆم بـە شـوێنپێ هـەڵگری ئـەم ئاراسـتەیە دەزانم، کـاتێ (چـەمکی دەق ــ مفهوم النص)م نووسیی مەرجەعییەتی یەکـەمم شـێخ ئـەمین خـولی بـوو دەربـارەی ئـەوەی کـە بـە (ئەدەبییـەتی قورئـان) نـاو دەبرێ.

*** بەرای تۆ هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو میتۆدە و جێگیرنـەبوونی لـە نـاو زانکۆ و لە دەست نەهێنانی جۆرێك لە بەردەوامی لە دەزگاکاندا چییە؟**

**ئایـا هۆکـاری سیاسـی لـە دەرەوەی زانکـۆی لـە پشـتە؟ یـان ئەمـە تەنگەژەیەکە لە ناو خودی فیکرەکە خۆیدا؟**

– هۆکار گەلی ئاڵۆز هەن... پێویستیشە لەسەرمان چاوکراوەو بە ئاگابین لەوەی کە نزیکبوونەوە لە قورئان سەرەڕۆیی و جێـی مەترسـییە، ئەمـەش لـە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە وایە، واتا ئەو سەردەمەی کە دەسەڵاتی سیاسـی تیایدا بە پلەی سـەرەکی دەوری لـە بنبڕکردنـی ئـەو کێشمەکێشـەدا بـینی کـە دەربارەی بیرۆکەی (خەلقی قورئان)هاتە گۆڕێ، لە سەرەتادا خەلیفە مـەئمون دەستی لە کارەکە وەردا و هەوڵیدا بیرۆکەی (خەلقی قورئان)بە هێزی دەوڵەت بسەپێنێ و سزای ئەو کەسانەی دەدا کە باوەڕیان بەم بۆچوونە نەبوو، پاشان موتەوەکیل هات و بۆچوونی پێچەوانەی ئەمەی سـەپاندو ئـازارو ئەشـکەنجەی (موعتەزیلە)کانیــدا. دوای دەرچــوونی (بڕوانامــەی موتەوەکیلییــە)دەربارەی

بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت، ئەو (بڕوانامە)یەی کە باسی لەوە دەکرد قورئان کۆن و ئەزەلییە، لەوکاتەوە ئەم کێشەیە چەقی بەست و پرسیارەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندی لاهوتییەکان مانەوەو راوەستان، بە پلەیەکی زۆریش بە ئاراستەی ئەشعەرییە جەنبەلییەکان، ئەم کارە بەو شێوەیە مایەوە تا سەردەمی رێسانس و پرۆژە چاکسازیەکەی (محەمەد عەبدە)، ئەو هەوڵیدا لەم مەسەلەیە نزیکبێتەوە، بەڵام پێدەچێ هەندێ ترس وای لێکردبێ پاشە کشە بکات.

*** بەڵام دوای شێخ محەمەد عەبدە، تەها حوسێن و شێخ ئەمین خولی و زۆری دیکەش هاتن، ئەوانیش بە هەمان شێوە لەم رێگایەدا پاشەکشەیان کردو نەیانتوانێ بەردەوام بن و تا کۆتایی پرسیارەکان بخەنەڕوو، بەڕای تۆ هۆکارەکانی چین؟**

– پێویستە لێرەدا ئێمە بەشێوە نێگەتیڤەکەی نەڕوانینە وشەی (پاشەکشە)هەروەها نەروانینە فیکر بەو جۆرەی کە دوور لە بزاوت و جوڵەی کۆمەڵگاو لە بۆشاییەکی تایبەتی خۆیدا دەسورێتەوە.

گەلێ هۆکار هەن کە لەم کۆنتێکستەدا دەتوانین کەڵکیان لێوەربگرین یەکەمیان: ئەوەیە کە زانکۆ ئەهلییەکان وەکو دامەزراوەی مەدەنی کۆمەڵگا لەسەر بونیادێکی دوالیزم وەستاون، نوێکردنەوە هەیە، بەڵام نوێگەری نییە، دامەزراوەی لە جۆری ئۆپێراو سکەلێدان (پارە دروستکردن)و زانکۆ و پەرلەمان هێنراون، بەڵام هەر بە لۆژیکی کۆن کار دەکرێت. کۆمەڵگای مەدەنی و لە

ناویشیدا زانکۆ دراوسـێی کۆمـەڵگای کلاسـیکین و پـەرە بـەو دەزگـا کلاسیکییانە نەدراوەو نوێگەریەکی سەیر و نامۆی لیٚ دروستبووە.

هەر ئەمەش بە ئاشکرا لە پرۆژەکانی چاکسازی دینیدا بـە دیـار دەکـەوێت بوونی ئەم جۆرە چاکسازیە پرۆژەیەکی شێواوی ئەو تۆی لێدەرچـووە کـە لای خۆیەوە دەیەوێت ئیسلام نویٚ بکاتەوە، تا ئەو ڕادەیـەی نوێگـەری رۆژئـاواش قبولٚ دەکات وەکو ئەوەی کەلتووری ئێرە خزمـەتکاری نوێگـەری بێـت، بـەبیٚ توخمەکانی پاکبوونەوە لـە کـەلتوور: لـە میانـەی شـەڕی (١٩٦٧)دا دیمـەن و شـێوەکە گۆڕاو هاوکێشـەکە لـە نێـوان نـاوەرۆك و لـق و پۆپەکانـدا پێچـەوانە بووەوە، نوێگەری نەبووە مەرجەعی تەئویلی کـەلتوور، بـەڵکو کـەلتوور بـووە مەرجەعی تەئویل بـۆ نوێگـەری، هـەر کـەلتووریش بـووە ئـەو ناوەرۆکـەی کـە لێکدانەوەی لەسەر دەکرا.

ئەگەر پرۆژەکەی محەمەد عەبدە و دوای ئەویش پرۆژەکەی تەها حوسێن لە نـاو خۆیانـدا تەنگـەژەو قـەیرانیان هـەبووە، ئـەوە ئـەم تەنگەژەیـــە دەرئـــەنجامی تەنگـــەژەکانی خـــودی رێنســـانس و تووشبوونی بوو بە ناڕوونی لەمەسەلەی (من و ئەویتر)دا. کاتیٚ تەها حوسێن لـە کتێبەکەیـدا (لـە شـیعری جـاهیلی)دا. وازی لـە میتـۆدی گومانی دیکارتی و ئەو ئاراستە بەڵگەییە نەهێنا کە خۆی پـەیڕەوی لێـدەکرد، بـەڵاّم بـە بێـدەنگی و تـرس و گومـانی بەرگریکارانـە کـە دەتوانین خەملانـدنی تێـدا بکـەین بـۆ ئـەم تەنگـەژەو ئاڵۆزییـە، لـە وەرگێڕانـــی (ئینســـکلۆپیدیای ئیســـلامی)لە ســـییەکانی ســـەدەی بیستەم دەبیبنین (کە ئەمین خولی یەکێك بوو لـە سەرپەرشـتیارانی

ئـەم پرۆژەیـە)، میتۆدگـەرایی تونـدو وردی ڕۆژهەڵاتناسـەکان بـووە مایەی دڵخۆشی و ڕێز و حورمـەتی زاناکـانی ئـەوکات، بـەڵام هەرکـە کارەکە لە پیرۆزی قورئان و کەسایەتی پێغەمبەر نزیك دەبووەو ئەو کات لەسەر ئەوە کۆك دەبـوون کـە ئـەم کـارە هێرشـکردنە بـۆ سـەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کـە دەزانـی کەسـی ڕۆژهەڵاتناس لە چوارچێوەی مەرجەعیدا وەکـو ڕەخنـەگرێك دێـت و بەپێ ی میتۆدی ڕەخنەی مێـژوویی، ڕەخنـە لـە کتێبـە پیرۆزەکـەی (ئینجیـل)و کەسـایەتی مەسـیح دەگرێـت. ئەگـەر کارەکـە لـە دەقـی قورئانی نزیك ببایەوە، خاڵی کۆبووەوەی هەستیار دەهاتنە پـێش و شوێن تـەماهی قورئـان لەگـەڵ (خـود و مـن)دا دەکـەوتن، لێرەشـدا ناتوانین لە کێشـەی ناسـنامەو پەیوەندییـە میکانیکییەکـەی لەگـەڵ دینــدا تێبگــەین، تــا لــە شــڵەژان و ئــالۆزی نوێگــەری و قــەیرانی داگیرکاری تێنەگەین.

*** با کەمێك لە کێشەی ناسنامە لە پەیوەندیدا بە دەقی قورئانی دووربکەوینەوە، ئەویش لە پێناو دووبارە داڕشتنەوەی هەندێ لەو پرسیارانەی کە ڕۆژهەڵاتناسـەکان خسـتوویانەتە ڕوو، کـە چـی تـا ئێســـتاش دوورن لـــە گفتوگـــۆ و ڕەخنـــە لەلایـــەن پســـپۆرانی لێکۆڵینەوەی قورئانی لـە چوارچـێوەی فیکـری عـەرەبی وعـەرەبی ئیسلامیدا. بۆ نموونـە" بۆچـی پێغەمبـەر لـە میانـەی هـەموو ئـەو کاتەی کەوەحی تێدا دابەزی و تا ئەو کاتەی کە کۆچی دوایی کـرد فەرمانی نەدا کـە ئایەتـەکانی قورئـان کۆبکرێنـەوەو لـە کتێبێکـدا**

**بپارێزرێت. بەڵکو ئەم کارە لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان ئەنجامدرا؟ دەقی قورئان چۆن لە دەقێکی زارەکییەوە کە عەقلەکان دەیانپاراست گۆڕا بۆ دەقی باوەڕپێکردو و نووسرا ئەم کارە لەبەر چی؟ دەتوانین چی بڵێیت دەربارەی حاڵی زمانی عەرەب لەو کات و نەبوونی خاڵ لە پیتەکاندا (سەرەتا پیتەکانی زمانی عەرەبی خاڵیان نەبوو-و). هەروەها دەربارەی جێ و شوێنی ئەم زمانە وەکو زمانێکی مرۆڤایەتی کە لەپەرەسەندن و گۆڕان نەوەستاوەو پەیوەندی ئەم دۆخە چییە بە پیرۆزی دەقی قورئانی، بەوپێیەی کە گوتەی خوایەو بە زمانی عەرەبی دابەزیوە؟ ڕای تۆ چۆنە؟ ئایا پێویست نییە بیرمەندە ئیسلامییەکان بچنە بنج و بناوانی ئەم کێشە و قەیرانانە، یان پێویستە بە جێیانبێڵێ بۆ ڕۆژهەلاتناسەکان و ئەوان قۆرخی کەن؟**

- بە دڵنیاییەوە پێویستە لێکۆڵەرە عەرەبەکان بۆ ئەم قەیرانە بگەرێنەوە، پێویستە بە مێژووی قورئان و چۆنییەتی گۆڕانی لە دەقی زارەکییەوە بۆ دەقی باوەڕپێکراوی نووسراودا بچنەوە، نەك بە تەنها لە سەردەمی خەلیفە (عوسمانی کوڕی عەففان) کە بە هۆی پێکهاتەکەی و نەبوونی خاڵ و نیشانەو جوڵە تیایدا بە ئاسانی نەدەخوێندرایەوە، بەڵکو بەردەوام بن تا دەگاتە ئەو نوسخەیەی ئەمڕۆ لەبەر دەستماندایە و خاڵ و نیشانەو جوڵەی هەیە. بەلام ئەمانە تائێستا لە خانە و چوارچێوەی بیر لێنەکردنەوەدان، من کاتێ (تێگەیشتنی دەق)م نووسی تەواو لەمە بەئاگا بووم، بەلام بەشێوەیەکی کاتی دوورم خستەوە، چونکە من بە

بەرجەستەکردنی تێگەیشتن لە دەق و کارکردن لە ناو زانستی تەقلیدی قورئان و هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی نوێی ئەم زانستە خەریکم و پێیەوە سەرقاڵم، هەر لەمەشدا تێگەیشتنی مێژوویيم بۆ بە دیارکەوت، بەو مانایە قورئان دەقێکی ئەو تۆی نایەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە، چونکە مێژوویێتی بەوە لێکدرایەوە کە بە واتای (زەمانی)دێت، هەروەها رۆشنبیریش بەوە لێکدرایەو کە تێکدانی موقەدەسە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کتێبی (تێگەیشتنی دەق)ئاماژەی ڕوون و ئاشکرا هەیە، بۆ لێکۆلینەوەی فراوانتر لە ئایندەدا، دەربارەی مێژووگەرێتی دەق و زمان و باوەڕمەندی دەق، ئەمرۆ من خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارانەم بە هیچ لە میانەی میتۆدی رەخنەی مێژوویی، بەبێ هەستکردن ترس و هەڕەشەیەك، بەلاَم بە جۆرە وریاییەکەوە کە ناکرێ لە کارەکان کەم بکەینەوە. ئاسۆیەك لە بەردەممدا کراوەتەوە و هێڵی ئەو پەیوەندییە ئەندامی تەواوە هەڵدەوەشێنێتەوە کە لە نێوان زمانی قورئان و نامەی قورئانیدا هەیە، بەو خەیاڵەی کە زمانی قورئان خۆی موقەدەسەو دابەزیوە.

*** ئەمە دەمانگەیەنێتە خاڵێکی بنەڕەتی کە تۆ لە یەکێك لە وتارەکانی ئەم دواییەتدا ئاماژەت بۆ کردووە، لە میانەی هێنانی بۆ چوونی (جەلالەدین سیوتی) باس لەوە دەکەی کە قورئان تەنها بە (مانا)بۆ گەورەمان محەمەد هاتۆتە خوارەوەو ئەو بەزمانی عەرەبی دایڕشتووە، ئەم ڕایە ئاسۆیەکی فراوان دەکاتەوەو بەرەو بیرۆکەیەکی جەوهەریمان دەبات، تۆ دەڵێی قورئان بە زمانی مرۆڤایەتی نووسراوەو ئەم زمانەش چ لە پێش قورئان و چ دوای قورئانیش لە پەرەسەندندایە، ئەویش وەکو بوونەوەری زیندوو بە**

**هۆی بەریەککەوتنی لەگەڵ واقیعدا دەگۆڕێت لە میانەی گۆڕانی دەلالەت و گوتە و ماناو بەکارهێنانەکانی دەگۆڕێت، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا لای هەنێك وا بەدیار دەکەوێت، کە ئەمڕۆ زمانی عەرەبی لە جیهاندا تاکە زمانێکە رێزمان و نەحوەکەی ڕێگەی نادەن بگۆڕێت، وەکو ئەوەی شتێکی موقەدەس بێت؟**

– ئەمە خەیاڵ و وەهم و نا دروستە، ئەگەرچی نەحوی پێوانەییش وەکو خۆی مابێت، بەلاّم پێکهاتەی عەرەبی جیاوازیی تێکەوتووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

*** من بە تەواوی لەگەڵ تۆدا هاوڕام، بۆ ئەمەش ئەوەندە بەسە کە زمانی ئەمڕۆ رۆژنامەگەری و ئەدەب، بە زمانی دەقە کۆنەکان بەراورد بکەین، تاکو هەست بەو ڕێژە زۆرەی گۆڕان و پەرەسەندن بکەین کە بەسەر زمانی عەرەبیدا هاتووەو بەسەری دادێت، ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمان بونەوەرێکی زیندوو و گۆڕاوە، بەلاّم بابگەرێینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکە، تۆ لە میانەی سیوتیدا پەنجەت لەسەر جەوهەری کێشەکە داناوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، من هەست دەکەم تۆ تا ئێستاش دوودڵ و ڕاڕای لەوەی کە تا کۆتایی لەگەڵ پرسیارەکاندا بڕۆی، هەروەها تێبینی هەمان شت دەکەین لای بیرمەندێکی دی کە (محەمەد ئارگۆن)ە، وەکو ئەوەی کە ئێمە لە دەرگاکان بدەین، بەلاّم ئەوان نەمانبەنەوە ناو ئەو پرسیارە گەرموگوڕانەی کە بەبێ ئەوان بوارێك نییە بۆ دەرچوون لەم تونێلە؟**

– ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم کە تۆ دەیڵێیت، دوودڵی و ڕاڕایی لە ناخی مندا هەیە، بەلاّم ئەم ترسە لەسەر کەسایەتی منەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو

لە بوونی تۆوە دێت کە لـە چوارچـێوەی نموونەیـەکی پـارادایمی کەلتورییـەوە دێت و هەوڵی تێکشکانی دەدەیت، کـردەی تێکشـکاندی سیسـتـەمی مـەعریفی باو و جێگر، پێویستی بەدامەزراندنەوەی سیستەمی مەعریفی نویٚ هەیـە، ئـەم کارەش تەنها تاکە کەسێك ناتوانیٚ پێی هەڵسیٚ.

بەڵکو دامەزراندنەوەی پێویستی بە کۆمەڵ هەیە، ئێمە تا سـاتی ئێسـتاش لەسەر ئەو سیستەمە مەعریفییە کار دەکەین کە شافیعی لە سەدەی سـێیەمی کۆچی دایمەزراندووە، ئەم سیسـتـەمە مەعریفییـە لەسـەر ئـەوە دامـەزراوە کـە دەق موقەدەسە، چونکە هەم زمانەکـەی و هـەم نامەکـەی دروسـتکراوی مـرۆڤ نین.

هەولْدانیش بۆ تێکشکاندنی ئـەم سیسـتـەمە، بـەلاٚم زمانەکـە ئیلاهـی نییـە بەڵکو بەشەرییە، ئەمەش تـەنها بـۆ قورئـان وانییـە، بـەڵکو بـۆ هـەموو کتێبـە پیرۆزە ئاسمانییەکانی دیـش وایـە، بـەلاٚم وەحـی چـەمك و تێگەیشـتنێکە کـە تەواو پەیوەسـتە بـە سیسـتـەمێك لـە گەیانـدنی (بـا — ن — زمانـەوانی)، دوای ئەوەش وەحی قورئان بۆ پێغەمبەر محەمەد بە رێگەی سیستەمێکی زمانەوانی نـــەبووە، بۆیـــە بـــۆ دارشـــتنی نامـــەی مرۆڤایـــەتی لـــە ئیســـتادا و لـــە پێنـــاو دامەزراندنـەوە و تێگەیشـتنێکی لـەم جـۆرە، تـەنها وەرگـرتنی زمـانی قورئـان بـەس نییـە، بـەڵکو پێویسـتی بـە گەڕانـەوەو دامەزراندنـەوەی ئـەو بنـەما لاهوتییانە هەیە کە رێگا بەم کارە دەدەن.

*** بەلاٚم ئایا دامەزراندنی بنەمای لاهوتی لـەم جـۆرە، دەچێتـە چوارچـێوەی رۆڵـی لێکۆڵـەر، یـان بـە پیـاوانی ئایینییـەوە دەلکێنریٚ؟ بۆچی میتۆدی رەخنەی مێژوویی، تا ئێستا دەستە**

**پاچەیە لە خستنەرووی پرسیارەکانی خۆی لە ناو فیکری دینی، تەنانەت هەندێجار دەبینین کە بۆتە دیلی (تابۆ)کانی ئەم فیکرە؟**

– سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە، بە دڵنیاییەوە دامەزراندنی بنەمای لاهوتی نوێ کاری لێکۆڵەرە، ئێمە لێرەدا لە بازنەی چاکسازی دینی دەچینە دەرەوەو دەچینە بازنەی رەخنەی مێژوویی، ئەم جیاوازەیەش لە ساڵی (١٩٦٧)ە وە بەدی هاتووە. بەلاّم سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە، وا دیارە وێنەکە بەم شێوەیە، بەلاّم ئەم وێنەیە هەڵەیە، من دوو نموونەت لە فیکری دینی تەقلیدی بۆ دەهێنمەوە کە بە پێی میکانزمی تایبەتی خۆیان کار دەکەن، بەلاّم کاریگەری ئەو تەحەدایانەیان لەسەرە کە میتۆدی رەخنەی مێژوویی دەیخاتەڕوو، هەر چەند دانیشی پێدا نانێن. نموونەی یەکەم“ فتواکانی شێخ یوسفی قەرزاوییە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت و پەیوەندیان بە ژیانی موسوڵمانان لە ئەوروپا، قەرزاوی هەر چەندە تەسلیمی بیرۆکەی مێژووگەرێتی نابێت بەو پێیەی ئەم بیرۆکەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئاگایی ئەو دایە، بەلاّم کاریگەری ئەو تەحەددایانەی لەسەرە کە ئەم بیرۆکەیە چالاکانە دەیخاتە ڕوو، سەرەڕای ئەمە کاریگەری چوارچێوەی ئەم فتوایانەی لەسەرە کە لە میانەی (ئەنجوومەنی ئەوروپی بۆ فتوا)دەردەچن، ئەمە وای لە قەرزاوی کرد کە بڵێت:

ئەو ئافرەتە ناموسوڵمانەی کە دێتە سەر ئاینی ئیسلام و دەبێتە موسوڵمان، ڕێگای پێدەدرێت کە لای مێردە ناموسوڵمانەکەی

بمێنێتــەوە. ئەگــەر قــەرزاوی ئیجتبهــادی خــۆی لەســەر بنــەمای شۆرشگێڕی لاهووتی و بنەمای ئازادی دا بونیاد نەنابێت و تەنانـەت لەسەر بنەمای بانگەوازە و لە پێنـاو خۆشەویسـتکردنی ئیسـلام لای خەڵك، ئەوا لە ناو بنەماکانی ئەو بانگەوازەی ڕایگەیاند، لە ناو ئەو فتوایەدا هەموو ڕێوشوێنەکانی ڕەخنەی مێژوویی دەبینرێ.

نموونەی دووەم، وەڵامەکـەی شـێخی ئەزهـەر (ئەلتـەنتاوی)ە بـۆ پێشەوای (ئیخوانی موسلیمین)مستەفا مەشهور،

دەربارەی بابەتی قیبتییەکان و دانی جزیە، شێخ تەنتاوی گوتی کە جزیـە مومارەسەکردنێکی مێژووییە... ئەگـەر مـن دانیشـتنم لەگـەڵ شـێخ تـەنتاوی هەبوایە دەمپرسی چۆن (مومارەسـەیەکی مێژووییـە!!! ئەمـە قورئانـە؟)واتا پرسـیار دەکـرێ" ئایـا تـۆ دەڵێـی ئـەم دەقـە قورئانییـە لـە ئێسـتادا بۆتـە نـەگونجاو؟ لێـرەدا تـۆ ئـەوە ئاشـکرا دەکـەی کـە تێگەیشـتنی قورئـان وەك دەقێکی مێـژوویی دژەی کردۆتـە نـاو (نائاگایی)ئـەو، ئـەو پەیوەندییـە کـپ و بێدەنگەی لە نێـوان گوتـاری دیـنی و میتـۆدی ڕەخنـەی مێـژوویی لـە ئاسـۆی گوتاری گشتی بە دیاری دەکەوێت، ئەو نیازە بە دیار دەخات کە ئـەم گوتـارە دامودەزگـا و دامـەزراوەی لـە بەردەسـتدایە، دەسـەڵاتی بـە دەسـتەو لەگـەڵ دەســەڵاتدا درێــژ دەبێتــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەو پرســیارانەی تــۆ بــە قەدەغەکارییەوە دەیانڵێیـت، لـە سـەریدا جێبـەجێ بـووە، لێـرەوە پێویسـتە ئێمە تواناکانی پـەراوێز ببینین کـە چـۆن ناوەنـد تێکدەشـکێنێت و دەجوڵێـت. دوای ڕووداوەکەی (١١)ی سێبتەمبەری ئەمـەریکا، گەرموگوڕیـەك دروسـتبووە بە ناوی نوێکردنەوەی گوتاری دینی، هەڵبـەت لـە نـاو ئـەم گەرموگوڕییەشـدا،

گوتارگەلی مشتومڕو بەرگریکردن و پۆزشخوازی هەیە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە تەسلیمبوونێك بەم کارە هەیەو بەرگەی ئەم دۆگماییە ناگریٚ.

*** ئەگەر کارەکە بەرگەی ئەم دۆگماییە ناگریٚ، بۆچی ئەو لێکۆڵەرەی پێش کەمێك ئاماژەت بۆی کرد شڵەژاو و ڕاڕا بوو؟**

– ئەو پرسیارەی لەم ساتەدا هەندیٚ کەس بەردەوام لێمی دەکەن ئەوەیە: خەڵك بە ناوی ئەفسانەوە دەمرن، دوژمنەکەشت بە شێوەیەك و شێوەیەکی دی ئەفسانەکەی خۆی تەوزیف دەکات، وەکو ئەوەی تۆ بتەویٚ ئەفسانەکانمان لێك هەڵبووەشێنیتەوە، لە پێناو ئەوەی شکستمان پیٚ بێنی لە بەرامبەر ئەفسانەی (ئەویتر)دا؟ هەروەها دەڵێن: ئێمە ئێستا لە ژێر هەڕەشەیەکداین کە ناگونجیٚ دەق و تەئویل تێکبدەین.

هەڵبەت وەڵامی منیش ئەوەیە کە ئەمە تێکدان نییە، ئەو سەرنەکەوتنەی کە ئێمە تیایداین، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بنبەستبوونی هۆشیاری و ئاگاییمان، ئەگەر ئێمە بمانەویٚ بە هۆی نەفسانەکانی خۆمانەوە شەڕبکەین، ئەوا ئەفسانەکانی ئێمە لەسەر ئەفسانەکانی دوژمن وەستاوەو پایەی خۆی راگرتووە، پاشان ئەمەش لاواز بووە، چونکە لەسەر بنەمای خۆی دامەزراوە، بۆیە ئەویش بە هۆی ئەفسانەی ئایدۆلۆژیاوە دژت دەوەستێتەوە لە هەمان کات چالاکانەش بە هۆی زانست و عەقل و وشیاری دژایەتیت دەکات، کەواتە من لەگەڵ ڕایەکەی تۆ دام، پێویستە پرسیارەکان نەوەستن و بەردەوام بن و پێویستە تا کۆتایی لەگەڵ پرسیارەکانمان بڕۆین، ئەگەر من یەکێکم لەو دوودڵ و ڕاڕایانە، ئەوە من نکۆڵی لەوە ناکەم، چونکە من داواکار نیم، دواجار تۆ لە ژینگەیەکی رۆشنبیری کاردەکەیت و بەڕەهایی تەسلیم نابیت، بەڵام

ناتوانی ئەوەش لـە بیربکـەی کـە تـۆ دەتـەوێ گوتارێك بەرهـەم بـێنی مایـەی ڕەزامەندی بێت و جێبەجێ بکرێ، ئەوە ئەگەر جێـی سـەر سوڕمانیش نـەبێ، هەر ئەمەشە کە محەمەد ئارگۆن ناوی دەنێت (رازیکردنی نـاوکۆیی) واتـا هـەر شتێك بەرهەم دێت، تۆ وەك پێویست ئینتتیمات بۆی دەبێت، بەو مانایەی تۆ ڕەخنــەی خــۆت لــە ناویــدا بەرهــەم دێــنی و تــۆ مــەحکومی بەبنــەماکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە لە ناویدا، هەرچەندیش خۆت لە بنەماکانی رازی نەبی، کەواتە ئێمە لە تەنگـەژەداین، ئـەو شـتەی کـە نووسـینەکانی (سـادق جـەلال) عەزمی بەر بڵاوکردووە، گرنگییەکەیەتی، چونکە ئەو لـە دەرەوەڕا دێـت، واتـا لـە دەرەوەی بازنــەی ئیمـان، ئێمـە لێـرەدا دەربـارەی کۆمـەڵگاو کـەلتوور و دامەزراوە دەدوێین. تۆ داوا لە بیرمەندێك دەکـەیت کـە ئـەم دامەزراوانـەت بـۆ تێکبشـکێنێ بـە نووسـینی کتێبێـك یـان پێشکەشـکردنی موحازەرەیـەك یـان بەبەرنامەیــەکی تەلــەفزیۆنی کــە پێــنج دەقیقــەی قســەکردووە لــەو پیــنج دەقیقەیەشدا نیوەیـان بڕیـوە لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەوچـالاکانە کاردەکـات بـەڵام تواناکانی زۆر لە تواناکانی دامەزراوەکان کەمترە.

بـا بڵـێین هـیچ کتێبێـك نـاتوانێ تێکشـکان دروسـت بکـات ئەگـەر بـۆ کەلتوورێکی گشتی نەگۆڕێت بـەهۆی ناوەنـدەکانی گواسـتنەوەی مەعریفـە لـە ئاستەکەی خۆیەوە بۆ ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی خەڵك، ئەمـەش بـۆ ئێمـە کارێکی نەکردەیە، ئەویش بە هۆی نەبوونی دیموکراسییەت و نەبوونی ئازادی و نــەبوونی دامودەزگــاو دامــەزراوەو نــەبوونی هۆکارێــك بــۆ هــەڵگرتن و گواستنەوەی مەعریفە، هەروەها لە بـەر کـۆنترۆڵکردنی دەزگاکـانی راگەیانـدن لەلایـەن دەسـەڵاتەوە بەشـێوەی جـۆراو جـۆر، هەڵبـەت مـن لێـرەدا رێگرییـە

دەروونییەکان هەڵنا ڕێژم، بەڵام ئەو سنوورانەت بۆ ئاشکرا دەکەم کە کاریگەری دەخەنە سەر نووسینەکانم.

*** دەگەڕێمەوە بۆ سەر قسەکەت دەربارەی (مێژوویێتی دەق)گوتت، مێژوویێتی دەق (زەمانیبوون)ی ناگەیەنێ، هەروەها مانای نکوڵیکردن لە ئیلاهیبوونیشی ناگەیەنێ، بەڵکو بەو مانایە دێت کە قورئان لە مێژوویێکدا دابەزیوەو کارلێکێکی ئازادانەی لەگەڵدا کردووەو بەردەوامیش دەبێت لە کارکردن لە ناو مێژوودا، هەروەها سیمای سەدەی حەوتەمی زایینی لە خۆیدا هەڵگرتووەوە دەربڕی هەلسوکەوتەکانی عەرەبە لەو کات و لە پێگەی ئەوان لە جیهانی کۆندا و حاڵەتی مێژوو بۆ ئێمە پێچەوانە دەبێتەو بە بەراورد لەگەڵ پێش دابەزین و ساتی دابەزینی، ئەم قسەیەی تۆ، بانگەشە بۆ دامەزراندن و کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوان بۆ گفتوگۆو زۆرێك لە بەربەستەکانی بەردەم عەقل تێکدەشکێنێ، کەواتە تۆ چۆن پاش ئەمە داوا لە ئێمە دەکەی کە ئارامبگرین لە خستنەڕووی پرسیاری نوێ؟**

– ئەگەر ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە لە ناو بازنەی ئیماندا کاربکەین، کەواتە ئێمە ملکەچی دانپێیانراوێکی جێگیرین، ئەمەش پێویستی بە جووڵەو بزاوتێك هەیە کە بە ئارامگرتن رازابێتەوە، پێویستی بە کاتێکی زۆرو کۆمەڵێکی زۆر لێکۆڵەر هەیە، بۆ نموونە (مێژوویێتی دەقی قورئان)بەو مانایەش دێت کە بەشێك لە قورئان بە حوکمی مێژوو لە کار کەوتووەو تەنها وەکو گەواهییەکی مێژوویی ماوەتەوە، بۆ نموونە" ئەو ئایەتانەی باسی

کۆیلایەتی دەکەن، یان حوکمەکانی پەیوەست بەو بابەتە، پاش ئەوەی ئەم سیستەمە لە سەردەمی ژیانی ئێمەدا نەماوە، ئەم ئایەتانە تەنها بۆ پەندو ئامۆژگارین، ئەمە هەنگاوێکە کە نابێ تەنها بیلێیت و بڕۆی، بەڵکو لێرەدا کردەی دروستکردنی ئاگایی هەیە و تۆ لەسەرتە بەردەوام ئەم ئاگاییە بە هۆی نموونەو بەڵگە قوڵبکەیتەوە... بەردەوام ئەوە بڵێیتەوە کە نووسیوتە، کەواتە مێژوویّتی دەق و ئینتیما بۆ کەلتوورو کرانەوەی بەڕووی تەئویلدا لە کەلتوورە جیاوازەکان، راستە قەیرانێکە کە زەمینەیەکی گرتۆتەوە، بەڵام لە ئاگایی گشتیدا جێگیر نەبووە، هەڵبەت من ناڵێم با دانیشین و چاوەڕێ کەین، من کاردەکەم و دەجوڵێم، من ئێستا دوای ئەوەی شوێنم و قوتابییەکانمیان لە ناو زانکۆی میسردا لێزەوت کردم بە تەنیا کاردەکەم.

*** لە هەمان ڕێڕەودا، تۆ یەکێك لەوانەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەیتەوە کە قورئان پێکهاتووە لە کۆمەڵێك دەقی ئەوتۆ کە ئەم دەقانە بە پێی دابەزینی زەمەنییان ریّك نەخراون، بەڵکو بە جۆرێکی دی رێکخراون کە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە، ئەگەر پرسیار بکرێ کە بۆچی قورئان بە پێی زەمەنی دابەزینی ریّك نەخراوە؟ ئەوە ئەم پرسیارە لە رووی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە کارێکی ئاساییە، چونکە ناکاتە گۆمانکردن لە حیکمەتی خواو قودسییەتی دەق؟**

– ئەو حەقیقەتە مێژووییەی کە گومان هەڵناگرێ ئەوەیە کە رێکخستنی ئێستای قورئان بە پێی کاتی دابەزینیان نییە، ئەو رێکخستنە خوێندنەوەییەی ئێستا هەیە نادیاری و ناڕوونی لە ڕێرەوەکەدا دروستکردووە، ئینجا هەر

نزیکبوونەوەیــەکی میتۆدگەرایانەشــی بــۆ ڕاڤــەکردن و لێکدانــەوەی قورئــان پێویستی بە نزیکبوونەوە هەیە لەم ڕێڕەوە.

بــۆ شــیکردنەوەی قورئــان، دوو جــۆر نزیکبوونــەوە هەیــە، نزیکبوونەوەی (یەك بە دواییەکی)و نزیکبوونەوەی (بەپێی زەمەن). کۆکردنــەوەی ئــەم دووانــە بەیەکــەوە زۆر گرنگــە لــە هــەر جــۆرە نزیکبوونەوەیەکدا.

ئەگەر قورئان تەنها بە پێی ڕێکخستنی دابەزینی شیبکرێتەوە، ئەوە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ قورئاندا دەکەم کە کتێبێکە لە ناو مێژوودا، بەڵام وانییە، ئەگەر تەنهاش بە ڕێکخستنی خوێندنەوەیی ڕازی بووین من بەوە ڕازیم کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا لایەنی مێـژوویی فـەرامۆش بکـرێ، بـەدەربڕینێکی دی ئەگەر ئێمە گوتمان مێژوویی (مرۆیی)و ئیلاهییە، ئەوا خـودی بونیادەکـەی خــۆی ئــەم لێکدژییــە ڕوون دەکاتــەوە و ئــەم دووڕەهەنــدە دژ بەیــەك دەوەستنەوە، ڕێکخستنی قورئـان بـەمجۆرەی ئێسـتاو دابەشبوونی ئایـەت و سوورەتەکان بەم ئاشـکرییە، دژی ئـەوە دەوەسـتێتەوە کـە بەشـێك بـێ لـە مێــژووداو لــە ناوەوەیــدا پێشــکەوتن و پەرەســەندن ڕوویــدابێت، هەرچــی ڕێکخســتنەوەیەتی بــە پێــی بنــەماکانی دوور لــە مێــژوو ئــەوە تــا ئێســتا نەدۆزراوەتــەوە، بیرۆکەکــە جــەخت لــە ســەر ئــەوە دەکاتــەوە کــە نامەکــە موقەددەسە.

هــەر بــەراوردکردنێك لــە نێــوان بونیــادی (مێــژوویی)قورئان و بوونیــادی (نامێژوویی)، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بەرفراوان و قووڵ و گرووپی کـارکردنی بە کۆمەڵ هەیە کە ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵەر تیایدا بەشداربن، (١١٤)سـورەت

هــەن کــە هەنــدێکیان (مەککــەیی)ن و ئەوانیــدیش (مەدینــەیی)ن، پێشــتر ڕۆژهەڵاتناسەکان کاریان لە سەر کردووە، بەڵام دەبێ کار لە سەر ئایەتەکان و گەڕانەوە بۆ ماددەی مێژوویی بکرێ و کار لەسـەر رەخنـەی ئـەو (گێرانەوانـە) بکرێ کە تایبـەتن بـە (هۆکارەکـانی دابـەزین). هـەروەها دەبـێ کـار لـە سـەر بوونیادی ناوەوەی ئایەتـەکان بکرێت، چـونکە کەشـفکردن تـەنها لـە میانـەی بڕوانامــە دەرەکییەکانــەوە نــاکرێ، بــەڵکو پێویســتە لــە میانــەی بونیــادی ناوەوەش کاری لە سەر بکرێت، ئەگەر ئاراستەکردن و خسـتنەڕووی پرسـیارە جەوهەرییــەکان لــە توانــای تاکەکانــدا بێــت، ئــەوە بەرهــەمهێنانی مەعریفــە پێویستی بە بونیادی زانستی دەزگاو دامەزراوەیی هەیە، پێویستە ئەوە لە بیر نەکرێ کە رەخنەی مێژوویی بۆ کتێبی پیرۆز (ئینجیل) بە هـۆی شۆڕشـێکەوە لە ناوەوەی (کەنیسـە)هاتەدی، بـەڵام لـە دامـەزراوە ئیسـلامییەکانی ئێمـە تـا ئێستاش ملیۆنەها کتێـب دەربـارەی مـوعجیزەی زانسـتی قورئـان و سـوننەتی پێغەمبەر بەرهەم دەهێنرێ، پاشان ئایا ئێمە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، بەراسـتی لێکۆڵینـەوەی ئیسـلامیمان هەیـە بـە مانـای زانسـتی (وشـە)کە ! ؟ نەخێر..

یـەك دامــەزراوەش نییــە کــە وەکــو بابــەتێکی لێکۆلینــەوە لــە قورئــان بکۆڵێتەوە، بەڵکو هەمووی لەو چوارچێوەیە لێی دەکۆڵنەوە کە بابەتی ئیمانی و پەندو ئامۆژگارییە، ئەزهەر" وەکو دامەزراوەیەك، لە چوارچێوەی کارەکانیدا نایــەت لــە ڕووی مێژووییــەوە لــە قورئــان بکۆڵێتــەوە و شــیبکاتەوە، بــەڵکو کارەکەی ئەو، ئەوەیە قورئان فێری خەڵك بکات و راڤەی بکات، بۆیە پێویستە لە سەرمان داوا لە بیرمەندان نەکەین کە بە تەنیا موعجیزەمان بۆ بخولقێنن.

*** بەگەڕانەوە بۆ (هۆکارەکانی دابەزین)، دەبینین کە قورئان بە یەکجار دانەبەزیوە، بەڵکو بە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ بۆ پێغەمبەر هاتۆتە خوارەوە، ئەگەر تۆ وای بۆ دەچی کە هەموو دەقی قورئان پەیوەستە بە واقیعەوە یان پەیوەستە بە پرسیارێك کە لە واقیعەوە هەڵقولاوە، ئەوا زیاتر لە هەشتا لە سەدی ئایەتەکان هۆکاری دابەزینیان دیارنییە، چۆن دەتوانرێ ئەو واقیعە مێژووییە بدۆزرێتەوە کە پەیوەستە بە ڕێڕەوی دابەزینی ئایەتەکان؟**

– سەرەتا ڕێبدە با لە چوارچێوەی زاراوەی نادیارو ناڕوون بچینە دەرەوە، جیاوازی هەیە لە نێوان (هۆکارەکانی دابەزین)وەکو زاراوەیەکی (جێگیر)بەو مانایەی کە لە فیقهـ و لە گێڕانەوە کەلتووریەکاندا هاتووە، لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانم ناوی بنێم ڕێڕەوی مێژوویی وەحی)، ئەم ڕێڕەوە ناتوانێ تێگەیشتنی هۆکارەکانی دابەزین بە مانا فیقهییەکەی بخاتە لاوە، بەلاَم بە شێوەیەکی رەخنەگرانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، چونکە هەندێ لە هۆکارەکانی دابەزین دژایەتیان تێدایە، هەندێکی دیکە یان پاساو بۆ مانایەکی دیاریکراو دەهێننەوەو راڤەکار دەیەوێ بیسەپێنێ. هەروەکو نابێ تەنها هۆکارەکانی دابەزینیش وەربگرین، وەك پێشتر کەمێکم لێی باسکرد.

بۆ نموونە" کاتێ سوڕەتی (ئەلبەقەرە)بەوە دەسپێدەکات (الم–ذلك الكتاب لاريب فيه) ئەمە وەلاَمێکە کە دواتر پرسیارەکەی راستەوخۆ نابینرێ، بەڵکو پرسیارەکەی پاشتر دەبینرێ، کاتێ دەربارەی ئەو پرسیارە دەدوێت

كە يەهوودييەكان لە پێغەمبەری (د.خ)دەكـەن و داوای لێدەكـەن لەوحەيـەكی وەكو هی موسا بێنیٚ" كەواتە بیرۆكەی كتێب كە لە ناو دەقـی قورئانیـدا هەيـە ڕێـڕەوی دابەزينيشـی هەيـە، بـەڵام پەيوەسـتكردنەوەی بـە ئايـەتێك كـە لەسەرەتای سوورەتەكەيە كارێكی زەحمەتە، چونكە پرسيارەكە لە ئايـەتێكی دی و لە شوێنێكی دی هەيە و پاشان بە شێوەيەكی ناديار، كاری لـە ڕێـڕەوی ئايەتی يەكەم كردووە، خاڵێكی تـر مامەڵەكردنـە لەگـەڵ دەقـی قورئـانی نـەك تەنيا لە ميانەی هۆكارەكانی دابەزين، بەڵكو لە ميانـەی ڕێـڕەوی مێـژوويی لـە ماناگشتيەكەيدا، هـەروەها لـە ميانـەی كەسـايەتی پێغەمبـەر محەمـەد (د.خ)و پەيوەندييەكانی بەكۆمەڵگاو كەلتوورەوە، ئەمانەش تا ئێستا لـە چوارچـێوەی (حەرام)دان.

*** لەمڕۆدا چۆن لە سوننەتی پێغەمبەر و ئارەزووی ئەو كەسانە تێدەگەی كە دەيانەویٚ ئەم سوننەتە موقـەدەس بكـەن، بـەو پێيـەی كـە بەشـێكە لـە (وەحی)؟**

– پێموايـە ئـەم قسـەيە بـە تـەواوی لـە هۆكـارە مێژووييـەكانی خۆيـدا شيكراوەتەوە، لەو ساتەوەی كەوا دانرا قورئان بە تەنيا بەس نييـە، سـوننەت بەكارهێنرا وەرگيرا، نەك وەك دەقی دووەم يان دەقـی ڕاڤـەكار، بـەڵكو وەكـو دەقێك كە خاوەنی هەمان ئەو بەهايەيە كە قورئان هەيەتی، تـا ئـەو ڕادەيـەی كە هەنـدێك وای بـۆ دەچـن و دەڵـێن: قورئـان زيـاتر پێويسـتی بـە سـوننەتە، تائەوەی سوننەت پێويستی بە قورئان بێـت، مـن لـەو بـاوەڕە دام كـە لەمـەدا لايەنێك هەيە زيادەڕۆيی تێـداكراوە، ئـاخر ئەگـەر سـوننەت لەمێـژووی فيكـری ئيسلامی بێنييە دەرەوە چی لێدەمێنێتەوە ؟!.

*** لەگــەڵ ئەوەشــدا، ئــەهلی ســوننە فــەرموودەکانی پێغەمبــەر بــە (وەحی)دانانێن بەو مانایەی وتەی خوا نییە ؟**

– نا... ئەمە ڕاست نییە، ئەمە هەروەکو ئەو (وەحی)یەیە کە پێغەمبەر دایڕشتووە، واتا قسەی خوایە بە زمانی محەمەد (د.خ)، ئیمامی شافیعی وای دادەنیٚ کە سوننەت، حیکمەتی باسکراوی قورئانە و لە بنەڕەتیشدا جیاوازی لە نێوان قورئان و سوننەت لە گوتەکەدا بەرجەستە دەبێت، سوننەت قسەی دابەزیوی خوایە بۆ محەمەد (د.خ)، بەڵام نەك بەزمانی خوا، بەڵکو بە زمانی محەمەد (د.خ)، واتا جیاوازییە کە لەلای شافیعی ئەوەیە کە قورئان لە خوێندنەوەدا جێگەی پەرستنە چونکە زمانێکە لە لایەن خواوە هاتووە، بەڵام سوننەت" قورئانێکە لە کاتی خوێندنەوەدا جێگەی پەرستن نییە، چونکە دارشتنەکەی دارشتنی محەمەدە (د.خ). لێرەدا پرسیار ئەوەیە" ئایا قورئان بەر لە دەرکەوتنی ئەم جیاوازییە، لە یەك کاتدا هەم قسەی خواو هەم زمانی خوایە، یان بۆیەش پرسیارکردن دەربارەی زمانی قورئان پەیوەستە بە پرسیارکردن دەربارەی سوننەت، هەروەها پەیوەستە بەوەی کە کەی چەمکە بنەڕەتییەکانی ناوەوەی ئەم سوننەتە پێکهاتوون، ئەو چەمکانەن سوننەتەکەیان بەشێوەی کۆتایی دارشتووە، بەڕای من ئەمە ئەوەیە کە شافیعی پەلەی تێدا کردووە.

*** کەواتە، لێکۆڵەر لە مامەڵەکردنی لەگەڵ سوننەئیشدا کێشەی پیرۆزێتی هەیە، هەروەکو ئەو کێشەیەی لەگەڵ قورئاندا هەیە؟**

– بەڵیٚ... ئەم دوو کێشەیە هەریەکەیان پەیوەستە بەویدییەوە، چونکە هەردووکیان (وەحی)ن، ئەمەش وامان لێدەکات دووبارە چاو بە چەمکی

(وەحی)دا بگێڕینەوە، ئایا وەحی بە پێی تێگەیشتنی دەبێ بەو قسەیەی خـوا (دوا پێغەمبـەر)داخراوەو دوایـی هـاتووە، ئـەی بۆچـی سـۆفییەکان باوەڕیـان بەوە نییەو دەڵێن (کۆتایی)بـە مانـای کۆتـایی (وەحـی)و تەشـریع دێـت نـەك کۆتـایی تێگەیشـتن؟ تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە (ئـیبن عـەرەبی)دەربارەی ئـەو فەرموودەی پێغەمبەر (هیچ پێغەمبەرێك لـە دوای منـەوە نایـەت) کـە دەڵێـت: هیچ شتێك بە قەدەر ئەم فەرموودەیە لە سەر ئەهلی خوا بـە هێزنییـە)، بـەڵام ئـەوان وای بـۆ چـوونە کـە هـیچ پێغەمبـەرێك نییـە کـە سـەردابنێت لـە دوای محەمـەد (د.خ)، دۆخەکـە لای ئـەو شـیعانەش بـە هـەمان شـێوەیە کـە وای دادەنێن (بۆ ماوەیی)زانسـت لای ئیمامـەکان بـە مانـای بـەردەوام دۆزینـەوەی نوێی مانای (وەحی)دێت لە مێژوودا.

هـەروەها چـەمکی (وەحی)لـە فەلسـەفەی ئیسلامیشـدا شـوێن و پایـەی خـۆی هەیـە، لەوێـدا لەسـەر ئـەو تێگەیشـتنە وەسـتاوە کـە پێغەمبــەر لەگــەڵ فەیلەســوفدا بەشــداری دەکــات، فەیلەســوف پەیوەندی بە عەقل و کردار، یان عەقلییـە کەمـەوە هەیـە هـەروەکو پێغەمبەر پەیوەندی بە (وەحی)یـەوە هەیـە، جیـاوازییش لـە نێـوان پێغەمبــەر و فەیلەســوف لــە (وەحــی)ی دانییــە، بــەڵکو لــە دەربڕینـەکانی وەحیدایـە" واتـا ئـەو زمانـەی بـە هۆیـەوە تـەعبیری لێدەکات، (حەی کوڕی یەقزان)گەیشتە هەموو ئەو مەعریفەیـەی کـە سـەلمان لـە ڕێگەیـەکی تـر (وەحی)یـەوە پێـی گەیشـتبوو و ئیمـانی پێهێنـابوو، بـەڵام بـۆ تـەعبیرکردن لـە (حەقیقـەت)، زمانـەکانیان جیاوازەو ئەمەش دەمانگوازێتەوە بۆ ئیبن روشد.

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ روون دەكەنەوە كە موسڵمانانیش بە هەمان ئەو جـۆرە پرسـیارانەوە خـەریكن و هەوڵیانـداوە چارەسـەری بـۆ بدۆزنـەوە، بـە گەڕانـەوەش بـۆ ڕەگوریشـەكانی كێشـەكە ناگەینـە ئـەم چارەسـەریانە، بـەڵام هێندە هەیە دەتوانین لە ڕێڕەوە مێژووییەكەیدا مامەڵە لەگەڵ كێشـەكە بكـەین و ئـەم چـەمكانە پەیوەسـت بكـەین بـە مێـژووە رۆشـنبیرییە دامركـاوەو پـەراوێزخراوەكانیان، ئـەمڕۆ ئێمـە هـەر چارەسـەرێ بدۆزینـەوە ناكەوێتـە دەرەوەی چوارچێوەی رۆشنبیریی، بەڵكو لە ناو ئەو چوارچێوەیە دەبن.

*** بەڵام تۆ لە هەندێ لە نووسینەكانتدا بۆ گەڕان بە دوای رەوایەتییەكی مێژوویی بانگەشەی (موعتەزیلەكان)دەكەیت، هەندێ جار چارەسەرییەكانیش هەر ئەوە لەخۆ دەگرێ كـە ئـەوان خسـتۆیانەتە ڕوو، بـۆ نموونـە، بیرۆكـەی (پیرۆزی قورئان) واتای (ئەزەلیبوون)ی ناگەیەنێ، چـونكە نـاكرێ بگـوترێ قورئانیش لەگەڵ (خودا)دا ئەزەلییەو وەكو ئەو (كۆن – قدیم)ە، ئەمەش سەد دەرسەد بیرۆكەیەكی (موعتەزیلەیی)یە؟**

– نـــەخێر.. لێـــرەدا پێویســـتە كارەكـــانم بەشـــێوەیەكی مێـــژوویی بخوێنییەوە، لە سەرەتادا ئەمـە ڕاسـت بـوو، بـەڵام لـەو بـاوەڕەدا نـیم ئێسـتا وابێـت، مـن ئـەمڕۆ ئەوەنـدەی نموونـە بـەوان دەهێنمـەوە بـۆ بـەراوردكردن و وێسـتگە مێژووییـەكان، ئەوەنـدە بـۆ گـەڕان نییـە بـە دوای شـەرعییەتی ئـەو بیرۆكەیـەی كەدەمـەوێ بیخەمـەڕوو ، بـەڵام مـن ئـیش لـە سـەر بیرۆكـەی (ئەزەلێتی)قورئان ناكەم لە شێوە دارشـتنە دینییەكـەی، بـەڵكو بـە زۆری لـە ڕێـڕەوە تۆمـاری و گێڕانەوەییەكەیـدا بـەكاری دەهێـنم، هـەروەكو لـە كتـێبی (بیركردنـەوە لـە سـەدەی تـەكفیردا)وامكردووە، چـونكە ئـەوەی بـەرەنگارت

دەبێتەوە بەهێزی کەلەپوور لێت دەدات، تۆش لەکاتی بەرپەرچدانەوەدا هەوڵدەدەی لێکدژییەکانی روون بکەیتەوە، بەوەی کە تەنها یەك لایەنی کەلەپوور وەردەگری، بۆیە لەو باوەڕدانیم گەڕانەوە بۆ (خەلقی قورئان) و(کۆنی قورئان)لە چوارچێوەی مەعریفەی (موعتەزیلەکاندا)بتوانێ کێشەیەکمان بۆ چارەسەر بکات، چونکە ئێمە ئەمڕۆ لە ئاستێکداین چوینەتە ناو کێشەی خودی زمانی قورئان کە موعتەزیلەکان بە هیچ شێوەیەك باسیشیان لێوە نەکردووە.

*** لە چوارچێوەی زمان و مەدلوولەکانی زماندا، هەندێ تیۆری پراگماتیکی لە فەلسەفەی (ئەنگلۆ ساکسۆنیدا) هەیە لە پێش هەمووشیان لە دوا توێژینەوەکانی فرینکشتاین، تۆش دەتەوێ ئەوە بسەلمێنی کە وشەو پێکهاتە زمانەوانییەکان مانا حەقیقی و یەکەمەکەیان لە ناو بونیادی دەقدا نادۆزێتەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو کردارانە دەدۆزێتەوە کە مرۆڤ لە ڕێرەوی واقیعی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکات؟**

– زمان لە بواری ئالوگۆڕپێکردنیدا وەکو پارەو دراو ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، بەلام دەقیش بەپێ ی (دال) و (ئاماژە)ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت و بوارەکانی کارکردنی دەگۆڕێت، ئەمەش ماناکانی زیاد دەکات، ئەگەر هەوادارانی تیۆری دەقی خاو (النص الخام) وای دەبینن کە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ دەق لە بواری ئالوگۆڕپێکردنە بنەڕەتییەکەیدا، ئەمە کارێکی نەکردەیە، چونکە وەکو پارەی کاغەزی ئاڵوگۆڕپێکراو تووشی تێکچوون و لە ناوچوون نابێت، دوای ئەوە زمان هەڵدەستێ بە گۆڕانکاری و نوێکردنەوە لە مانادا. بۆ نموونە" لە بەکار

هێنان و ئاڵوگۆڕپێکردنە یەکەمەکانی دەقی قورئانی هیچ دژایەتییەك نەبوو لـە نێـوانی (لم یلـد و لم یولَـد ولم یکـن لـة کفـوا احـد)و لـە نێـوان (یداللـە فـوق ایدیهم)واتا نەبووە لە نێوان (خودا)یەکی تەواو پـاك و بێگـەرد کـە هـیچ شـتێك وەکو ئەو نییە، لەگەڵ (خودا)یەك کە چاو و دەستی هەیەو خۆشەویستی و ڕق و کینەی هەیە، کاتێ ئەم پارادایمە لەبەر گەلێ هۆکار گۆڕانی بەسـەر داهـات لەگەڵیدا بواری ئاڵوگۆڕپێکردنیش گۆڕا (پەیوەندیکردن لەگەڵ (نا – عەرەب)و وەرگێڕانــی فەلســەفەو تێکهەڵچــوون لەگــەڵ فیکــری لاهــووتی و مەســیحی و...هتد)ئەم لێکدژانەیان ئاشکرا کرد، لێرەدا بیرۆکەکە ئەوەیە کـە دەبـێ تـۆ چەکدار بیت بە تیۆر لە زمان و تیـۆر لـە دەق و تیـۆر لـە زانسـتی ئاماژەکـان، چونکە دەق وەکو دەستەیەك بۆ ئاماژە دەگۆڕێت. بۆ نموونە: وشەی ئاسمـان (الســماء)لــە نــاو دەربڕینــەکانی قورئانــدا (ئاسمانــەکان و زەوی– الســموات والارض) لە ئاڵوگۆڕپێکردنـە بنەڕەتییەکەیـدا بـە مانـای هـەر شـتێك دێـت کـە بــەرزە، بــەلام وشــەی (ئاسمان)لــە ئــاڵوگۆڕپێکردنی دواتــردا دەگۆڕێــت بــۆ جیهــانێکی دەوڵەمەنـد بـە فریشـتەو جـن و عـەرش و...هتـد، واتـا (یەکـە) زمانەوانییــەکان لەمیانــەی بــواری ئاڵوگۆڕپێکردنیانــدا گــۆڕاون بــۆ یەکــەی ئاماژەیی. کەواتە دەقە دینییەکان لە کرداری ئاڵوگۆڕپێکردنیاندا بەردەوامن و توانای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مانایان هەیە، بەلام نەك بە مانای دووبـارە، بەڵکو لـە مانـای نـوێ و پێشـکەوتوودا، بێگومـان ئەمـەش لـە میانـەی خـودی دەقەکە خۆی نابێت، بەڵکو لە میانەی ئـەم مانایانـە دەبێـت کـە موسـوڵمانان دروستی دەکەن لەکاتی ئاڵوگۆڕکردنیدا.

*** بــەکارهێنانت بــۆ زاراوەی (پــارادیم) ســەرنجم بــۆ پەیوەندییــە ئەکادیمییــەکانی تــۆ ڕادەکێشــێت بــە هەنــدێ تیــۆری ڕۆژئــاوایی و هەنــدێ بیرمەندی ڕۆژئاوا، کە ئەمجارە دەبینین تۆ نموونە بەوان دەهێنیتەوە و تێکەڵ بەو گفتوگۆیانە دەبیت کـە لـە تێزەکـانی ئەوانـەوە دروسـت دەبێـت، ئەمـە سەرەڕای ئەوەی کە من هەست بە ئامادەییەکی شاراوەی ئـەوان دەکـەم لـە کارەکانی تۆدا؟**

– ئەگەر من لە توێژینەوەکانمدا سوودم لە هەنـدێ تیـۆر وەرگـرتبێ چ لـە دەقە بنەڕەتییەکانیان چ لە دەقـە وەرگێڕدراوەکـان، بـەلاَم زۆر پـێم لـە سـەر ئــەوە داگرتــووە کــە ئــەم چــەمکە ڕۆژئاواییانــە لــە کۆنتێکســتی ڕۆشــنبیری عەرەبیدا وەربگرم، هەروەها بە زمانی عەرەبی بە جۆرێك دەیاننووسمەوە، کە خوێنەر هەست بە نامۆیی ئەو زمانە نەکات، وەك ئەوەی لە ئاستە ئەکادیمییە بەرزەکاندا هەیە، ئەگەرنا چی لەوە ئاسانترە کـە مـن نموونـەی نووسـینەکانی فۆکۆ و دریدا بهێنمەوەو بیان چەسپێنم! ؟.

*** بــەلاَم زاراوەی (پارادایم)کــە تــۆ بــەکارت هێنــاوە، دەگەڕێتــەوە بــۆ توێژینەوەکانی (کۆن--kuhn-S-T)دەربارەی سەلمێنراوە زانستییەکانی نــاو فــەزای فیکــری ڕۆژئــاوایی، تــۆش لــە کۆنتێکســتێکەوە ڕایدەکێشــیتە کۆنتێکستێکی دی، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا تۆ بە مانای سەلمێنراوی زانســتی لای (کــۆن) بــەکاری دەهــێنی؟ بۆچــی خوێنــەری کتێبــەکانت ناگەرێنیتەوە بۆ سەرچاوەی تیۆرەکە؟**

– نەخێر...پێویستیش نییە من (پارادایم)بە هەمان مانا بـەکاربێنم بـەلاَم بە لایەنی کەمەوە بە مانای گۆڕان لە بنەڕەتەکانی مەعریفە دێـت، واتـا بـەلای

منەوە (پارادايم)گواستنەوەی بنەڕەتييە لە كايە رۆشنبيری و مەعريفييەكان و پرسی مێژووی بەكارهێنانی چەمكی تيۆريشم لـە رۆشـنبيريی رۆژئاواييـدا زۆر بـەلاوە گـرنگ نييـە، مـن سـەرقاڵی مێـژووی فيكـری رۆژئـاوايی و مێـژووی فەلسـەفەنيم، بـەڵكو تـەنها دەربـارەی چـەمك و تێزەكـان دەچـمە نـاو ئـەم گفتوگۆيانەوە، ئەگەر هەندێ لەو چەمكانەشم بەكار هێنابێ، يان ماناكانيان بە تەواوی روون نەبووبێتەوە بەكارم نەهێناون.

بەلاّم سـەبارەت بەسەرچـاوە، مـن سەرچـاوەی ديـاريكراو بـەكار ناهێنم، چونكە خوێندنەوە بۆتە بەشێك لە من، خوێنەری بە ئاگاش لە زاراوەكان، دەزانێ سەرچاوەكە چييە؟ بەتايبەتيش لەبەرئـەوەی كەمن لـە زمـانی عەرەبيـدا، تـۆش لێـرەدا بـە هـەر شـێوەيەك بێـت، بمخەيتە ناو ئەم تيۆرييەوە، محەمەد ئاركۆن بەم كـارەوە خەريكـە، پێويستە ئەوەشت پێبلێم كە من لە بابەتی ميتـۆدا دا زۆر قـەرزاری ئەوم، بەلاّم ئەوەش هەيە كە سەرقاڵی ئاركۆن بەم بابەتەوە، رێگای پێنادات كە بەوە خەريك بێت ئاخۆ چی لە دوای ئەمەوە هەيە؟!

ڕەنگـە تـۆ هــەموو تەمــەنی خــوت بەقســەكردن لەسەرچــارەنووس وهەڵسەنگاندن دابنێی، بەلاّم من لەخواردنگە خەريكی ئامـادەكردنی خـواردن بم.

*** ئەمە دەمانگوازێتەوە بۆ ئەوەی كە تۆ لەدەرەوەی جيهانی عەرەبيـدا ساڵانێكە وەكو مامۆستايەكی ميوان لە زانكۆی (ليدن) بەزمانی ئينگليزی وانە بە قوتابيەكانی ئەم زانكۆيە دەڵێيتەوە، سەرەڕای ئەمە تا ئێستاش زۆربـەی**

**كتێبەكانت بە زمانی عـەرەبی دەنووسـین، وەكـو ئـەوەی رۆح و فیكـری تـۆ هەرگیز جیهانی عەرەبییان بەجێنەهێشتبێ؟**

– نامەوێ لە كایـەی رۆشـنبیری عـەرەبی دوور بكەومـەوە، زۆریـش لـەوە دەترسم كە مانەوەم لە غوربەتدا وام لێبكـات ئینتیمـام بـۆ كایـەی رۆشـنبیری رۆژئاوا لادروست بێت، من سـوورم لەسـەر ئـەوەی كـە زۆربـەی كتێبـەكانم بـە زمانی عەرەبی بێت و زۆركەم بە زمانی ئینگلیزی دەنووسم، سەرەڕای ئـەوەی كە بەئاگام لە پرسـە گەرمـەكانی فـەزای فیكـری خۆرئـاوا، بـەڵام لایـەنێك نـیم تیایدا و نابمە بەشێك لە چارەسەركردنی پرسەكانی ئەوێ.

*** زۆر جار هەندێ ناوەندی رۆشنبیری و راگەیاندنی خۆرئاوا، پرسی ئەو رۆشنبیرە موسوڵمانانەی لە وەلاتەكانی خۆیاندا ئازاردراون و چەوساونەتەوە، بەهۆی رەخنەیان لە فیكری دینی" وەكو مەسەلەیەكی سۆزداری دەقۆزنەوە، بۆ پەردە پۆشكردنی ئەو هێرشە رەگەزپەرسـتانەیەی خۆیـان دەكەنـە سـەر ئیسلام وەكو (ئایین)ێك، ئایا گەیشتنی تۆ بۆ ئەوروپا كێشەی تۆشی بە هەمان ئاراستەدا نەبرد؟**

–ئەمە خاڵێكی زۆر گرنگە، بەڵام رێـم بـدەبڵێم كـە ئـەو رێـڕەوەی مـن بـە هۆیـەوە كۆچـم كـرد بـۆ هۆڵەنـدا، ترسـێكی گـەورەی لـەلام دروسـتكردووە، ترسەكەش لەوەیـە كـە خۆرئـاوا بـەو پێیـە پێشـوازی گـەرمم لێبكـات كـە مـن رەخنەگری ئیسلامم وەكو (دین). لێرەدا ئیغرایەكی راستەقینە سـەبارەت بـەو مرۆڤـە چەوسـاوەو زوڵملێكراوەكانـە هەیـە كـە لـە ژێـر پارێزگـاری ئەوانـدان، بەشێوەیەك چێژۆكی زوڵم و زۆردارییەكەی لا خۆشـدەكەن كـە ڕاییبكێشـن، مـن لەم خاڵە زۆر بە ئاگاو وشیارم، تا ئەو ڕادەیەی چووبمە هـەر موحازەریەكـەوە

بـە کەشـوهەوايەکی گوتـاری ئيسـلامييانە نـەبیٚ کۆتـاييم پـیٚ نـەهێناوە، ئـەو کارەی هەرگيز لە جيهانی ئيسلاميدا نەمکرد، ئەمەش بـۆ خۆدەرخسـتن نييـە، بەڵکو ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من سـەرەتا زۆر لـەوە دەترسـام خـەڵکی پێشوازی گەرمم لێبکەن و ڕێزم بگرن بەو پێيەی وای دانێن کە من ئيسلام لـە دەرەوەڕا ڕزگار دەکـەم، کەچـی لـەو کاتـەدا مـن سـوور بـووم لەسـەر ئـەوەی جەخت لەسەر ئـەوە بکەمـەوە کـە مـن ڕەخنـەگری فيکـری ئيسـلاميم لـە نـاو ئيسلام خۆيدا و مـن موسـوڵمانم، قەيرانەکـەی منـيش قـەيرانێکی ديـنی نييـە، بەڵکو لـە جەوهـەردا قـەيرانێکی سياسـييە. لايـەنێکی ديکـەی ئـەم مەسـەلەيە پەيوەندی بە هەندیٚ لێکۆڵەرەوە هەيە، کە هەوڵدەدەن ببنە يەکێك لەوان و لە ڕۆژئاوادا ئارەزووی ئەوە دەکەن کە دەزگا ئەکاديمييەکانی ئەویٚ بەو شـێوەيە پێشوازييان لێبکەن کە يەکێکن لەوان، دەبينی ئـەمجۆرە کەسـە نـە بەتـەواوی ئينتيمايان بۆ کايـەی ڕۆشـنبيری ڕۆژئـاوا هەيـە و نەدەشـتوانن پارێزگـاری لـە ئينتيمای خۆيان بکەن لە ڕۆشنبيرييە بنەڕەتييەکەيان (هەڵبەت بە چاوپۆشـی لە ئێدوارد سەعيد).

بـەلاٚم سـەبارەت بـەخۆم.. مـن لێـرەدا تـەنها مامۆسـتايەکی ميـوانم، ئـەم سيفەتەش دەتکاتە بەشێك لە دەزگايەکی ئەکاديمی، بەلاٚم تۆ لەم حاڵەتەدا لە هەمان کات ئينتيماشت بۆ فەزای ڕۆشنبيری خۆت هەيە. ئەگەر مـن خـۆم دژی بيرۆکەی (ژيان بە هەست و بوونەوەرێکی نامۆ) بم و دامەزراوەی ئەکاديمی لـە زانکۆی (ليدن)بەو شێوەيە مامەڵەی لەگەڵ مندا نەکردووە کە مامۆسـتايەك بم داوای پارێزگاريم کردبیٚ، بەڵکو وەکو مامۆسـتايەکی ميـوان و وەکـو بيرمەنـدو

مرۆڤێـك ڕێزیـان گرتـووم کـه پایـەی خـۆم هەیـەو ڕێگـا نـادات بازرگـانی بەکێشەکەیەوە بکرێ.

*** لە دواکتێبتدا (بازنەکانی ترس لە گوتـاری ئافرەتـدا- دوائرالخـوف فی خگاب المراه)اتێبینی ئەوە دەکەین کە خەم و ناخۆشییە خودییەکانت تێکەڵ بە خەم و ناخۆشـی کۆمـەڵ کـردووە، ئایـا ئـەو تەنگەژەیـەی کـە (ئیبتیهـال یونس)ی خێزانت و تۆی گرتەوە، کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی فیکری تۆ هەیە؟**

- هەمیشە خەم و ناخۆشییە خودییەکان، لە لێکۆڵینەوەکانمـدا ئامـادەن، بـەڵام لـەم کتێبـەدا بـەربلاوترەو بەشـێوەیەکی روونـتر بەدیارکـەوتووە، بەتایبـەتیش کـە کتێبێکـە دەربـارەی ئـافرەت. ئـەو تەنگەژەیـەی کـە مـن و خێزانەکـەم رووبـەرووی بووینەتـەوە، ئیسـتاش بـە (قـەیرانی نەسـر حامـد ئـە بوزێد)ناودەبرێ، نەك هەر ئەمە، بەڵکو ئەو هێزە رۆشنبیریی و نیشتمانییانەی خۆیان بە پێشـکەوتووخواز دادەنـێن، قەیرانەکـەیان وەکـو قـەیرانی (پیاوێـك) وەرگرتووە کە تووشی زوڵم و چەوسانەوە بووە، لەگەڵ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا زوڵمێکی گەورەیـە بەرامبـەر بـە (ئـافرەت). ئێمـە ئێسـتا لـە بـەردەم شـەڕەڤی ئافرەتێکین کە ڕیسوا کراوە، لە کاتێکدا ئەم ئافرەتـە یـەك کتێبـی دەربـارەی ئیسـلام نەنووسـیوە، لەگـەڵ ئەمەشـدا قەیرانەکـە بـۆ گوتـاری گشـتی، وا دەخرێتـەڕوو کـە تـەنها (قـەیرانی نەسـر حامـد ئەبوزێـد)ە، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیە کە ئێمە لە نێو رۆشنبیرییەکی نێرسالاریداین. پرسـیار ئەوەیـە، بۆچـی ئەوان شەڕەکانی خۆیان دژی باس و لێکۆلینەوەکانم ئەنجام نەدا؟! تـەنها لـە میانەی بازنەیەکی لاواز نەبێت کە ئەویش (یاسای باری کەسی و تەڵاق)بوو!.

با له خۆوه گریمانه‌ی ئه‌وه بکه‌ین که ئه‌و که‌سه‌ی ناوی (نه‌سر حامد ئه‌بوزێد)ه پێویسته سزابدرێ، چونکه وه‌ك ده‌ڵێن تاوانی کردووه‌و نکوڵی له هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ی خۆی ده‌کات، باشه.. با سزای بده‌ین.. به‌ڵام ئه‌وان، وه‌کو (ئیبتیهال)یش ده‌یگوت: به‌وجۆره باشترین سزا بۆ پیاو، قه‌ده‌غه‌کردن و لێسه‌ندنه‌وه‌ی بووکه شووشه‌که‌یه‌تی، ئه‌مه‌ش به قۆستنه‌وه‌ی گوناهێکی لاواز له کۆمه‌ڵگاو دامه‌زراوه‌و یاساکان، سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌مانه نامه‌وێ به‌مجۆره مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ ئه‌م کێشه‌یه‌دا بکه‌م که کێشه‌یه‌کی که‌سییه، هه‌رچه‌نده ئه‌گه‌ر من به‌وشێوه‌یه ژیابم و به ته‌نیا له ناو ئازاره‌کاندا ژیابم، به‌ڵام ئه‌مه ده‌مێکه کۆتایی پێهاتووه.

*** هاوشان له‌گه‌ڵ کێشه‌ی ته‌لاق و لێکجیابوونه‌وه، تۆ وه‌ك مامۆستایه‌کی زانکۆ و شوێنپایه‌ت له ناو زانکۆدا، له‌وێش کێشه‌یه‌کت هه‌یه، وه‌کو ئه‌وه‌ی که جه‌نگی سه‌ره‌کی تۆ ده‌رباره‌ی رۆڵی زانکۆی میسری و شوێنپایه‌ی مامۆستایانی زانکۆ و ئازادییه‌که‌یان بێت له‌ناو ئه‌م دامه‌زراوه مه‌ده‌نییه‌دا؟**

– (به‌هاوارکردنه‌وه)هه‌ڵبه‌ت ئه‌وه کێشه‌ی هه‌موومانه، من له پێشه‌کی کتێبی (بیرکردنه‌وه له سه‌رده‌می ته‌کفیردا)قسه‌م ده‌رباره‌ی زانکۆ و ئه‌و هۆکاره مێژووییانه کردووه که زانکۆیان کردووه به‌و دامه‌زراوه‌یه‌ی که به مه‌ده‌نی و عه‌لمانی داده‌نرێت که‌چی له به‌رامبه‌ر هێرشی دامه‌زراوه ته‌قلیدییه‌کاندا هه‌ر له سه‌ره‌تاوه چۆك داده‌نێ و لاوازه‌و شکست ده‌هێنێ.

سه‌ره‌ڕای نه‌بوونی به‌ربه‌ستی یاسایی هه‌وڵی گه‌ڕانه‌وه‌م ده‌درێت بۆ میسر، به‌ڵام من تا ئێستا نه‌گه‌ڕاومه‌ته‌وه‌و به ئاشکرا پێم گوتوون که ئه‌گه‌ر نه‌مکه‌ن

به ئەندام له لێژنەی گفتوگۆی ماستەرنامه یان نامەی دکتۆرا له زانکۆی میسر، جـارێکی دی ناگەڕێمـەوه بـۆ میسـر، بـەلاّم ئاشـکرایه کـه زانکـۆ گەیشـتۆته ئاسـتێك، نـەك هـەر ئەمـەی قبـولّ نییـه، بـەڵکو تەنانـەت تـا ئێسـتا ئـەو مامۆستایانەشی قبولّ نییه که ناویان وەکو ئەندام لـه دەسـتەی وانەوتنـەوه تۆمارکراوه، هـەر بـەو بۆنەیـەوه تەنانـەت زانکـۆی دیمەشـقیش ئەمـەی قبـولّ نییه، دکتۆر (سادق جەلال عەزم)هەولّیدا کـه مـن وەکـو ئەنـدامێك لـه لێژنـەی گفتوگـۆی ماسـتەرنامه بانگهێشـت بکـات، یـان هـەر هـیچ نـەبێ لـه هەفتـەی رۆشنبیری بانگهێشتم بکات، بەلاّم لەمەدا سەر نەکەوت.

*** هەندێك دەڵێن ئەگەر بەیروت هەمان ئەو ڕۆڵه رۆشنبیری و زانکۆییـەی هەبا که له شەستەکان هەیبوو، دکتۆر نەسر حامد ئەبوزێدی دەگرته باوەش لەجیاتی ئەوەی برِوات بۆ هۆڵەندا. ڕات چۆنه بەرامبەر بەم قسەیه؟ ئایا ئەگەر له زانکۆیەك پێشنیاری وانه وتنەوەیان بۆ کـردی، ئامـادەی بگەڕێیتـەوه بـۆ جیهانی عەرەبی؟**

– من بەرله هەموویان چاوەڕێی داواکاریەکم لـه زانکـۆی میسـر، بـەلاّم لـه هــەمان کاتــدا هــەر زانکۆیــەکی عــەرەبیش، پێشــنیاری بەخشــینی پلــەی مامۆستایەتیم بۆ بکات، من هەر ڕۆژی دواتر هۆڵەنـدا بـه جێـدێڵم، چـونکه مـن ئەوکات لەگەڵ خەڵك و کەسی خـۆم دەبم، بـەلاّم ئەگـەر ئەمـه هاتـه دی، واتـا زانکۆکه جیاوازەو شوێنەکەش جیاوازه، چونکه ئەوکات بۆ ئەوه بـانگم ناکـەن که بێدەنگ بم، بەڵکو ئەوەیه که به ئازادی گوتارو بیروڕای خۆم بڵێم.

*** ئایا لەو باوەڕەدای که هیوایەك هەیه بۆ سەرکەوتنت لەم شەڕەدا له ناو زانکۆی میسر؟**

– چی ببەمەوە؟! من ئێستا تەمەنم لە شەستساڵیدایەو بەپێی یاسای زانکۆی میسری دوای ماوەیەکیدی خانەنشین دەبم، واتا تەواو.. شەڕ نەما. لەسەر نەوەی نویێ پێویستە کە شەڕی خۆیان بکەن. زانکۆی میسری بە هەمان ئەو هۆکارانە تێکچوو کە کۆمەڵگای میسرییان وەکو (کۆ)یەك گەندەڵ کردووە، هەر وەکو گەندەڵیش پشتگیری لە هەندێکیان دەکات. لەو باوەڕەدانیم کە زانکۆی میسری لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە سەر پێ، زانکۆکانی تری عەرەبیش بە هەمان شێوەن، بارودۆخەکە لە (دیمەشق)یش لەوە باشتر نییە، لێرە لە سوریادا جیاوازییەکە هەر ئەوەیە کە کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسیش منیان قبوڵە و دژم ڕاناوەستن، بەڵگەش ئەوەیە کە ڕێگایان پێداوم بێمە ئێرە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زانکۆ لە دەسەڵاتی سیاسی زۆر دارو دوواکەتووترە، چونکە زانکۆ ڕێگام نادات بەڵام دەسەڵات ڕێگام دەدات هەردووکیشیان لە (کۆمەڵگا)دواکەوتووترن، ئەمە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە، پێویستە زانکۆ لە هەر کۆمەڵگایەکدا سەرەڕمی پێشکەوتن بێ ، کارەکە لای ئێمە پێچەوانە بۆتەوە، لە ڕابردوودا (تەها حوسێن )لە ناو زانکۆ تەکفیر نەکرا، بەڵام من لە ناو زانکۆدا تەکفیرکرام وحوکمم بەسەردا درا.

*** ئەمە بەرەوپرسیارێکمان دەبات دەربارەی ئاڵۆزی ئەم واقیعە رۆشنبیرییەی میسر تێیدایە، ئەو وڵاتەی کە سەردەمێك شوێنی بوژانەوەی فیکرو دایەنگەی گەورە نووسەرەکان بوو، ئێستا ئێمە لە کوێی ئەم وڵاتە داین؟**

– ڕێبدە با بەلۆژیکێکی نەرم قسە بکەین، میسر تەنها بەهۆی هۆکارە ئابووری و سەربازییەکان بەهیلاك نەچوو، بەڵکو لە

دەرەنجامی شەکەتکردن و بە هیلاکدانی عەقلەکانەوە وای لێهات، ئەویش لە ماوەی (سەردەمی نەوت)و لە دەرەنجامی ئەو هاو پەیمانێتییەی لە نێوان میسر- سعودیە- ئەمەریکاو بە بالاْ دەستی سعودیە بەسەر دامەزراوە ئاینییەکان دروست بوو، بەمەش دامەزراوە ئاینییەکانی میسر کە (ئەشعەری)بوون، گۆڕان بۆ دامەزراوەی (وەهابی)، رێژەیەکی یەکجار زۆر لە میسرییەکان بەرەو (ولاْتی نەوت) کۆچیان کردو بە عەقلێکی شۆردراو و لۆژیکێکی ئیمانی تێکەلْ بە دەولْەمەندی و ساماندارى گەڕانەوە، ئەگەر چەمکی نوێش خۆی وەکو بونیادێکی ئابووری بە مانای بەدەستهێنانی لە ژێر زەویدا هەیە و تەنها پێویستی بە چالْ هەلْکەندن هەیە بۆ دەرهێنانی). ئەوا ئەمە بەشداری لە جێگیرکردنی بونیادێکی مەعریفی کرد کە پێی وایە. مەعریفە لە ڕابردوودا هەیە و پێویستی بە عەقل نییە بۆ ئەوەی بیگاتیْ، بەلْکو تەنها پێویستی بە هەلْکەندن و پشکنینی ڕابردوو هەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەرییەکانی ئێستا، کۆنترۆلْکردنی ئەو بونیادە مەعریفییەی کە لە لایەن (رۆشنبیری نەوت)ەوە هەلْقولاْوە، کارکردن و بیرکردنەوەی بێبەها کردووە، ئەو بزاوتە بەرفراوانەی لە مەلْبەندە شارستانییەکانەوە بەرەو مەلْبەندە لادێیەکان هەلْدەکشێت، لە دەرەنجامی نەوت و شەڕو تەنگەژەکانی نەوتەوەیە، بەمەش بەهاو فیقهی لادێی بالْی بە سەر شارستانییەتدا کێشا، بەڕای من ئەمەش بەشداری لەو لێکهەلْوەشانەوە رۆشنبیرییەکرد، کە ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین، نەک

تەنها لە میسر، بەڵکو لە زۆر وڵاتی دیکەی عەرەبیش، بۆ نموونە" سوریا.

*** ئەوەی کە قسەت لەگەڵدا دەکات، هەست بەوە دەکا کە دوودڵییەکت هەیە لەگەڕانەوەت بۆ میسر؟**

– ئاە...بەڵێ، نەك، هەر دوودڵی بەڵکو خەم و خەفەت، من وام دەزانی لەم بابەتە تێپەڕیوم، بەڵام بەردەوام و زۆر بیری لێدەکەمەوە، ئەمەش لەبەر هەست و سۆزم بەرامبەر بە میسر یان قاهیرە، یا بەرامبەر زانکۆ نا، بەڵکو بە ئاواتەوەم بگەڕێمەوە گوندەکەم و سەردانی ئەو بریانە بکەم کە تەنانەت دەرفەت نەبوو بۆ ئەوەی ماڵئاواییشیان لێبکەم، قاهیرە لە بەرنامەی سەفەرمدانییە، ئاخر بچمە قاهیرە چیبکەم؟! ئەگەر زانکۆ بانگهێشتی کردم، من وەکو مامۆستای زانکۆ دەگەڕێمەوە.

بەڵام هیچ کەس ناتوانێ نیشتمانی بەرفراوانم لێقەدەغە بکات، تەنها مەگەر خۆم بمەوێ.

*** لەو ئاهەنگە گۆرانییەی هونەرمەند (محەمەد مونیر)لە میانەی فیستیڤاڵی (خانەی مەدا)ی رۆشنبیری پێشکەشی کرد، من لە ریزی یەکەم دانیشتبووم هەمووان هەستیان بەوە کرد کە تۆ لە ناکاو فرمێسکت داباراند، هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

– دەمەوێ شتێکت پێبڵێم... بەڵام نازانم چۆن پێتی بڵێم؟! من کەسێکی بەسۆزم و بەمەش تەریق نابمەوە، کاتێ فیلمی (چارەنووس)م بینی و بۆ یەکەمین جار گوێم لە گۆرانی (علی صوتك بالغنی)بوو، پێکەنیم و بەلامەوە زۆر خۆشبوو، بەڵام کە محەمەد مونیر لێرە لە دیمەشق گوتییەوەو لەو ساتەی

گوتی (لسه الاغانی ممكنه)، فرمێسكم هەڵقولاو نەمتوانی كۆنترۆڵی بكەم، لە خۆمم پرسی: ئایا بەڕاستی دەتوانرێ؟

جارێكیان كۆمەڵەیەكی ئەهلی بەناوی (فەزایەكانی رۆشنبیریی) لە شاری (تەنجە)ی ولاتی مەغریب بانگهێشتیان كردم، لە دوا شەوی گەڕانەوەمدا، ئێوارە خوانێكیان سازكرد، هەندێ برادەر دەستیان بەگۆرانی گوتن كرد بۆ (شێخ ئیمام)، من فرمێسكەكانم هەڵقولان، ئەوان گۆرانییەكەیان راگرت و داوای لێبووردنیان لێكردم، وایان دەزانی كە بەوە برینداریان كردووم، پێم گوتن: بۆچی وا هەستدەكەن كە ئێش و ئازارتان پێگەیاندووم؟ بەردەوام بن لەسەر گۆرانییەكانتان، منیش بە جێبێڵن بۆ فرمێسكەكانم، چونكە ئەمە بۆ من وەكو شووشتنەوە وایە.

*** بۆچی زۆر پێداگریت لەسەر ئەوە كرد كە سەردانی گۆڕی (نزار قەببانی)شاعیر بكەی گۆڕستانی (دەروازەی بچووك) لە دیمەشق؟**

– مردنی شاعیرێكی گەورەی وەكو (نزار قەبانی)لە ئینگلتەراو دوور لەنیشتمانی خۆی و گەڕانەوەی لەسەر دارەبازەیەك بۆ نیشتمان تا تێیدا بنێژرێ، هەروەها ئەوشتەی كە لە لەندەن روویداو هەندێ توندڕەو ڕێگیرییان لەوە كرد كە تەرمەكەی ببرێتە مزگەوت و نوێژی لەسەر بكرێ، كاریگەری زۆریان لەسەر بەجێهێشتم، هەستم بە تەماهییەك لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا كردو وام بە خەیاڵدا هات كە هەمان شت لەگەڵ خێزانەكەمدا روودەدات كاتێ بڕیار دەدات تەرمەكەی من بباتەوە میسر، هەڵبەت سەردانەكەم لە خەمێكی دیكەشە، ئەویش خەمی لە دەستدانی شاعیرێكی گەورەیە، شاعیرێك كە بە شیعرە مرۆڤایەتییە زۆر قوڵ و زۆر سادەكانی گۆرانی بۆ وشیاربوونەوەمان

دەگوت، شاعیرێکی گەورە کە لە غوربەتدا ژیا، بەلاّم کاتێ کە مرد دەسەلاّت گرنگی بە تەرمەکەیداو فرۆکەیەکی سەربازی نارد بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە خاکی نیشتمان، دیسان ئەم ڕووداوانەش لە ناخەوە گریاندمیان.

هەروەها سەردانی گۆڕی (ئیبن عەرەبی) و (سەلاحەدین)یشم کرد لە دیمەشق، نەمتوانی بوەستم و بەراوردێك نەکەم لە نێوان خاکێتی و بێفیزی گۆڕی سەلاحەدین، لەگەڵ شکۆمەندی گۆڕی هەندێ سەرکردەی عەرەبی. نکوڵی لەوە ناکەم کە من بەم دواییە گەڕاومەتەوە بۆ بیرکردنەوەو ڕامان لەمەسەلەی مردن و ماناو بەهای (گۆڕ). هەر وەکو پێشتر گوتم، بە ئاواتەوەم کاتێ دەمرم خێزانەکەم بە خاکم بسپێرێ، ناخۆشی و هیلاکی بە گەڕانەوەی تەرمەکەم نەبینێ بۆ میسر، هەموو زەویەك زەوی خوایە، نامەوێ هاوشانی ئەم خەم و خەفەتەی کە خێزانەکەم تێیدا دەژیێت، کەسێك لەو لاوەبێت، قسەیەکی وابکات یان وتارێك بنووسێ برینداری بکات و ئازارەکانی زیاد بکات، ئەگەر بە مردوویی گەڕامەوە بۆ میسر بە گەرمیش پێشوازی لە تەرمەکەم بکرێ هیچ مانایەکی نییە ! تازە تەواو، من بە تەنیایی و دوور لە نیشتمان مردووم.

*** ئایا تۆ لە نیشتمانەکەتدا بریندار بووی!**

– بەڵێ... بریندار بەمانای توڕەیی، شەرمیش لەوە ناکەم، مافی خۆمە کە تووڕەبم، وا هەستدەکەم کە هەندێ جار تووڕەییەکەم دەمپارێزێ، لەوەتەی میسریشم بەجێهێشتووە پێش حەوت ساڵ، ئەم تووڕەییە بە هیچ شێوەیەك کەم نەبۆتەوە، بەڕادەیەك میسرم خۆشدەوێ کە نامەوێ ببێتە گۆڕستانی من، میسر نیشتمانێکە ژیانی منی دتێدا قەدەغەکرا، بۆچی تێیدا بە خاك

بسپێردرێم، ئەگەر نیشتمانت تۆی بە زیندووی نەویست، پێویستە بەمردوویش لێتی قەدەغەکەن.

من (میسری خەڵك) و (میسری دامودەزگاکان)لێك جیا دەکەمەوەو ئەم دووانە لەیەك جیاوازن، بەلأم بۆ من پەیوەندییەکی زۆر نامۆ وسەیر هەیە، هەندێجار وابیر لە میسر دەکەمەوە کە دایکمە، بەلأم دایکێك رەفزی کردوومەتەوەو فڕێی داوم. ناگەڕێمەوە بۆ میسر و پێم گوتووە: ئەی میسر.. من دەمویست لە خوارەوەڕا رووناکت بکەمەوە، بەلأم تۆ نەتویست... کەواتە بە یارمەتیت ئەی میسر.

من لە شوێنەکەی دوورم، بەلأم لە خەڵکەکەی نا، خۆشەویستی میسرییەکان لە خۆمدا هەڵدەگرم، توڕەییشم لە میسر.. لە زانکۆیە، ئەو زانکۆیەی برینداری کردم.

**سەرچاوە:**

– لە ئینتەرنێتەوە. پاشکۆی (النهار الثقافي)– اجرآ الحوار: محمد علي الاتاسي –١٧ اکتوبر– ٢٠٠٢.



## سۆفیگەری و ئایینەکان

# گفتوگۆ لەگەڵ رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی پییر لاری

رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (پییر لاری Pierre Lory) لەلایەن یونسکۆوە بانگهێشتکرا بۆ پێشکەشکردنی بابەتێك بەناونیشانی (تەسەوفی ئیسلامی: کۆڵەگەی بەیەکگەیشتنە لەنێوان مەسیحییەت و ئیسلامدا) ئەمەش دەرفەتێکی بۆ ئیمە رەخساند بۆ ئەوەی بیدوێنین و ئەو کەسایەتییە هێمنە ببینین، کە پڕە لە زوهد. لەوانەشە ئەمە بەهۆی کاریگەری ئەو بابەتەوە بێت کە ئەو لە (سۆربۆن) دەیڵێتەوە، ئەویش وانەی (سۆفیگەرییە) جگە لەو، گەلێ رۆژهەڵاتناسی تریش کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە و هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازی بۆی هەبووە.

لۆری چەند کتێبێکی نوسیووە لەوانە دوو کتێب: (کیمیا و تەسەوف لەماڵی ئیسلامدا) و (راڤەی ناوەکی بۆ قورئان بەپێی عەبدولرەزاق قاشانی). هەروەها ژمارەیەك لە وتارەکانی جابری کوڕی حەیانی لەبارەی کیمیاوە

وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لێی کۆڵیوەتەوەو لێکۆڵینەوەی جوانی لەسەر نووسیون.

ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمە لایەنێکی ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناس "لۆری" پیشان دەدات.

*** باسی پێگەی ئەکادیمی خۆتم بۆ بکە... هەر بەو بۆنەیەوە ناوی تۆ، ناوی (پییر لۆتی)م بیر دەهێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژهەڵاتناس نەبوو، بەڵکو خولیایەکی زۆری هەبوو بۆ ڕۆژهەڵات و لە تورکیادا ژیا....**

– وەکو گوتتان، ئەو خولیای ڕۆژهەڵات بوو، بەڵام تورکیا یەکێك بوو لەو شارانەی کە ئەو تیایدا نیشتەجێبوو، تەنها لە ئەستەمبۆلیش نەژیا، بەڵکو لە ئەفریقاشدا ژیا،ماڵەکەی مۆزەخانەیەکی راستەقینەیە، هەموو شتەکانی ناو ماڵەکەی ڕۆژهەڵاتین.

*** ئیستا دەربارەی پییر لۆری چی؟**

– من سەربەرزم کە لە زانکۆی سۆربۆن وانەکانم دەڵێمەوە، لە پەیمانگایەکی تاك و تایبەت، ئەویش بەشی زانستە ئایینییەکانە لە (قوتابخانەی جێبەجێکاری بۆ خوێندنی بەرز EPHE) هەموو ئایینەکان لەوێدا دەخوێندرێن، من وانەی مێژووی فیکری لاهوتی_سۆفی ئیسلامی دەڵێمەوە، وانەی تەسەوفیش دەڵێمەوە ئەمەش ئەو بابەتەیە کە من گرنگی پێدەدەم، واتا مێژووی فیکری سۆفی، ئەوەی من لەم چەند ساڵەی رابردوو خستوومەتە بەرنامەی کاری خۆم، بریتییە لە ڕاڤەی سۆفی لە قورئان و ئەوەی کە ڕاڤەکارە سۆفییەکان لەسەر قورئان دەیڵێن دەربارەی ئیبراهیم و عیسا و مەریەم. ئەڵقەی وانە گوتنەوەی وا هەیە کە بیست یان سی قوتابی

ئامادە دەبن، لە وانەکاندا دەقەکانیش دەڵێمەوە، هەموویان بەشدارییەکی داهێنەرانە دەکەن، لەلایەکی تر، لە بەشی زانستە ئایینییەکان ڕێکەوتی قوتابی موسوڵمان دەکەین کە سەرنج دەدەنە وانەکانی گەشەی مەسیحییەت، سەرەڕای قوتابی یەسوعی و کرملی و ئەوانی تر، دەمەوێ بڵێم کە هەموو هەوڵدەدەن لە ئاستێکی زانستی هەڵقولاو لە مێژوو و دەق لە ئایین تێبگەن. بەدەربڕینێکی تر، زمانێکی هاوبەش هەیە.

*** ئەمە زۆر لە کەش وهەوای جیهانگەراییەوە نزیکە، کە یەکێك لە سیمبولەکانی چوونە ناو یەك و تێکەڵاوبوونێکی بێسنوورە، یەکێکی تر لە دروشمەکانیشی (گفتوگۆ)یە، لەناویشیدا گفتوگۆی ئایینەکان؟**

– لەو باوەڕەدام کە لەمڕووەوە ئایین بردوویەتییەوە، بێگومان، بەتایبەتیش لەوەی کە پەیوەستە بە ڕاستگۆیی لەگەڵ ناخی خۆت، لێرەوە لەو باوەڕەدام کەلێکۆڵینەوە لەکتێبی پیرۆز زۆرپێشکەوتووە، بونموونە" زۆر پێشکەوتووترە لە لێکۆڵینەوە قورئانییەکان.

*** واتە لەوانەیە "رەخنەی خودی" لە مەسیحی زیاتربێت لە "رەخنەی خودی" لە ئاینەکانی تر؟**

– بەم دواییە کۆنگرەیەك بەسترا دەربارەی بەراوردی ئایینەکان، یەکێك لە ئامادەبووانی کۆنگرەکە جوولەکەیەکی هاوڕێی من بوو (agnostique)، گوتی "قسەکردن لەسەر یەسوع ئازادانەیە و لەڕووی زاتیشەوە کارێکی ئاساییە، بەڵام کە دەبێتە باسی موسا و موحەمەد کارەکە زۆر گران دەبێت". لەو باوەڕەدام کە لەم لایەنەوە هەرچەندە لێکۆڵینەوە لەسەر ئینجیلەکان کارێکی ئازادانەیە و لیبڕالییەتی زیاتری تێدایە، بەڵام من گەشبینم بەوەی کە

ڕۆژێـك دێـت موسـلمانان دەگەنـە ئـەوەی کـە بـەڕوحێکی زانسـتی و بابـەتی دەقـــەکانی قورئـــان بخوێننـــەوە، ئـــەم گفتوگۆیانـــەش لـــەنێوان قوتابییـــە موسوڵمانەکانم و موسوڵمانە ئاساییەکاندا جیـاوازە، قوتابییـەکان لـە قۆنـاغی ئامادەکردنی تێزی دکتۆران و تاڕادەیەکی زۆر روحێکی جیاکاری و زانسـتییان هەیـە، بـەجۆرێك لـە ئازادییـەوە دەتـوانن رەخنـە لـە دەقـی قورئـانی بگـرن، بەرەبەرە لەناو ئەمانەدا نموونەیەکی عەلمانی تەواو دروست دەبێت.

*** ئەی دەربارەی ئەو موسوڵمانانەی بەگشتی لە فەرەنسادا دەژین چی؟ چۆن دڵخۆش دەبن لەنێوان ڕەگوڕیشەی عەرەبییان و ئینتیمـای دووەمیـان، واتا عەلمانییەتی کۆماری فەرەنسا؟**

– ئەوان پابەندن بە کەلتوور و دابونەریت و فێرکارییە ئایینییەکانیان، بـۆ بەدیارکەوتنی شوناسیان بە جلی تایبەتی خۆیان دێنە سەر شەقامەکان، بەڵام مــن دەبیــنم کــە پــەرتوبڵاوبوونــە، کەســایەتییەکانیان دابەشــبووە، ئەمانــە نیمچەلادەرن، هەروەها من قوتابی جەزائیری و مەغریبیم هەن کە زۆربەیان لـە قۆناغێکی زەحمەتدا دەژین، لە کۆتاییدا بەتـەواوی نـازانن کـە ئـەوان کـێن؟! ڕێکخراو و لایەنی ڕۆشنبیری جیاواز بۆخۆیـان ڕایـان دەکێشـن. مـن لـە نییـەت پاکی خۆم وانەی تەسوفی ئیسلامی دەڵێمەوە، بەمەش دەرفەتم بۆ رەخسـاوە ئەوە بۆ قوتابیەکانم بسەلمێنم کە چ شتێك لە ئاییندا زۆر گرنگە، زۆر گرنگیش بریتییە لە گەڕان بە دوای ئـەوەی کـە ئایـا چ شـتێك روحییـە؟ نـەك زانیارییـە وردەکارییە ئاساییە رۆژانەییەکانی لە نموونەی، پێویستە چی بخوێنین؟ لـە چ کاتێکدا پێویستە نوێژ بکەین؟ پێویستە چـۆن ئـەم کـارە یـان ئـەویتر ئـەنجام بدەین لە چوارچێوەی عیبادات و موعامەلات؟

کەواتە پێویستە گرنگترین گـەڕان و توێژینــەوە پــێ لەسـەر لایـەنی ڕۆحـی دابگرێ، واتا پەیوەندی قوڵمان لەگەڵ خودا و چۆنییەتی گەیشتنمان بە خـوا، لەو باوەڕەشدام کە ئەگەر پێمان لەسەر ئەو بابەتـە سـەرەکییە داگـرت، ئەمـە دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی ڕەفتـارێکی عـەلمانی بـە هـەموو مانایـەکی ئـەم وشەیە.

*** تەسوف میتۆدە یان رەفتارێکی لەخۆوەیە؟**

– هەڵبەت میتۆدێکە، میتـۆدێکی نـەقلی (traditionnel) کـە نـەوەکان دەیگوازنــەوە، یـەکێك بـەدوای ئـەویتردا دێـت، بـەهۆی گەواهیـدان و دووبـارە کردنەوەی گوتەکان (زیکرکردن) یان بەهۆی ڕاهێنان لە هەناسـەدان و جولـەی جەستەیی سەما بەدوای ئامادەکاریدا دەگەڕێت بـۆ گەیشـتن بـە(رەها). بـەلاَم ئەمە لەسەرەتادا پێویسـتی بـە هەنـدێ دروشـم و ئیمـانێکی بـەهێز هەیـە، بـۆ ئــەوەی ئــەو کەســەی دەیــەوێت ببێتــە ســۆفی بەرەبــەرە پــێش بکــەوێت، سـۆفیبوون بـەبێ چوارچـێوەیەکی ئیمـانی نابێـت، لەمەسیحییەتیشـدا وایـە، کارەکـە نـاگۆڕێ، پێویسـتییەك هەیـە بـۆ دەرچـوون کـە بنەماکـەی ئیمـان و پەیڕەو کردنە.

*** چ جیاوازییەك لەنێوان تەسوفی مەسیحی و تەسوفی ئیسلامیدا هەیە؟ بەدەربڕینێکی تر، بۆ نموونە" چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان (تریزای ئـەبلی) و (یوحەننای سەلیبی) لەگەڵ (حەلاج و بوستامی و ئیبن عەرەبی)؟**

– لـەو بـاوەڕەدام گـرنگترین شـتێك کـە ئەوانـە لێـی هاوبەشـن گەڕانیانـە بەدوای گەیشتن بە خوا، لە سۆفیگەری ئیسلامییدا، خوا هەموو شتێکە و هـیچ شتێك لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەودا نییە، دروستکراوەکان و لـە ناویشـیاندا

مـرۆڤ کیـانێکی تایبـەت بـەخۆی نییـە، بـەڵام لـە سـۆفیگەری مەسـیحیدا دروستکراوی بەشەریی هەیە و وەهم نییە، واتا خودا "بوونی بەشـەری" ئیلغـا یـان نـەفی ناکاتـەوە، لێـرەدا کیـانی بەشـەری تـەماهی نـەکردووە و ئیلغـا نەکراوەتەوە، بەڵکو بە ئامادەیی دەمێنێتەوە، رایـەڵێکی خۆشەویسـتی هەیـە لەگەڵ خوا، نەك رایـەڵێك کـە کەسـە سـۆفییەکە لـە ماهییـەتی خـوا بتوێتـەوە لەوەی کە پێی دەڵێن (فەنابوون).

*** بەبـەراورد بـە سـۆفیگەری ئیسـلامی و سـۆفیگەری مەسـیحی، ئایـا دەتوانین بڵێین، ئەفلاتوون سۆفییەکی بتپەرست بووە؟**

– لەو باوەڕەدام کـە دەتـوانین بـە هـەموو ئـەو کەسـانە بڵـێین (سـۆفی– mystique) کە بەدوای ئەزموونێکی داهێنەرانەی ئەوتۆ دادەگەڕێن، دیـاردە سروشتییەکان تێپەڕێنن، واتا بە هەموو ئەوانەی درك بەو ئەزموونـە دەکـەن و لەلایەنی (ژیانی)دا پەیڕەوی لێدەکەن.

هەموو ئەوەی دەربارەی ئەفلاتوون دەیزانین ئەوەیە کـە ئـەو فەیلەسـوف بووە، بەڵام دەقەکانی دەمانگەیەننە ئەو باوەڕەی کە ئـەو لەهـەمان کاتـدا لـە ژیانێکی روحی چڕدا ژیاوە و بێکـەڵك نـەبوو، ئـەو نـاوی لێنـراوە (ئـەفلاتوونی ئیلاهی). لەلایـەکی تـرەوە، ڕاسـتە عـەرەب فەلسـەفەی یۆنانیـان وەرگێـڕاوە، بەڵام بەراوردکردن لەنێوان سۆفیگەری ئیسلامی و فیکری ئەفلاتوون بەڕەهایی کـارێکی نەکردەیـە، زۆر ڕاسـتە کـە بـەراورد لـەنێوان سـۆفیگەری ئیسـلامی و سۆفیگەری مەسیحییدا بکرێت، هەردووکیشیان ڕەگوڕیشەی هاوبەشـیان هەیـە لە ئایینی یەهودیدا، بابەتی سەرەکی لەلای هەرسێکیان خۆشویسـتنی خوایـە، دواجار خودی هێزی خۆشەویستی خوا، پاڵمان پێوە دەنێت بۆ خۆشەویسـتی

خودی خۆمان، نەك خۆشەویستییەكی "بەشەری" بەڵكو خۆشەویستییەكی "ئیلاهی".

*** ئەی دەربارەی تەسەوفی هیندی چی؟ دەگوترێ كە حەلاج سەردانی هیندی كردووە و لەوێ ڕاهێنانی كردووە؟**

– سەبارەت بە حەلاج ناتوانین لەو بوارەدا شتەكە بەمجۆرە دابەش بكەین. بەڵام فیكری سۆفیگەری هیندی لەسەر ئەوە وەستاوە كە ئەم جیهانە دروستكراوە و وەهمێكی تەواوە "مایا–maya". ئەمە سەبارەت بە بوزییەت... بوزییەت و هیندۆسی بەیەكەوە... ڕۆژهەڵاتناسێكی یابانی هەیە، نازانم بۆمن شیاوە كە ناوی بنێم ڕۆژهەڵاتناس یان نا...

*** بۆچی نا؟**

– ئەم ڕۆژهەڵاتناسە یابانییە بوزییە، بەهەرحاڵ، وانەی سانسكریتی و فارسی و عەرەبی گوتۆتەو،ە ئەو وای دادەنێ كە بوزییەت لە هەموو وڵاتانی ئاسیا هاوبەشە، "بوزییەت" و "تاوی" و "هیندۆسی" و "تەسەوفی ئیسلامی" هەموویان پەیوەستن بە یەك میتافەلسەفە (metaphilosophie)ەوە، ئەمە تەنها تیۆرییەكە، بەڵام مایەی مشتومڕ لەسەر كردنە. كەواتە هاوبەشەكە ئەوەیە كە لە ڕاستیدا جیهان نییە، ئەوەی تیاشیدا دەژین جۆرێكە لە خەون.

تێكۆشانی ئەو كەسەی دەبێتە سۆفی لەوێدایە كە ئەم خەونە بەجێبهێڵێ بۆ گەیشتن بە واقیع (Reel le). بەڵام لەلایەكی ترەوە تەسەوفی لایەنی مەسیحی دەڵێت كارەكە پەیوەستە بە خۆشەویستی و بە عیشق، هەروەكو لە شیعری سۆفیدا هەیە. ناتوانین بۆ نموونە وەهممان خۆشبوێت. ئەگەر

خۆشەویستی هەبێت، هەروەکو ئەم تەسوفە وا دەڵێت، ئەوا دووکەس بۆ ئەم خۆشەویستییە هەن: خودا و مرۆڤ.

*** تۆ لە سۆفیگەریدا قووڵ بوویتەوە، لێت دەپرسم: وەکو سۆفییەکان باوەڕت بە وەهمی جیهان هەیە؟**

– مەیلم بەلای ئەو باوەڕەدایە کە ناتوانین بەشێوەیەکی بابەتییانە جیهان بناسین، یان بابڵێین: بەڕاستی ئێمە جیهان ناناسین تەنها بەو ئەندازەیە نەبێت کە بیری لێدەکەینەوە. مەیلم بۆ ئەو باوەڕە دەچێت کە بونیادی جیهان بونیادێکی خەو نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە هەندێ شتی ڕاستەقینە دەزانین، بۆ نموونە: خۆشمان دەوێ و ئازار دەچێژین و... بەڵام دواجار خودی خۆمان چوارچێوەی فیکری خۆمان دروست دەکەین.

*** کەواتە تێکەڵاوییەك لەنێوان وەهم و واقیع...**

– ئیستا بیر لە بەراوردی فیزیاییە کوانتییەکان دەکەمەوە بۆ جیهان، ئەوانەی دەڵێن کە ناتوانین چاودێری گەردیلە "زەڕە" بکەین وەکو ئەوەی کە هەیە، بەڵام ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ پێگەیشتن و تێگەیشتن و بەش بەشکردنی "زەڕە" کە وشیاری چاودێرەکە کاری تێدەکات. هەروەها کارەکە لەگەڵ شارەزایی دینی ئێمەدا گونجاوە، دەمانەوێ شتەکان بگرین، بەڵام هەمووی ڕێژەیی و کاتین.

**سەرچاوە:**

– گفتوگۆی سەباح زوین

لە ئینتەرنێتەوە – پاشکۆی "النهار".



# سۆفیگەری دڵی ئیسلامە

## گفتوگۆ لەگەڵ " شتیڤان رایشمۆت " مامۆستای ئیسلامناسی

"شتیڤان رایشمۆت" یەکێك بوو لە پێشکەشکارانی بابەت لەو کۆڕەی کە "پەیمانگای ئەڵمانی بۆ ڕۆژهەڵاتناسی" لە بەیروت بە ئەنجامی گەیاندبوو لەژێر ناونیشانی ( ساتی یەکەمی حوکمی عوسمانی لە وڵاتی شام: ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکان، تێکەڵبوون لەگەڵ ئیمپراتۆریەت، پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوروپا ). ئەو بابەتەی کە رایشمۆت پێشکەشی کرد، ناونیشانەکەی ئەمە بوو "تێکەڵبوونی دابوونەریتی سۆفیگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عوسمانیدا لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم". رایشمۆت بابەتی کۆمەڵگاو بزووتنەوە سۆفییەکانی وروژاند لە سەردەمی عوسمانی لە وڵاتی شام، تیشکی خستەسەر کارلێکی ئەم کۆمەڵگاو بزووتنەوانە و بەرهەمە ئەدەبی و چالاکییە فیکری و سیاسییەکانیان.

*** ئێستا چ وانەیەك دەڵێیتەوە و لە کوێ؟**

– وانەی "زانستی ئیسلامیات" و "مێژووی ئیسلام" دەڵێمەوە لە زانکۆی "بوخوم" لە ئەڵمانیا. بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە سەردەمی نوێ دەدەم، لە سەدەی شازدەهەمەوە، بە شێوەیەکی تایبەتیش گرنگی بە بەراوردی هەرێمایەتییە ئیسلامییەکان دەدەم، پێش هەموو شتێکیش ئارەزوو و گرنگیدانم بە ئیسلامی ئەفریقییە، بەڵام گرنگیدانی گشتیم وتنەوەی وانەی مێژووی ئیسلامە لە ناوچە ئیسلامییە جیاوازەکان، لێرەش گرنگی بە سۆفیگەری دەدەم.

*** تەنها لەبەر ئەم هۆیە؟**

– بەڵێ... بەشێوەیەکی گشتی.

*** لەو بابەتەی کە پێشکەشت کرد، باسی ئەوەت کرد کە سۆفیگەری لە وڵاتی شام، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا گەشەی کردووە؟**

– بەڵکو دەڵێم: سۆفیگەری لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا گەشەی کردووە، لە ئەنادۆڵ و میسر و وڵاتی شامیش.

*** هۆکاری گەشەکردنی سۆفیگەری چییە؟**

– هۆکارەکان بە پێی شوێنەکان دەگۆڕێن، من وای دەبینم کە سۆفیگەری: جۆرێکە لە رێکخستنی مەدەنییانە، ژیانی ئەو خەڵکانە رێك دەخات کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی هێزی سیاسی بە پێی بنەمای سۆفیگەری. ئەمەش بۆ ئەوە دەکەن کە چوارچێوەیەکی کۆمەڵی و هەرێمی سەربەخۆ و دوور لە سیستەمە شەرعی و سیاسییە زاڵەکە دروست بکەن.

*** ئایا ئامانجی سۆفییەکان لاوازکردنی دەسەڵاتی عوسمانی بوو؟**

– نەخێر.. بەڵکو دەڵێم: ئەم دۆخەش لە هەموو کۆمەڵگاکان وەکو یەکە، ئەوە کەرتی مەدەنییە کە دابەش دەبێت بۆ چەند کۆمەڵێك، یان کۆمەڵەی دینی، یان کۆمەڵەی تاکی و پاڵنەرەکەشیان راستگۆییە، لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانمە سۆفیگەری. لەم ئاستەشدا، لەوانەیە هەندێ جار کۆمەڵگە هەیە کە کۆچبەرەکان دروستیان کردبێ بۆ مانەوەی یادەوەری (شار)ی خۆیان و وڵاتی خۆیان و نزیکە لە شارە بنەڕەتییەکەی خۆیان لێیان. هەروەها سۆفییەکان – بۆیە ئەمانە وەکو پردێکن لەنێوان هەموو دام و دەزگاکان و کۆچبەرەکان– وای دادەنێن کە ئەوان ئەرکێکی گەورە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکەن.

*** مادام ئەم جۆرە لە سۆفیگەری تەنها لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کورت دەبێتەوە، بۆچی ئەم سۆفییانە لەسەر ئیسلامی یەکەمیان نەمانەوە؟**

– کۆمەڵگای ئیسلامی بە چەند شێوازێکی جیاواز و جۆراوجۆر لە ژیانی کۆمەڵی دەژییێت. سۆفیگەریش یەکێکە لەو شێوازانەی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە لەلای موسڵمانان لە زۆر وڵات و لەژێر سێبەری پێدراوە مێژووییە جۆراو جۆرەکان هەیە، هەڵبەت بەشێوەیەکی تایبەتیش لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕۆژئاوایی، ئەمەش، کەواتە تاڕادەیەك جۆرێکە لە یاخیبوون، ئەگەر زۆر جاریش ئەم یاخیبوونە راست نەبێ، ئەوا هەندێك جار تێکۆشەر هەمان بیروباوەری کۆمەڵەکەی خۆی وەردەگرێ و ملکەچی ئەو پیرۆزە دەبێت کە ئەوانیتر ملکەچی بوونە، مەمالیکەکان و عوسمانییەکانیش وایان دەکرد.

*** ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە لەلای عوسمانییەکانیش هەندێ سۆفی هەبوون؟**

– کاریگـــەری ســـۆفیگەری لەســـەر دەســـەڵاتی عوسمـــانی زۆر بـــوو، مەولەویەکان ئەرکێکی نیمچە فەرمیان هەبوو، هەمیشە لەمیانەی چوونە سەر تەخت و تاج دانانەکاندا بەشدار دەبوون، لەگەڵ یاخییەکانیش کۆدەبوونـەوە، بـــەڵام هێشـــتاش لـــەنێوان ئەندامـــەکانی چـــینی دەســـەڵاتداری عوسمـــانی دەسەڵاتێکیان هەبوو کە خراپ نەبوو.

*** ئایا ئەو کات سۆفیگەری بـە جۆرێك لـە لادان لـە سـونەتی ئیسـلامی دادەنرا؟**

– نـەخێر.. بـە هـیچ شـێوەیەك نـا، چـونکە ئـەو کـات سـۆفیگەری دینـی راستەقینەی ئیسلامی بوو. ئەوان وایان لێدەڕوانی کە ئیسـلام ناتوانێـت بـەبێ "دڵ" بەردەوام بێت! ئەمە وەچە و نەژادی غەزالی بوو کە جەماوەرێکی زۆری لەنێو عوسمانی و عەرەبەکاندا هەبوو، لەلایەکیترەوە، ئەگەرچی هەنـدێك جـار وا لە سۆفیگەری بڕوانرابا کە لـە دەرەوەی ئـایینی راسـتەقینەیە، بـەڵام ئەمـە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ هەنـــدێك هۆکـــاری سیاســـی، ئەمـــەش لـــە دوای ســـەدەی هەژدەهەمەوە روونبووەوە، کـە سەرچـاوەی هێـز، خـاوەنی دەسـەڵاتەکان لـە دەوڵەتـدا تیایانـدا گەشـەی کـرد، بـۆ نموونـە سەنووسـییەکان لـە لیبیـا، یـان نموونەیـــەکی تـــر، ئـــەمیر عەبـــدولقادری جـــەزائیری لـــە دژی ئەوروپییـــەکان تێدەکۆشا. لێرەوە ئەرکی گرنگیان لە گۆرەپانی سیاسیدا بۆ بەدیارکـەوت بـۆ راپـەرین و هێزیـان لـە هەنـدێ پرسـدا، ئەمـەش وای کـرد کـە ئـەو دەسـەڵاتە فەرمییەی لە پەیوەندی و تێگەیشتندا بوو، لەگەڵ دەسەڵاتی ئـایینی فـەرمی، دژایەتی ئەو چالاکییە لابەلا و دەرەکییانە بکـات کـە لـەژێر دەسـەلاتی ئـەون. ئەم شتە بۆ عوسمانییەکانیش راستە، هەروەها بۆ عەرەبـە دەسـەلاتدارەکانی

دوای ئەوان، بەڵام رەخنەی توند لە دژی سۆفیگەری لـەدوای وەهابییەکانـەوە بە دیارکەوت، تا ئەو رادەیـەی کـە زۆرێـك بەشـدارییان لـە دژایـەتیکردنی ئـەو بزووتنەوەیە کرد کە ئەمرۆ نزیکەی هەموو جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە.

*** پێتوایە کە بزوتنەوەی سۆفیگەری تا رۆژی ئەمرۆش چالاکە؟**

– کۆمەڵی سۆفیگەری کاریگەر و میللی هەن، نەك تەنها لە میسـر، بـەڵکو لە ئەفریقیای باکوور و ئەندۆنیسیاو هیندو ولاّتانی تری ئیسلامیش.

*** هۆکاری دادگاییکردنی حەلاج چی بوو؟**

– ئەمە چیرۆکێکی ئاڵۆزە، کێشەی ئەو لە ئایینی ئیسلامدا تەماهیکردن و تێکەڵبوون بوو بە خوا، تا بوو بەیەك، رەخنەی لێگیرا چونکە لەم ئەزموونەیدا دوور ڕۆیشت، ڕایگەیاند کە ئەو لەناو خوادا ونبووە تا ئەوەی ئاشکرای کرد کە ئەو وەکو خوای لێهاتووە، بەلاّم پێویستە بزانین کە سیاسـەت زۆر سـەرکۆنەی کرد و کێشەکەی تێکداو دووری برد.

*** ئایا ئـەو تاکـە کـەس بـوو لـە بەرهـەمهێنانی ئـەم جـۆرە رەفتـارەی سۆفیگەری؟**

– ئـەوانیتر ئـەوەیان نەگەیانـد کـە ئـەو گەیانـدی، بۆنموونـە" غـەزالی لـە چوارچێوەی سنووری سۆفیگەری تەقلیدیدا مایەوە، یان بەهەرشـێوەیەك بێـت شوێن ئەو میتۆدە کەوتبوو.

*** تیۆری سۆفیگەری لە بنچینەدا چییە؟**

– ڕاگـرە بنچـینەییەکەی پاککردنـەوەی دڵ و فیکـرە بـۆ ئـەوەی کەسـی سۆفی ببێتە دەفرێك بـۆ پـیرۆزی خـواو توانـا هـەبوونی بـۆ ناسـینی خـوا، بـۆ رزگاربوون لە هەر رێگرییەکی گۆڕان بەبێ بەیەکگەیشتنی نێوان مرۆڤ و خـوا و

لەبیرکردنی هەموو ئەوەی کە(خوا)نییە، بەدەربڕینێکیتر، بەتاڵکردنـەوەی دڵـە لە هەموو شتێك، بۆ ئەوەی تەنها پڕبێت لە خوا.

*** بەڵام ئەمە وەکو دەیبینین، لەوانەیە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سۆفی بخاتە سەر ڕێگای حەلاج؟**

– ناتوانم دابەشـی بکـەم، مـن سـۆفی نـیم، بەهـەر جۆرێـك بێـت خـاوەنی ئەدەبێکی سـۆفییانەی بـەر فـراوانین، ئـەو ئەدەبـەش ئـەو شـتەی تێدایـە کـە سۆفییەکان ناوی لێدەنێن (شەتەحات)و سۆفییەکان دەخاتە حاڵەتێکی ئـەوتۆ کە تێناگەیشترێ و دژکار و نامۆیە! هەندێکیشیان بـەو هۆیـەوە لـە قسـەکردن دەکەون.

*** ئایـا کارەکـە پەیوەنـدی بـە نهێنییەکـەوە هەیـە، یـان قسـە ناکـەن لەبەرئەوەی کە زاراوەیەکی گونجاو بۆ ئەم حاڵەتە بەدەر لە وەسفە نییە؟**

– راسـتە ئەمـە ئـەزموونێکی خودییـە، ناشـبێ گاڵتـەی لەگـەڵ بکـەن لـە قسەکردنێکدا کە ڕێبەری جیهان کۆنترۆڵی ناکات.

*** ئایا زۆربەی سۆفییەکان لەسەر هەمان میتۆدی حەلاجیان نوسیووە، لە ئەزموونە خودییەکانیاندا؟**

– زۆربەیان نەیانووسیووە، بەڵام جولانەوەکەیان کاریگەرییـەکی گـەورەی لەسەر ئەدەب هەبووە لەسـەردەمی نـوێ، لەسـەدەی شـازدەیەمدا، دەتـوانین تێبینـی ئـەوە بکـەین زۆربـەی نووسـینەکان بـەرەو نووسـینەوەی ژیاننامـە دەچن_گێڕانەوەی ئەزموونی خودی_و ئەمەش لە ئەدەبدا بـرەوی سـەند. لـە ئەدەبی تورکی عوسمانیشـدا ئاراسـتەیەك هـەبوو بـەرەو گێڕانـەوەی خـودی و گێڕانـەوەی گەشـتەکان کـە سـۆفیگەری دەگرتـەوە، لەلایـەکیترەوە شـیعر،

بەتایبەتیش شیعرە چڕوپڕەکان، ئێمە قەسیدەی سۆفیگەری جیاواز دەبینین لە زمانە جیاوازەکانی گەلانی ئیسلامی، لای هیندۆسەکان ئەدەبێکی سۆفیگەری گەورە هەیە زمانی (ئوردو)، تەنانەت ئەم ئەدەبە لە فارسیشدا زیادی کرد.

*** بۆچی سۆفیگەری ئەم ئامادەییە گەورەی هەیە لە هیند، لە کاتێکدا کە هیند شارستانییەتێکی ئیسلامی نییە؟**

– هەندێ رەگوڕیشەی ئیسلامی لە هینددا هەیە، ئەو کەسەی کە سەرەرای ئەوەی ئینتیمای بۆ شارستانییەتی ئیسلامی نییە، بەڵام لەگەڵ شارستانییەتی جۆراوجۆردا کارلێك دەکات. لەلایەکیتر، کەش و هەوای گشتی هیندی لێوانلێوە بەو مەیلە فیکری و دەروونییە لەلایەن زۆربەی بەرپرسە ئایینییەکان، بە جیاوازی ئینتیما ئایینییەکانیانەوە، بەهەر حاڵ.. کارێکی گرانە کە لە سۆفیگەریدا ئێمە ئەوە دیاری بکەین کە کامەیان ئیسلامییە و کامەیان ئیسلامی نییە، بەڵام هەم چوارچێوەکە و هەم بونیادەکە هەمیشە ئیسلامین.

*** ئایا هەموو سۆفییەکانی هیند موسلمانن؟**

– بەڵێ...ئەدەبی فارسی لە میانەی نووسەرە هیندییە سۆفییەکانەوە کاریگەر بووە بە سۆفیگەری، کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە زمانی "ئوردو" دەیاننووسی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم نووسینانە _تەنانەت سۆفییەکانیشیان _ کاریگەر بووە بە کەش و هەوای گشتی هیندی، لە ڕووی زمانی و لە ڕووی چەمکەوە، لە تێڕوانینیان بۆ سروشت و بۆ وەسفی گوڵ و دارودرەخت و هتد....

## * ئایا "سۆفی ئافرەت" لە نێوان هیندۆسەکاندا هەیە؟

–لە هینددا هەندێك قەدیس دەدۆزینەوە كە ئاسان نییە جیایان بكەینەوە ئاخۆ لەم ئایینەن یان لەویتر، لەوانەیە لە یەك كاتدا شوێنكەوتەی چەند لایەنێك بن. هەروەها سەبارەت بە فەقیهەكانیش وایە، ئەوانە هەندێجار هیندۆسن، بەلاَم ئیسلامیش قبولّ دەكەن. بۆیە گەورەكردنی قەدیسەكان لە هیند، مەسەلەیەكی تێكەڵە، تەنانەت لێرە لە لوبنانیش، هەندێ گۆڕی پیرۆزی مەسیحی دەبینرێ كە موسڵمانەكان سەردانی دەكەن !*

## گفتوگۆی/سەباح زوین

*هەروەها درێژ دەبێتەوە لەنێوان هەردوو شاری (تەرتوس) و (بانیاس) لە كەناری سوریا، كە ناوچەیەكە دانیشتوانەكەی تێكەڵن لە عەلەوی و مەسیحییەكان، ئێمە بۆمان ڕێككەوت كە سەردانی مەزاری (شێخ محەمەد ریاحی) بكەین كە یەكێكە لە پیاوچاكانی هۆزی نەسیری عەلەوی، مەسیحییەكانیش (بەتایبەتیش موارینەكان_كە تیرەیەكن لە مەسیحی كاسۆلیكی) وای دادەنێین كە ئەم گۆڕە قەدیسێكی مەسیحییە بە ناوی (مارمانۆس) و هەندێكیش وای دادەنێن كە (مەتران) بووە!.



## من بانگەشەی زانکۆی ئایینی هاوبەش دەکەم، با هۆکارو ئامرازەکانیش روون و ئاشکرابن، واتا کار لەسەر تەوزیفکردنی دین بکەن بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ

# گفتوگۆ لەگەڵ غالب شابەندەر

"غالـب شـابەندەر" بیرمەنـدێکی عێراقـی ئیسـلامی دانیشـتووی وڵاتـی "سویدە"، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکـات کـە موسـوڵمانانی ئـەوروپا لەسـەریان پێویستە بەشداری لە کاروچالاییەکانی رۆژئاوادا بکەن، هەروەها بـە پێویسـتی دەزانێت کە گفتوگۆی جیدی لە نێوان ئایینەکاندا هەبێت، بەتایبەتیش هـەردوو ئایینی ئیسلام و مەسیحی.

*** هەندێك گەیشـتوونەتە قۆنـاغی نائومێـدی لەهەمبـەر ریفۆرمـدا، بـەڵام هەندێکی تر موژدەی هەوڵێکی باش دەدەن بۆ ریفۆرم و نوێکردنەوەی ئایین و پێشبینی ئەوە دەکەن کە بە تێپەڕینی کات کاریگەرییەکی ئیجابی هەبێت؟**

– لـە راسـتیدا سـەبارەت بـە بابـەتی ریفـۆرم و نوێکردنـەوەی دیـن، دوو کێشەی گەورە هەن: یەکەمیان پەیوەستە بـەو کەسـانەی کـە هەڵدەسـتن بـە

خـودی پرۆسـەکە، واتـا خاوەنـانی پرۆژەکـە. دووەمیشـیان پەیوەسـتە بـەو ناوەنـدەی کـە دەیانـەوێ ریفـۆرمی بکـەن، واتـا کۆمـەڵگای موسـڵمان، ئینجـا پرۆسەی ریفۆرمکردن دەبێ لە خاڵی بنەڕەتییەوە هەڵقولێت، کە بە تێـڕوانینی من (عەقل)ـە. گومانی تێدا نییە کە هەیە ئەمە دەڵێـت و سووریشـە لەسـەری، بەڵام ئەو عەقلە کامەیە کـە ئێمـە پێویسـتە لێیـەوە دەسـت پـێ بکـەین؟ ئایـا پێناسەیەك هەیە کە هەموو لەسەری رێککەوتبن؟ ئایـا لـە عـەقلی کەلامییـەوە دەستپێبکەین کە لەلایـەن فەیلەسـووف و دروسـتکەرانی حیکمەتـەوە هێرشـی توندی دەکرێتە سەر و بە خراپ دادەنرێ؟ یان ئـەو عەقڵـەی کـە قوتابخانـەی میتافیزیکییەکان دەیلێن؟ یان عەقڵ بە چەمکە نوێیەکەی؟ یـان ئـەو عەقڵـەی کە لۆژیکی یۆنانی وەسفی دەکات؟ یان عەقڵی ئـەزموونی؟ پرسـەکە گـەورە و ئـاڵۆزە، پێویسـتی بـە هـەوڵی بوێرانـە هەیـە، کـە بـۆ خـۆی شـەڕێکی هاوبەرامبەرییـە، دوای ئەمـە عـەقڵی رەخنـەیی و عـەقڵی بـەردەوامی هەیـە، هەروەها عەقڵی ئامرازی هەیـە.. کەواتـە ریفۆرمخوازەکـان چ عـەقلێك دەکەنـە ئامراز و چ عەقلێك دەخەنە روو؟

*** چۆن دەڕوانیتە بانگەشەکانی دادگاییکردنی هەندێ دەق و حاکمییەتی سەردەم، بەو وەسفەی کە رەگەزێکە لە رەگەزەکانی حوکمی شەرعی؟**

ـ هەموو ئەمانـە نـوێن، لەوانەشـە حوکمـەکان بـە تـەواوی بگـۆڕێن و ببنـە بانگەشە بۆ کرانـەوە بـە رووی جیهانـدا، یـان جەختکردنـەوە لەسـەر چـەمکی پێداگرتن لەسەر رۆشنبیری. هەموو ئەمانە ئاماژەیـەکی جـوانن لەسـەر رێگـای ریفۆرم و نوێکردنەوە. بەڵام لە رستەی راپۆرتی دەچن و نابنە هۆی ئـاڵوگۆڕی ریشەیی لـە دۆخـی فیکـری و رووحـی و پـەروەردەیی و تەشـریعیمان، چـونکە

ریفـۆرم چارەســەری هەنــدێ نــاوەرۆك نییــە، بــەڵکو چارەســەری ڕێگــای بیرکردنەوەیــە، لێــرەوە پرۆســەی ریفـۆرمکردن پێویســتی بــە خســتنەڕووی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەیە، لەوانەیە هەوڵـەکانی شـەهید سـەدر لـە کتـێبی (بنەما لۆژیکییەکانی پێخوێندنەوە) بچێتە خانەی ئەم ئاراستەیەوە، شـەهیدی خۆشەویست ئـەم هەوڵـەی لەبـەر ئـەوە نـەبوو کـە بـە بەڵگـە پرسـی ئیلاهـی. چواردەورەی دڵی گرتبوو، بەڵکو بۆ ئـەوەی بـوو ببنـە هـەوڵێکی نائامـادە لـە هەموو ئەو ریفۆرمانـەی دەبنـە جێگـەی فیکـر و بیرکردنـەوە. لـەم ڕێگایەشـدا هەوڵەکانی فەیلەسووفی گەورەی مەغریبی "تەها عەبدولڕەحمان"، ئـەم پیـاوە –لەگەڵ ڕایەکانیدا بیت، یان نـا– وای دەبـینێ کـە هـەر پرۆسـەیەکی ریفـۆرم، پێویستە لە پێشیدا پرۆسەیەکی لۆژیکی بڕاوە هەبێت کـە لـە میانەیـدا توانـای خوێندنەوەیەکی زانسـتییانەی ڕێکوپێـك هـەبێت بـۆ واقیـع، ڕێگـات بـۆ خـۆش بکات بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی ڕێکوپێك، عەبدولڕەحمان لەمبارەیـەوە زۆری نووسیوە، بەڵام نابێ ئەوە لـەبیر بکـەین کـە ئەمـە شـەڕێکی هاوبەرامبەرییـە، لەوانەیـە ریفۆرمخوازەکـان لـە عـەقل زیـاتر تاوانمـان لـێ بکـەن، دواتـر ئەمـە کارێکی باش و بەسوودە، چونکە "مێژووی فیکریی" پوختەی تاکە ڕێگایـەکی بیرکردنەوە نییە؟ بەڵکو وەکو ئەم گریمانەکردنە خـەیاڵی و لەوانەیـە نـەخۆش بێت.

*** ئەی دەربارەی لایەنەکانی وەکو کۆمـەڵگا و خـەڵك و ئیلیـەت چـی لـە پرۆسەی ریفۆرمکردندا؟**

ـــ سـەبارەت بەمـە، پرۆسـەی ریفـۆرمکردن پێویسـتی بـە کۆمەڵگایـەکی ئامادە هەیە، واتا پاڵنـەرەکانی وەڵامدانـەوەی تێـدا بێـت، بـەڕای منـیش ئـەم

جۆرە کۆمەڵگایە کارایە لە کۆمەڵگای ئیسلامی ئێمەدا نییە، تا ئێستاش ئەم کۆمەڵگایە دیلی رابردووە، هەندێ هێزی کاراش هەن کە بە شێوەیەکی دیماگۆگییانە هەوڵی مانەوە دەدەن لەسەر ئەم نەزعەیە، هەندێ میکانیزمی بیرکردنەوەش هەن کە پەنجەرەکانی گەیشتن و کارلێکردنیان لەگەڵ پرۆسەی نوێکردنەوەدا داخستووە، بەم هۆیەوە لەوانەیە هەندێ لە ریفۆرمخوازەکان هەست بە شەکەتی و ماندووبوون بکەن، کە وەڵام نەدراونەتەوە ـ ئەگەر ئەم دەربڕینە راست بێت. سەرەڕای ئەوە من لەگەڵیاندا هاوڕا نیم، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە ریفۆرمکردن بۆ خۆی پرۆسەیەکی کەڵەکە بووە، واتا لە خزمەتی ساتەوەختی ئامادەدا نەبووە، ریفۆرم تەنیا بۆ خزمەتی ساتەوەختی دەرچوون نییە، بەڵکو بۆ خزمەتی ساتەوەختێکە کە لەوانەیە نادیار بێت، بەڵام هەر دێت، بۆیە فەیلەسووفی گەورە (گرامشی) بۆ ریفۆرم دەنووسێت و لە ریفۆرمیشدا بۆ ئەو کەسە دەنووسێت کە نائومێدە، نائومێدە لەحزب، لە رۆشنبیرانی سەردەمەکەی، لە سەردەمەکەی بەتایبەت، لە جەماوەرەکەی. دیارە ئەو جوان هەستی بەوە کردووە کە (ئایندە) مەبەستە، بەڵام ئایا ئەمانە بیریان چووە کە "نائومێدی" مانای پەشیمانییە لە کارکردن و بەشداریکردنێکی جیدییە لە تەرخانکردنی واقیعێکی بە ئازار.

*** چۆن دەڕوانیتە بارودۆخی فێرکردنی ئایینی لە سەردەمی ئێستادا، هەم لە قوتابخانەی شیعی و هەم لە قوتابخانەی مەزهەبەکانی تری ئیسلامی؟**

ـــ زۆرێک لە پرۆگرامەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیم خوێندۆتەوە، زۆرینەیان لە باوەڕمەندی دەقەوە هەڵدەقوڵێن، لەسەر قوتابیش فەرزکراوە کە گوێبگرێ و تێبگات و باوەڕمەندی دەرچوون و راستی و لەوانەیە

باوەڕمەندی هەندێ راڤە و هەڵوێستیش بگرێتە ئەستۆ. ئەم باوەڕمەندییەش پیرۆزییەکی تەواوی هەیە، ئەمەش کارەساتی کارەساتەکانە، ئەم ریڕەوە لەسەر تەسلیمبوون پەروەردەیان دەکات و ترسیان لە دەرووندا دەچێنێت و تووڕهەڵدان و تەسلیمبوونیان لا دروست دەکات، بەڵکو دەگاتە ئەو رادەیەی وای دادەنێت کە تووڕهەڵدان و تەسلیمبوون نیعمەتێکی خواییە و جەوهەری ئیمانە.

بەڵام من وای دەبینم، کە دەبێ لە گومانەوە دەسپێبکەین، لە پرسیار، پرسیار ستراتیژییەتێکی گەورەیە، قورئانی پیرۆزیش کۆمەڵێ پرسیارە بەر لەوەی کۆمەڵێ وەڵام بێت، ئەوەشم لە کتێبەکەمدا (ستراتیژییەتی پرسیار لە قورئانی پیرۆزدا) روونکردۆتەوە، گومانی تێدا نییە، کە رەوانبێژی عەرەبی، تەقلیدی پرسیاری گۆڕیوە بۆ مادەیەکی مردوو، بۆ نموونە پرسیاری زۆرلێکردن پێشنیاری وەڵامێکی پێشتر ئامادەکراو دەکات. بە سەدان پرسیاری زۆرلێکردن لەقورئاندا هەیە کە بەشێکی زۆری قورئانی پیرۆز بۆتە وەڵامی ئامادە، بەڵکو پرسیارکەر و وەڵامدەر پێشتر لە سەری رێککەوتوون، کەواتە چ بەهایەکی مەعریفی بۆ ئەم پرسیارە کلۆڵانە هەیە؟

*** ئایا لەمبارەیەوە نموونەیەکی ئیجابیت لەزەیندایە؟**

– پرۆگرامەکانی فێرکردنی ئایینی لە توونس، هەنگاوێکی باشی هاندانی عەقڵ و فراوانکردنی بوارەکانی هەڵبژاردنن لەناو یەك دیندا، لە پشتی ئەمەوە تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بە دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە نییە، بەڵام جۆراو جۆری دەق و جۆراو جۆری خواردن لەسەر سفرەی نانخواردن، دەرفەتێکی

ئازاد بۆ جووڵە بەجێدێڵێت و دەرفەتێکی گونجاویش دەرەخسێنێت بۆ توانای هاوسەنگی و بەراوردکردنی پرۆسەکان و میکانیزمەکانی چالاکی فیکر و زەین.

*** چی دەڵێی دەربارەی ئەو مێژووە ئیسلامییەی کە لە سیستەمی پەروەردەی ئایینیدا دەخوێندرێت لای ئێمە؟**

– مێژوو لە سیستەمی پەروەردەی ئایینیدا بەربەستێکی ترسناکە لەبەردەم گەشەکردنی وزەی ئیدراکی و مەعریفی و رەخنەیی لەلای قوتابی لە جیهانی ئیسلامیدا، چونکە باوەڕمەندی مێژوو، بریتییە لە پێکبەستن بە عەقڵی جیاواز، پاشان پێویستە لەسەرت کە هەموو راستییەکانی واقع و زانست و ژیان رابکێشیتە ناو ئەم جیاوازییە ترسناکە، جا ئەو عەقڵە جیاوازە لە هاوەڵەکان یان ئالی بەیت یان لە خودی پێغەمبەر بچێت. هەندێ پیرۆزیی هەن کەبەسەر تۆدا دەسەپێنرێت و لەگەڵتدا دەژین، لەماڵەوە ، لەسەر شەقام و بەشێوەی یاساوی بەلۆژیککراو و نەخشە بۆ دارێژراو لە قوتابخانە و لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ، هیچ رێگایەك بۆ دەربازبوون لەم کابووسە نییە، تەنها ئازادکردن و هاندانی لێکۆڵینەوە نەبێت لەناو پرۆگرامی فێرکردنی ئایینی، ئەمە تاکە رێگایە، ئەمەش لەسەرەتادا رێگایەکی ترسناکە لەبەر چەندین هۆکار کە ئێرە جێگای باسکردنی نییە، بەلأم لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی مرۆڤی موسوڵمان و لە بەرژەوەندی داهاتوویدایە لەم جیهانە ترسناکە، رزگاربوون لە باوەڕمەندانی پێشوەختە، مەرجی سەرکەوتن و کارابوونی فێرکردنی ئایینییە، بەشێوەیەکی جەوهەریش دەسەلأتی سیاسی لەمەدا بەرپرسە، ئەو پاراستنی یاسایی و ماددی دابین دەکات بۆ ئەم جۆرە ئازادییە زیندووە، بەبێ ئەمە کارەکە زۆر گران و هەستیارە.

***چاوەڕوانی چ کاریگەرییەك دەکرێت لە بزوێنەری فیکری و دینی لە ئێران و توانای ئەو بزوێنەرە لە بەدیهێنانی ریفۆرمی ئایینی لە ئێران؟**

– کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە شۆڕشێکی فیکری لە ئێراندا هەیە، هەروەکو لە مەغریبی عەرەبیشدا هەیە، بزوێنەرێکی فیکری پارێزراویش هەیە بە ئاراستەی نوێکرنەوە و دامەزراندن و بەرەسەنایەتیکردن، بەڵام لەوانەیە هەبوونی ئەمە بە زمانی فارسی کاریگەری کەمتر بووبێتەوە و هەندێك شاردرابێتەوە، بەڵام پێویستە لەسەرم بڵێم کە تێبینی زۆر لەسەر ئەم بزووێنەرە هەیە، من ئاماژە بە بزوێنەری نوێخواز و ریفۆرم دەدەم، میکانیزمەکانی ئەم بزووێنەرە زۆربەیان لە دەرەوە خوازراون، ئەوەی لە ئێران دەربارەی زانستی کەلامی نوێ دەگوترێ هەمووی خوازراوی دەرەکی نییە، بەڵام زۆر پێی کاریگەرە، کێ نکۆڵی لەوە دەکات کە میتۆدی هێرمنیۆتیکا لە بنەچەدا رۆژئاواییە؟ یان بەعەقڵانیکردنی ئایین مانای بەلگەهێنانەوەی عەقڵی نییە، لە سەر بنەماو چەمکە دینییەکانی وەکو یەك خواپەرستی و پێغەمبەرایەتی و پێویستی ئایین، بەڵکو مانای ملکەچکردنی خودی دینە بۆ عەقڵ، واتە پرسی ئایینی ماددەیەکی لێکۆڵینەوەی عەقڵییە، لەنێوان ئەم دوو تێروانینەشدا جیاوازیەکی گەورە هەیە.

ئاواتەخوازم کە فیکری ئایینی ئێرانی هەوڵبدات میکانیزمەکانی بیرکرنەوەو شیکردنەوەو رەخنە لە ئایین و لە خودی دەقی ئایینی ئەنجام بدات کە لە ئێراندا قورئانی پیرۆز و سەلمێنراوەکانی ئەهلی بەیت، فیکرو دەقیش چاك نابن ئەگەر لەدەرەوەی شورای ئایینی رەسمی نەبێت.

*** ئایا ریفۆرمی ئایینی لـە دەرەوەی دەزگـا ئایینییـەکان تـەواو دەبێـت لەسەر دەستی ئەو بیرمەندو رۆشنبیرانەی کەسـەر بـە دامودەزگـای رەسمـی پیاوە ئایینییەکان نـین؟ بەتاییـەتیش تێبینیکردنـی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی گشتی مسوڵمانان، بەو پێیەی کە ئەو بیرمەندو رۆشنبیرانە باوەریان بەو زمانە رۆشنبیرییە نییە کە لەچوارچێوەی دینە تەقلیدییەکەوە هەڵدەقوڵێت؟**

– یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی فیکری نویٚ ئەوەیە کە دەقی ئـایینی تـەنها لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە قۆرخ ناکرێت، چ لە رووی چارەسـەرەوە بێـت یـان لەلایەنی راڤەکرن یان لەلایـەنی رەخنـە و کەشـفکردنی رەگورِیشـەکانی، تاکـە راڤەیەك بۆ ئەم دەقە نییە، بۆ ئەوەی ئەم راڤەیە ببێتە تاکـە راڤـەی پوخـت و تەواو، دەق هێزێکی ترسێنەرە، هێزێکی بەیەکدا چووە، کۆمەڵێ مافیا لە هێزو نهێنـی و شـاراوەو ئامـانج لـە ناویـدا کاردەکـەن، دەسـەڵاتێکی فـرەڕووە، هـەرجارەی رووێکـی خۆیـت نیشـان دەدات، لێـرەوەش دەروونـزان، دەتـوانیٚ بچێتە نـاو ئـەم فراوانییـەوە، لەراسـتیدا نـاو نـەزانراوەکانی ئـەم جیهانـە هـەر زانایـەکی تـریش دەتـوانیٚ بچـێتە ناوییـەوە، واتـا زانایـانی دەقـی دینـی و کۆمەڵناس و ئەدیب وئەنترۆپۆلۆژیست و زانای مێژوو و فکر و... ئەمڕۆ دەقـی ئاسایی جێگەی خوێندنەوەی جۆراوجـۆری جیـاوازە، ئـەی کەواتـە دەربـارەی دەقی دینی چی؟ کە لە زۆربەی کاتەکاندا زۆرئالۆزترو نادیارترە.

*** بەڵام ئایا پیاوانی شەقامی عەرەبی بەمە رازین؟**

– بەشێوەیەکی گشتی گومانم لەمـەدا هەیـە، سـەرەڕای ئەمـەش پیـاوانی ئایینی لەگەڵ ئەم ئاڕاستەیەدا هاوڕانین، چونکە پیاوی ئـایینی وایـدەبینیٚ کـە ئەمــە دەســەڵاتە رۆحییەکــەی لێدەســێنێتەوە، دەســەڵاتی ئــەویش تــەنها

دەسەڵاتی دەق نییە، بەڵکو ئەو ئەمینداری ئەم دەقەیە و ئەو تاکە سوارچاکی چنین و لاوازییەکانی دەقە، لەوانەیە بتوانین هەندێکیان هەڵبژێرین کە وەڵامی ئەم ئاراستەیە دەدەنەوە، بەڵام لەبیرمان نەچێت کە هەندێ ئیلییەتی عەرەبی زۆرجار لە ئازادی دەترسێن و لەمیانەی ئەو رێز و شکۆیەوە لێی دەڕوانن، کە پیرۆزی تێدایە.

*** ئەو پەیوەندییە ناڕۆشنەی لە نێوان ئیسلام و رۆژئاوادا هەیە کۆمەڵێ کاریگەری و ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری سەپاندووە، بۆچی تا ئێستاش دووانەی "ئیسلام" و "رۆژئاوا" لەبیرکردنەوەی ئیسلامیدا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە؟**

– ئەمە تەنها لە ویژدانی مرۆڤی موسوڵماندا دوانەیەکی نادیار نییە، بەڵکو لە ویژدانی مرۆڤی رۆژئاواییشدا وایە، ئەمە نادیارییەکە لە ویژدانی ئێمەدا لەوکاتەوەی کە بەهۆی هەستەکانمانەوە هەڵوێستە دژ بەیەکەکانی رۆژئاوادەبینین بەرامبەر هەموو ئەو رووداوانەی بەسەر جیهاندا دێت، بەتایبەتیش جیهانی ئیسلامی عەقلیەتێکی رۆژئاوایی داگیرکاری هەیەو رۆشنبیری رۆژئاوایی بەتوندی و بەروونی لە بەرامبەر ئەم عەقلییەتە نەوەستاوە لەسنوورێکی دیاریکراودا نەبێت، زمانێکی عەرەبی دوالیزمی هەیە "دەرەوە" و "ناوەوە"، ئەم زمانە شاراوە نییە، تائێستاش ئەو عەقلییەتەی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای هەڵکۆڵیوە بە بیانووی خوێندنەوەی عەقلییەتی رۆژهەڵاتی دواکەوتوو، زاڵە، بەڵام بەشێوازی نوێ.

*** بەڵام ئایا هەندێ چەمکی ناوخۆ نییە کە بەشدارییان لەم حاڵەتەدا کردووە؟**

– بێگومان زۆر چەمك هەیە كە لەسەر ئیسلام حسابەو بەشداری لەم حاڵەتەدا كردووە، لەوانە دوانەی "ماڵی جەنگ" و "ماڵی ئیسلام" كە لە بنەڕەتدا بەهیچ شێوەیەك نە لە قورئان و نەلە سونەتی راستەقینەدا بوونی نییە، هەروەها دوانەی "هیدایەت" و "گومڕابوون" كە بەشێوەیەكی ریزكراو پەیڕەو دەكرێت و رەچاوی مەرجەكانی هیدایەت و توانای جێبەجێكردن و بەكارخستنی لەسەرزەمیندا ناكات... هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ جێگیركردنی دوانەی ئیسلام و رۆژئاوا لە ویژدانی موسولمانی هاوچەرخ، بەڵام پێویستە لەسەرمان ئەوە لە بیرنەكەین كە هێزێكی تۆقێنەر لەسەر زەمین هەیە و لەلایەن "ئەویتر"ەوە كە كاردەكات بۆ تەرخانكردن و بەجێهێنانی ئەم دوانەیە، ئایا دەتوانین بۆ نموونە ئاماژە بە مەسیحییەتی فەندەمێنتالیستی بكەین، كەبەشێوەیەكی روون هەوڵ دەدات بۆ تەرخانكردنی یەك روانگە لە جیهان و بەرەهایی سرینەوەی (ئەویتر)؟ یاخود ئایا پرۆژەی "كۆتایی مێژوو" و "ململانێی شارستانییەتییەكان" لە بیربكەین؟ كەواتە تاوان و هەڵەكە هاوبەشە.

*** بەم پێودانگە پرۆژەی بەرهەمهێنانی گفتوگۆ نەبێت، چ شتێك ئەم واقیعەی ئەمرۆ بەباشتر دەگۆڕێت؟**

– لە راستیدا ئەم پرسیارە نیمچە نێگەتیڤە بۆ نەفیكردنەوەی بابەتەكەی خۆی، بەتێڕوانینی من تائێستاش گفتوگۆیەكی جیدی لە نێوان موسولمانان و مەسیحییەكاندا رووناكی نەبینیوە، ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەهەمان كاتدا دەبێ جیهانی و ناوخۆیی بن، هەروەها خولەكیش(دەوری) بێت، ئەگەر بارودۆخ و پێشهاتەكان بەهەرشێوەیەك بن، ئینجا دەبێ دووریش بن لە دەستێوەردانی

سیاسی، بەشێوەیەکی کردارەکیش پەیڕەویان لێبکرێت، کوا زانکۆی ئایینی هاوبەش؟ بەڵێ من بانگەشەی زانکۆی ئایینی هاوبەش دەکەم، با هۆکارو ئامرازەکانیش روون و ئاشکرابن، واتا کار لەسەر تەوزیفکردنی دین بکەن بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ، ئەم زانکۆیانە هەڵبستن بە پێدانی مافی بڕیاردان بەهەرئاییینێك، لەوانەیە سەرکێشی بکەم بەوەی کە بڵێم هەوڵی بەڕەسەنایەتیکردنی ئایین بدەن بەو شێوەیەی کە لە چوارچێوەی رەسەنایەتی خۆیان بریاری لەسەر دەدەن، هەروەکو فەیلەسووفی گەورەی ئیسلامی "حوسێن نەسر" بانگەشە بۆ هەمان شت دەکات و بەرەو ئاراستەی مەبەستە کۆمەڵایەتییەکان دەڕوات، گرنگی بەئاشتی جیهانی و پاراستنی دەسکەوتە مرۆڤایەتییەکان دەدات بە درێژایی مێژووی ماندووبوون و کارکردن و زیرەکییەکەی. کوا ئەو پڕۆژە هاوبەشە کۆمەڵایەتییانەی کەئەرکی خزمەتکردنی ئەوانەیان لە ئەستۆدایە کەبەناوی ئایینەوە بێبەش دەکرێن و دەچەوسێنرێنەوە؟

*** کێن ئەو لایەنانەی کە پێویستە دەسپێشخەری ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بن؟**

– ئەم گفتوگۆیانە دەبێ لە نێوان ئەو دامودەزگا ئایینییە گەورانەدا بن کەڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە چارەنووسی مرۆڤی ئایینی، بۆ نموونە فاتیکان و حەوزە زانستییەکانی نەجەف و قوم و ئەوانیتر، هەروەها لە نێوان کلێساکان و ئەو مزگەوتە جیهانییە گەورانەی کە خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و فیکری جیهانین. نابێ ئەم گفتوگۆیانە تەنها پیاوانی ئایینی بەڕێوەی ببەن، بەڵکو دەبێ پیاوانی دنیایشی تێدابێت، هەروەها لە هەموو ئایینەکان ئابووریناس و

پیاوی سەرمایەگوزارو کەسایەتی فیکری جۆراو جۆری تێدابێت، بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی مرۆیی وەربگرێت و کاریگەری جیهانی هەبێت، بەراشکاوییەوە دەڵێم کە تائێستا ئەم جۆرە گفتوگۆیە لە نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوادا نییە.

*** ئایا بوونی ئیسلامی لە رۆژئاوادا توانای ئەوەی هەیە کاریگەری بکاتە سەر بونیادی عەقلی رۆژئاوایی؟**

– زۆر هێزوتین هەیەو زۆر تواناش هەیە، ئەمەش هەمان ئەو هەبوونە مرۆیەی موسوڵمانانە لە ڕۆژئاوا کە بۆتە جێی گرنگی پێدان و ئاماژە لای ڕۆژئاواییە ترساوەکان، لەوانەش سیاسییە گەورەکان لەو توانایانەش کە هەیە ئەوانەن کە ساڵانە لە زانکۆ رۆژئاواییەکانەوە دەردەچن.

ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری قوتابیانی موسوڵمان لە زانکۆکانی رۆژئاوا وەردەگیرێت و دەردەچێت، لەسەر ئاستی جیهانی و لە هەموو جۆرە پسپۆرییەك، هەروەها ئەو پەیوەندییە نوێیەی کە هەندێ لە موسوڵمانان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا دروستیانکردووە کەتیایدا دەژیێت.

هەروەها بە ئاگاهاتنەوەی زۆرێك لە موسوڵمانان بۆ تێپەڕاندنی ساتی لە دەستچوو و تێکەڵبوونیان بە شێوەیەکی چالاکانەو زیندوو بە جیهانی رۆژئاوا، هەروەها چوونە ناو پەرلەمانە رۆژئاواییەکان کە مێژوویان پڕە لە بەهای دیموکراسییەت، لە بەریتانیا و ئەمەریکا و سوید و دانیمارك و هۆڵەندا و نەمسا و ئیتالیا و هی تر، موسوڵمانان و عەرەب لە بەرزترین ئاستی سیاسیدا بەشداریان هەیە.

زۆر لەپیاوانی عەرەب و موسوڵمان بە شێوەیەکی بەرچاو و کاریگەر تێکەڵ بە دنیای بازرگانی بوونە، هەموو ئەم توانایانە و چاوەڕێبوونمان بەوەی

کەتورکیا بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە ئاستی ئەم توانایانە بەرزدەکاتەوە و دەیگەیێنێتە پلەیەکی کاریگەر و توند.

*** بەڵام ئایا پلانێك یان میتۆدێك هەیە کە هەموو ئەم توانایانە بەرەو ئامانجێکی روون و ئاشکرا ببات سەبارەت بەموسوڵمانان و ئیسلام لە ڕۆژئاوا؟**

– نەخێر..من لەسەر ئەم کێشەیە بابەتم نووسیوە بەناونیشانی (جالیەی ئیسلامی لە رۆژئاوا.. لەتێکەڵبوونەوە بۆ بەشداریکردن) و لەلایەن هەندێ لەوکەسانەی گرنگی بەم باسە دەدەن دەسخۆشانەم لێکرا بەڵام تائێستا شتێکم پێنەگەیشتووە کە گرنگیدانەکەی لە ئاستی تیۆرییەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی پراکتیکی، جەنگێکی کەسی و تایفی بێزراو هەیە، هەروەکو عەقلییەتێکیش هەیە کەلەهەر نوێکردنەوەو تێگەیشتنێك دەترسێت لەگەڵ کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا، هەولێکی ترسناك هەیە بۆ پاراستنی (بیروباوەڕی خۆمان) وەکو هەندێك دەڵێن، بەڵام ئەم بیروباوەڕانە چین؟ نازانم.

*** چۆن دەروانیتە ئایندەی موسوڵمانان لەرۆژئاوا؟**

– ئەوان لە مەترسییەکاندا هەژاران، ئەوانەی کەناویان قوتابخانەی ئیسلامییە دڵخۆشت ناکەن، ئەم قوتابخانانە بەهۆی گۆشەگیری دروست بوونەو کاریان بۆ کرانەوە نەکردووە، چونکە قوتابخانەی ڕێبازگەرایین و هیچ پلانێکیان پێ نییە بۆ دروستکردنی نەوەیەکی بەردەوام لەگەڵ رۆژئاوا کەلەناودەستیدا دەژین، تەنانەت ئیدارەی قوتابخانەیەك نییە کەبیریش لەم جۆرە پلانە بکاتەوە، بەبیریشیاندا نایەت، تائێستا موسوڵمانانی رۆژئاوا واعیزەکانیان لە دەرەوە دەهێنن، تائێستاش ئەوانە دەهێنن کە ئەحکامی شەرعییان فێردەکات، ئەوانە دەهێنن کە موحازەرەی سادەیان فێردەکات.

*** هەر بەو بۆنەیەوە تێکەڵبوون و بەشداریکردن لەم بابەتە لە کوێ دەوەستێ؟**

– بانگەشەی تێکەڵبوون ناکەم، بەڵکو بانگەشەی بەشداریکردن دەکەم، رۆژئاواییەکان بەتەواوی تێکەڵ بەکۆمەڵگاکانی خۆیان نەبوونە. ئەمە لەبنەڕەتدا گوتەیەکی هەڵەیە، وادیارە هەندێکیش مەبەستیان لە تێکەڵبوون بەتەواوەتی توانەوەیە، ئەمەش رەفزکردنەوەیە، لەبەرئەوە بەشداریکردن پێویستی بەتێڕوانینێکی ئیسلامی نوێ هەیە. زۆر بەراشکاوی بڵێم پێویستی بە (ئیسلامێکی ئەوروپی) هەیە، هەر ئەمەشم نووسیوە لەژێر ناونیشانی (بەرەو ئیسلامێکی ئەوروپی) ئەوەی هۆکاری گەلێ دەردەسەرییە، لەمیانەیدا بانگەشەی ئەوەم کردووە کە ببینە ئیسلامی ئەوروپی، رۆژئاوایی، موسوڵمانی ئەمەریکی، موسوڵمانی سویدی، موسوڵمانی بەریتانی، کەبەشداربێت لەبەرگریکردن لە نیشتمان و لە بیناکردنەوەیدا کاربکات. بچێتە ناو حزبەکانییەوە و بەشداربێت لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیدا، رێزی یاساکان بگرێت، نەبێتە بارگران بەسەر کۆمەڵکاکەیدا، زمانەکەی بزانێ، ئیسلامێك گونجاو بێت لەگەڵ دیموکراسییەتدا، بەشێوەیەکی پراکتیکی و زانستی بەدوای عەقل دەکەوێت، لە ئەخلاقیدا لۆژیکی سوودو جوانی کۆ دەکاتەوە.

*** شێخ حەیدەر حوبوڵڵا باسی ئەوە دەکات کە بە "ریفۆرم و میانرەوی شیعی" ناو دەبرێ، ئەم بانگەشەیەش رووبەرووی گەلێ نارەزایی بووەوە تێڕوانینی تۆ چییە بەرامبەر بەم تێزە؟**

– پرۆژەیەکی لەم جۆرە هەر دەبێ لەلایەن عەقلی شیعییەوە بێت، بەلام بۆچی؟ چونکە بەڕاشکاوی بیلێم عەقلی شیعی تووشی تەنگ و چەڵەمەبووە،

دەزانم کە بەم هەڵوێستە لەگەڵ زۆرێك رووبەرووی پێکدادان دەبمەوە، بەڵام بێڵە با لێت بپرسم.. ئایا ئەمڕۆ چ ئایین و چ مەزهەب و چ فەلسەفەو چ زانست و چ شارستانییەتێك و چ وڵات و شارێك تووشی تەنگ و چەڵەمە نەبووە؟ هەموویان تووشی تەنگ و چەڵەمەبوونە، هەموویان رووبەرووی ئەوپرسیارانە بوونەتەوە کە پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان بەسەریدا سەپاندون. شۆرشی کوانتامە فیزیاییەکان، ئاشکراکردنی نەخشەی جینات، خەلقکردنی بونیادی لۆژیکی نوێ، دۆزینەوەی ئەو ناوچە دەماغیانەی کە لە هەڵسوکەوتی ناوچە ئەخلاقییەکانمان بەرپرسیارن، ململانێی شارستانییەتییەکان، دیارخستنی ناوچەکانی نائاگایی، شۆرشی ئینتەرنێت... ئایا عەقلی شیعی لەو هەموو کاریگەریانە دەردەچێت و بەدەرە؟ بەدرێژایی مێژوو عەقلێك نییە کەتووشی تەنگ و چەڵەمە نەبووبێ، ئەگەر عەقلێکیش بانگەشەی ئەوەی کرد کە بێتەنگ و چەڵەمەیە، ئەوە ئەمە عەقل نییە، سروشتی عەقل وایە کە تەنگوچەڵەمەی هەیە، نیگەرانە، ڕاڕایە، بەبێ ئەمانە کەواتە عەقلەکە وەستاوە و مردووە، پێدەگات بەڵام خولقێنەر نییە.

*** بەتێروانینی تۆ ڕەهەند و سیماکانی تەنگوچەڵەمەی عەقلی شیعی چییە؟**

– عەقلییەتی شیعی تووشی تەنگوچەڵەمە بووە بەهۆی ئەو شۆرشە گەورەیەی کەهەندێ نووسەر و بیرمەندەکانی لەلایەنی میراتی شیعییەوە ئەنجامیانداوە، یەکێك لە بەشدارانی ئەمەش نووسەری ئەم دێرانەیە بەتەوازوعەوە، بەتایبەتیش لەلایەنی کاریگەری حوسەینییەوە، بۆ زانیاریش پارێزگاری لەزیاتر لە هەزار لاپەڕەی ئەم کاریگەرییە و سروشت و شوناس و

چارەنووسەکەی دەکەم، ئەم میراتە ئەمڕۆ لەتەنگەژەدایە، ئەمڕۆ ئەمە ملکەچی لێپرسینەوەی ترسناکە، چ لەئاستی باوەڕپێبوون بێت یان لەلایەنی ڕاڤەکردنی، یان لەلایەنی گونجانی بێت لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی زانستی نوێ و فیکری نوێ. گەلێ پرس زەینییەتی نەوەی شیعی دەجولێنن: بێگوناهی، مەهدی، رەسەنایەتی فیقهی شیعی... ئەمڕۆ هەموو ئەم کێشانە جێگای پرسیارو پرسیارکردنن، لەسەر زانا شیعە بەڕێزەکانیش پێویستە بچنە ناو ئەم کێشەیەوە، هەروەها تا ئێستا موسوڵمانی شیعی لە پەیوەندییەکی ناڕوون دایە لەگەڵ "دەوڵەت"دا، زۆرجار تەنانەت ئەگەر هاوبەشێکی سەرەکیش بێت لە دەوڵەت، بەڵام هەڵسوکەوتی یاخییانە دەگرێتەبەر، ئایا تیۆرەو تێڕوانینێکی روون بۆ ئەم پەیوەندییە هەیە؟ چی دەبێت ئەگەر موسوڵمانێکی شیعی بەپێی فیقهی ئەهلی بەیت بەندایەتی خوابکات.

*** بەڵام ئەمە تەنگەژەیە کە لەهەموو تەنگەژەکانی عەقلی دینی جیاوازە؟**

– وایە... تەنگەژەی عەقلی شیعی لە تەنگەژەی عەقلی موسوڵمان جیاناکرێتەوە، هەموو عەقلی دینی تەنگەژەی بەیەکداچوو و کارلێکراوە، بریتی نییە لە بازنەی داخراو، بەڵکو بازنەی پچڕ پچڕ و بەریەککەوتووە، ئەزموونی حوکم لە کۆماری ئیسلامی گەلێ پرسیاری خستەڕوو، لەوانەش ئەوەبوو کە پەیوەستبوو بە جۆرێتی سیستەمی حوکم لە ئیسلامداو ئایا مافێکی رەوای چەسپاو و جێگیر لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەیە؟ پرۆژەی کەلامناسی نوێ گەلێ پرسیاری وروژاند دەربارەی دەقی پێشەواکان، مێژووی شیعە پڕە لە خاڵی نادیار، پێویستە ئەم مێژووە رووناك بکرێتەوە ئەم نارۆشنییە پرسیار دروست دەکات کە دەبێ وەڵام بدرێنەوە، بۆ نموونە چۆن

دەقی شیعی دەخوێنینەوە؟ ئەمە کێشەیەکی پڕتەنگوچەڵەمەیە. ئایا بەیەك زمان دەیخوێنینەوە؟ بۆ نموونە ئەو دەقانەی لە کتێبی (بصائر الدرجات)دا هەیە، ئەوەی کەبەشی (٢٥،٢٦) ی (بحار ألانوار) پێکدێنێ ئەوەشی کە پەیوەستە بەبیروباوەری ئیمامەت. ئایا ئەم کتێبە ملکەچی پرۆسەیەکی رەخنەگرانەی بوێرە؟ تەنگەژەیەکی ئاشکراو تەنگەژەیەکی شاراوە هەیە، بۆچی لە وروژاندنی ئەمە بترسین؟ بەشیعەبوونی زەبەلاح هێزێکی رووحی زەبەلاحیشە، ترسی لە لێکدانەوەو رەخنەو شیکردنەوە نییە، چەندە رەخنەگرانە دەڕوانمە دەقی شیعی، ئەوەندە زیاتر پەیوەست دەبم بەرووحی بەشیعەبوونەوە.

*** ئەو چارەنووسەی کە ئیسلامییەکانی عێراق پێی گەیشتوون چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ لەم چوارچێوەیەشدا گێڕانەوەی (خود) گێڕانەوەی غالب شابەندەر چییە، ئەوەی کە دەکرێ پێشکەشی کەیت؟**

– بەداخێکی زۆرەوە سیاسەت ئیسلامییەکانی عێراقی فەوتاندووە، بەڵام ئەزموونی تاڵیبان لەگەڵ سیاسەتدا هەندێ کاریگەری ئیجابی هەیە، زۆربەی زاناکانیان بەرەو کاری فیکری دەڕۆن، بەتایبەتیش لەوانە مامۆستا عەبدولجەبار روفاعی خاوەنی پڕۆژەی فەلسەفەی دین، و گۆڤاری (قضایا اسلامیة معاصرة) کەبەشداریەکی کارای کرد لە پشتگیریکردنی عەقڵی موسوڵمانان لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها لەوانە مامۆستا "ماجد غرباوی" کە بە پرسیارە بەهێزو بوێرەکانی دەناسرێتەوە، هەروەها عەلامە "سەید عەمار ئەبو زغیف" کە هەوڵدەدات بەهۆی دەقی ئیسلامی لە پەراوێزەوە بچێتە ناوەڕۆك، زۆریش لە پێشەنگەکان بەشداریان لە پێگەیاندنی عەقلییەتی

ئیسلامی شیعی عێراقیداکردووه، لەسەرووی هەمووشییانەوە "سەید قوتب" و قوتابخانەکەی، پاشان بەشێوەیەکی ناوەندی فیکری "شـەهید سـەدر"، دوای ئـەوە بەرهـەمی قوتابخانـەی کەلامناسـی نـوێ بـەهێز دەکـرێ و گرنگـی پـێ دەدرێ، تا ئیستاش شەهید سەدر پادشاو جڵەو بەدەستی گۆڕەپـانی فیکـری عێراقییە، رەنگە بەشێوەیەکی لاوەکی لە ئێـران و لوبنـانیش وابـێ، لەوانەشـە شـیعەی عێـراق لـە حوکمکردنیـان دوای روخـانی رژێمـی سـەددام حوسـێن، کاریگەریەك جێبێڵن لە دروستکردنی توانای فیکری نـوێ، بـەڵام سـەبارەت بـە نووسەری ئەم چەند دێرە، ئەوا حوکمەکە بۆ خەڵکی تر بەجێ دێڵم، بەڵام پـێم خۆشـە شـتێکی گرنگـت پـێ بڵـێم: ئـەویش ئەوەیـە، مـن هەمیشـە نیگـەران و دوودڵم.



# ئەفسانە پەیوەستە بەدین، بەڵام مەرج نییە خورافیات پەیوەست بێت بەدین

## گفتوگۆ لەگەڵ فیراس ئەلسەواح

فیراس ئەلسەواح بیرمەندێکی سورییەو زیاتر لە سی ساڵی تەمەنی خۆی بۆ (مێژووی ئایین و ئەفسانەو فینۆمینۆلۆژیا) تەرخانکردووە. لەم گفتوگۆیەدا باس لە (ئایین و ئەفسانەو خورافیات و شەیتان) و هەندێ پرسی دی دەکات.

*** بەوردبوونەوەو تێفکرین لە تەمەنی گەنجێتی تۆدا، هیچت نەدۆزیوەتەوە جگە لە راهێنانی زەین و عەقڵ نەبێت، ئینجا ئەفسانەت لێی جیاکردۆتەوەو پەسەندت کردووە؟ چیت تێدا دۆزییەوە؟**

– بەشێوەیەکی پراکتیکی، ئەفسانە لە لۆژیکی ئەرەستۆیی تێدەپەڕێ، بەڵام مرۆڤ بەتەواوی تەنها لۆژیك و عەقڵ نییە، مرۆڤ (گشت)ێکە لە میانەی ئەفسانەو حیکمەت و ئاییندا، مرۆڤ بەم گشتییە رووبەڕووی جیهان دەبێتەوە نەك تەنها بەهۆی عەقڵییەوە، فەلسەفە لە سنووری عەقڵدا دەوەستێت، بەڵام

ئەفسانەو حیکمـەت و ئـایین ڕووبـەڕووی جیهـان دەبنـەوە... لەناویانـدا مـرۆڤ بەگشتیەتی خۆی ڕووبـەڕووی جیهـان دەبێتـەوە، بەسـۆزی، بـە هەسـتەکانی، بەگومان و هەڵچوونەکانی، مرۆڤ بەگشتێتی خۆی لـەناو ئەفسـانەو حیکمـەت و ئاییندا ئامادەیە.

*** ئەگەر (ئەفسانە) لە (خورافیات) جیاوازە، جیاوازییەکەیان چییە؟**

– پێش ئەوەی پەنا بەرمە بەر لێکۆڵینەوەی مەنهەجی بۆ ئەفسانە، تـەنها بـە خوێندنەوە وازناهێنم، پێویستە لەسەرم هەر لەسـەرەتاوە ئـاوڕ لـە مەسـەلەی زاراوە (المصطلح) بدەمەوە، چونکە ئەگـەر تـۆ بـەوردی سـنووری ئـەم بـوارە مەعریفییەت نەزانی کە کاری لێکۆڵینەوەکەتە تیایدا ون دەبیت.

*** سەرت لێ دەشێوێ؟**

– وا گومان دەبەی کە لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەفسـانە دەکـەیت، بـەڵام دەبـینی لێکۆڵینـەوە لەسـەر خورافـە دەکـەیت، یـان لەسـەر چـیرۆکی پاڵـەوانێتی یـان چـیرۆکی میللـی، یـان شـتێکی لـەم جـۆرەی ڕەگـەزی ئـەدەبی کـە دەگاتـە ئەفسانە، لەسەر ئەم...

*** یان یەکتر دەبڕن؟**

– .. یان یەکتر دەبڕن، لەسەر ئەم پلەیە یان ئەو، لە ئەنجامدا (بەخاکێتییەوە دەیڵـێم) تیـۆرێکم لێهـەڵێنجا کـە جیـاوازە لـە زۆربـەی تیـۆرە ڕۆژئاواییـەکان، سەرلەنوێ لە ئەفسانەم کۆڵییەوە، بەشێکی زۆری ئەوانەم بـژارکرد کـە پێیـان دەگـوترێ (ئەفسـانەی ئـەغریقی)، بـۆم بەدیارکـەوت کـە زۆربـەی ئەفسـانە ئەغریقییـەکان – ئەوحیکایەتانـەی ناویـان لێنـراوە ئەفسـانە (myths) و لـە قوتابخانـەکان بـەناوی ئەفسـانە دەخوێنـدرێن و بـەناوی ئەفسـانە بۆمـان

دەنێــردرێن– لــە راســتیدا ئەفســانە نــین، بــەڵکو (خورافیــات)ن. ئەمــەش بەپشتبەستن بەتاکە پێوەرێکی بنەڕەتی.

بـەتێڕوانینی مـن لـە رووی شـێوەوە، ئەفسـانە حیکایـەتێکی ئەدەبییـە کـە خواوەند رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێ، بەوەش لە خورافیـات جیـا دەکرێتـەوە واتە ئەفسانە حیکایەتێکی پیرۆزە، پیرۆزیی ئەو تایبەتمەندییەیە کـە ئەفسـانە لە هەموو رەگەزە ئەدەبییەکانی دیکەی هاوشێوەی ئەو جیای دەکاتەوە.

*** بەڵام ئەم حیکایەتە پیرۆزە مرۆڤ دایهێناوە؟**

– تـاکێکی دیـارکراو داینـەهێناوە، بـەڵکو مـرۆڤ دایهێنـاوە.. هەڵبـەت هـەموو شتێك مرۆڤ دایهێناوە، هیچ شتێك لە فەزای دەرەکییەوە بۆ مرۆڤ نەهاتووە.

*** واتە وەکو دەقی پیرۆزی یەکەمە؟**

– دەقی پیرۆز، بـەڵێ بەتـەواوی وایـە.. تـۆ دەتـوانی پـێم بڵێـی ئەمـە دەقـی پیرۆزی یەکەمـە، بـەڵام خورافیـات کـاتێ دەگێڕدرێتـەوە، گێڕەرەوەکـەو ئـەو کەسەش کە گوێی بـۆ راگرتـووە، هـەر لەسـەرەتاوە دەزانـن کـە ئـەوان وەکـو ئـەرکێك لەسـەریان نییـە بـاوەڕ بـە حیکایەتەکـە بکـەن، لەوانەیـە رووبـدات و لەوانەشە روونەدابێت، رەگەزی (پیرۆزیـی) لەناویـدا مـەرج و پێویسـت نییـە، بۆیە ئەفسانە پەیوەستە بە دین، بەڵام مەرج نییە خوارفیـات پەیوەسـت بێـت بە دین، هەموو ئایینێکیش ئەفسـانەی خـۆی هەیـە، ئەفسـانە رۆڵیکـی گرنگـی هەیە لە روونکردنەوەی بیروباوەری دین بۆ ئەم ئایین و ئەو ئایین، هەمیشـەش بەشێکە لە ئایین..

*** کەواتە ناوەندێکە لەنێوان ئایین و مرۆڤدا؟**

– پێکهاتەیەکی سـەرەکییە لـە پێکهاتـەکانی ئـایین، ئەگـەر بمـەوێ ئـایین لـە

پێكهاتە سەرەكییەكانیدا شی بكەمەوە دەڵێم: ئایین پێكدێت لە: بیروبـاوەڕ، ئەفسانە، سرووت (طقس). ئەگەر یەكێك لەم سێ رەگەزانـە ون بێـت و ئامـادە نـەبێت، دەكەوینــە گومانــەوە لــەوەی كــە ئایــا ئــەم دیاردەیــەی ئێمــە لێــی دەكۆڵینەوە ئایینە یان نا؟ واتە هیچ ئایینێك بەبێ بیروباوەڕ نـابینرێ، ئـایینی بەبێ ئەفسانە هەندێ جار دەبینرێ، ئـایینی بـەبێ سـرووت بـەهیچ شـێوەیەك نابینرێ و لەئارادا نییە، هیچ ئایینێك بـەبێ سـرووت نـابینرێ تـەنها مەگـەر لـە ئایینەوە گۆڕابێت بۆ فەلسەفە.

*** ئایا كاهینەكان بەرپرسیارن لە داڕشتنی ئەفسانە؟**

– بێگومان ...

*** بەو پێیەی كە پەیوەستە بە سرووتەكانەوە ..؟**

– هەڵبەت، كاهینەكان ئەوانەن بەرپرسیارن لە داڕشتنی ئـایین، بـەڵام لەسـەر زەمینەیـەكی گشـتی و میللـی، واتــە بیروبـاوەڕی ئەفسـانەیی بـەربڵاو هــەن، كاهینــەكانیش بەرەبــەرە لــە نەوەیەكــەوە بــۆ نەوەیــەكی دی هەڵدەســتن بــە نووسینەوەی ئەم ئەفسانانەو سافكردن و یەكلایی كردنەوەیان..

*** واتا لەگەڵ پێداویستییە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكاندا كارلێك دەكەن...؟**

– .. پێداویستییە دەروونی و رۆحییەكانی خەڵكی ئەم سەردەمە.

*** هەروەها ئەفسانەكان دەنووسنەوە؟**

– بــەڵێ، ئەفســانە لەســەر زاران دەگوازرێتــەوە، ئینجـا بەشـێوەی شـیعری دەنووسرێتەوەو دەسەڵاتی بەسەر هەست و دڵدا هەیە، (سەرزارەكیبوون)یش، یارمــەتی ئــاڵوگۆڕكردن دەدات لــەناو خــەڵك كــاتێ نووســین بــەدیار كــەوت، دەستكرا بە نوسینەوەی ئەفسانەو ئەفسانەش.

*** پرسیارێك لەخۆوەو ئێستا دروست بوو: کامیان لەپێشترە ئایین یان ئەفسانە؟**

– هەردووکیان بران، کاتێ بیردەکەینەوەو دەڵێین: ئەفسانە پیرۆزە پاڵەوانە سەرەکییەکانی خوداوەندە، باسی جیهانی میتافیزیك و پەیوەندی جیهانی میتافیزیك بەجیهانی بینراو، پەیوەندی دیار بە نادیار و غەیبەوەو.. هتد، دەکات، کەواتە ئێمە لە چوارچێوەی بواری ئایینیداین.

*** کەواتە لە هەر کوێیەك ئەفسانە هەبێت، لەوێدا ئایین هەیە؟**

– بەڵێ

*** ئەم ئایینە هەر جۆرە ئایینێك بێت؟**

– هەڵبەت هەموو ئایینێك ئەفسانەی خۆی هەیە، ئایین ئەفسانە بەدیار دەخات و ئەفسانەش یارمەتی ئایین دەدات و پاڵپشتی دەکات بەوەی دەبێتە سایەو سێبەری و زیندوێتی پێدەبەخشێ، وێنەی کەسایەتی خواوەندەکان دەکێشێت، وێنەی ژیاننامەی خواوەندەکە دەکێشێت، ئەم خواوەندە لەکوێ لەدایك بووە، چۆن ژیاوە، پەیوەندی بە خواوەندەکانی دیکەوە چییە ..

*** ئەم ژیاننامە خودییە بۆ کێیە؟ ئەوان لە ئاسمانن؟**

– ئەم ژیاننامانە خودییە بۆ خواوەندەکەو بۆ گەردوون و هەروەها بۆ مرۆڤیش.

*** هەروەها ئاوێنەیەکیشە بۆ مرۆڤ و ئاسمان؟**

– بەتەواوی وایە.

*** چۆن هەبوونی ئەو ئەفسانە سۆمەرییانە لێکدەدەیتەوە کە لە رووی ناوەرۆکەوە هاوشێوەی ئەو حیکایەتانەن کە لە تەورات و لە قورئاندا هاتوون؟**

– هیچ ئایینێك نابینرێ له بۆشاییەوە گەشە بكات، هیچ ئایینێك له بۆشاییەوە گەشـەناكات، ئـایین لـە ژینگەیـەكی كـەلتووری دیـاریكراوەوە گەشـەدەكات، لەناوەنـدێكی رۆشـنبیری دیـاریكراو گەشـە دەكـات، نموونـەش لەسـەر ئەمـە: ئەگەر له (بوزییەت) رابمێنین، بەهەموو چەمك و زاراوەكانی و.. هتد، دەبیـنین كـە بوزییـەت لەسـەدەی شەشـەمی پـێش زایـین، نـەدەتوانرا لـە یـەكێك لـە هەرێمەكانی رۆژهەڵاتی خواروی كۆن گەشه بكات، چـونكه ژینگەكـه ژینگـەی ئەو نییە، بودییەت له كویێ گەشەی كرد؟.. بودییەت، له هینـد گەشـەی كـرد، لەسەر زەمینێكی هیندۆسی، هەموو چەمكه سەرەكییەكانی بودیەت له (گیـان چـوونه لەشـێكی دیكـەوەو خـولی هۆكـاری گـەورەو نێرڤانـا nirvana و چـەمكەكانی كارمـا karma و ئـەوانی دی) ئـەم چـەمكانه هـەمووی چـەمكی هینـدین، بـەهیچ شـێوەیەك نـەدەكرا ئـایینی بووزییـەت بـەم چـەمكانەوه لـە ئەوروپا یان لـە رۆژهـەڵاتی خـواروی كـۆن گەشـە بكـات. هیندۆسـیەتیش بـۆ هەمان كار ملكەچەو ئەو هیندۆسییەی بودییەت لەناویدا گەشەی كـرد، لەسـەر زەمینی سانسكریتی پێش خۆی نەبووایه نەیدەتوانی گەشه بكات.

مەسـیحییەت لەسـەر زەمینێكـدا گەشـەی كـرد كـە لـە بتپەرسـتی خۆمـاڵی پێكهاتبوو، لـە فەلسـەفەی ئـەفلاتوونیزمی نـوێ، لـە بـیرو بـاوەڕی بتپەرسـتی یۆنانی، له گنۆسیەت و .. هتد. سەرچـاوەی زۆری مەسـیحی دەربـارەی ئەمـە هەن، هەروەها ئیسلامیش كاتێ بەدیار كەوت له ژینگەیەكی كـەلتووری ئـەوتۆ بەدیار كەوت كه هات و هاواری فیكـرو بیروباوەڕەكـانی لێبـوو، بەدیاركـەوتنی ئیسـلام لـەكاتێك بـوو كـە پیسـترین كاتـەكانی فیكـری مـرۆڤ بـوو، شارستانییەتەكان تێكەڵ دەبوون، بـە یەكدەگەیشـتن، كارلێكیـان لێكـدەكرد،

گفتوگۆیان دەکرد، ئەگەر مەسیحییەت و یەهودییەت و بتپەرستی کەنداوی عەرەبی بۆ نموونە، هەروەها زەردەشتی و مانی نەبوونایە کاتێ فێرکارییەکانی ئیسلام بەدیارکەوتن بەو شێوەیە نەدەبوو کە ئێستا هەن.

*** ئێستا ئەگەر ئێمە نموونەی چیرۆکی هابیل و قابیل لە قورئان و تەورات وەربگرین، هەمان شت یان شتێکی هاوشێوەی ئەمە لە ئەفسانەی سۆمەریدا دەبینیت. ئەمانە دەمانخاتە بەردەم دوو ئەگەر: یان ئەم کتێبە ئاسمانییانە ئیلهامیان لە هەندێ چیرۆکی ئەفسانەیی وەرگرتووە، یان ئەفسانەکان بۆ خۆیان لە تۆی وەحی ئاسمانی هەڵقوڵاون؟**

– وەکو گوتم، با هەوڵدەین بابەتەکە لە روانگەی دیاردەی (وەحی)ییەوە وەربگرین، با گریمانەی ئەوە بکەین کە ئایین– ئایینی یەهودی، یان مەسیحی یان ئیسلامی _بەرهەمی (وەحی)ن، لێرەوە پێت دەڵێم کە قوتابخانەکانی ئیسلامی لە چەمکی وەحیدا ناکۆکی و جیاوازییان هەیە، وەحی چییە؟ ئایا وەحی بەوشەی وردی بەرفراوان دادەبەزێت؟ یان بەمانا دێت؟ تا ئێستا هەندێ خەڵك هەن، یا هەندێ گرووپی ئیسلامی هەن، دەڵێن وەحی بە(مانا) دێت، دەڵێن، وەرگری وەحی بەهۆی ئەو کەرەستە زمانەوانییانەی لەبەر دەستدایە توانای دارشتنەوەی وەحییەکان هەیە، لێرەوە دەڵێم– چەندجاری دیکەش لە زۆربەی کتێبەکانمدا گوتوومە– شەرابی ئایینە کۆنەکان دەرژێتە ناو کوپەو گۆزەی نوێوە. بەو مانایەی کە دەفرەکە نوێیە، بەڵام شەرابەکە کۆنە، لەم دەفرە نوێیەشدا کۆنی و مانەوە، چێژەکە زیاتر دەکات بۆئەو کەسانەی شەرابەکە دەخۆنەوە، هەموو نامەیەك شتی نوێی پێیە لەوشتانەی کە هێناویەتی..

*** لە کتێبی یەکەمینتەوە (مغامرة العقل الاولي) تۆ دەچیتە ناو هەندێ بابەت کە نزیکە لەوەستان لەسەر عەقڵی ئەوروپی – خۆرئـاوایی، ئەمـە چـییە کـە هانت دەدات بۆ ئەو موغامەرەیە؟**

– پرسیارەکەت دوو بەشە: لە ئێستادا بابەتەکانی کەلتووری جیهانی بە زۆری بریتین لە وەستان لەسەر عەقڵی خۆرئاوایی" واتا ئەوەی بـە (فیکـری جیهـانی سێ) ناو دەبرێ هیچ کۆمەکێکمان پێشکەش ناکات لە سنوورێکی کەم نـەبێت، ئەم بابەتانە هـەموویان –زانسـتی مێـژوو، زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، هـەروەها ئەفسانە– ئەمانە هەمووی لە حاڵەتی لەسـەر وەسـتان و تـا ئێسـتاش لەسـەر عەقڵی جیهانی وەستاون.

*** بەڵام لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە بەجۆرێك لەکات بەفیڕۆدان دادەنرێ کە عەقڵی خۆرئاوایی لەگەڵیدا دەڕوات، نەك عەقڵی عەرەبی؟**

– لـەوباوەڕەدانیم کـە لێکۆڵینـەوە لـە ئەفسـانە کـات بـەفیڕۆدان بێـت بـەهیچ شێوەیەك، تەنها مەگەر وای دابنێین کە ژیانی ڕۆحی مرۆڤ بەتـەواوی لەبابـەتی کات بەفیڕۆدانە.

*** نەخێر ئەمە هەرگیز وانییە؟**

– هەڵبەت نەخێر، بەڵام لەو بڕوایەدام کە من خۆم بەشدارییەکی کاریگەرم لەو بوارەدا کردووە، دوای نزیکەی سـی سـاڵ خـۆ تـەرخانکردنم بـۆ لێکۆڵینـەوەی ئەفسانەو مێژووی ئایین و فینۆمینۆلۆژیـای ئـایین، بەشـدارییەکی تایبـەتم لـەم کایەدا کردووە.

*** لەماوەی ئەم سی ساڵەدا چ ئامانجێکی دیاریکراوت لەبەرچاو گرتووە؟**

– عەقڵی خۆم ئازاد کردووە، عەقڵی خۆم هانداوە بـۆ بیرکردنـەوەی ئازادانـە،

هەروەها لەمیانەی کارکردنمدا ویستوومە عەقڵی خەڵکی دیکەش ئازاد بکەم، واتا ئەگەر لێم بپرسی: (بۆچی دەنووسیت؟) دەڵێم (لەپێناو ئازادکردنی عەقڵ، دەنووسم بۆ ئەوەی عەقڵ ئازاد بکەم) هیچ ئامانجێکی دیکەم نییە، کاتێ عەقڵ ئازاد دەبێت و لە مامەڵەکردندا لەگەڵ ئاڵۆزترین پرسیار و ئاڵۆزترین کێشە، لەوکاتەدا ئێمە هەنگاوی یەکەممان دەستپێکردووە لە ...

*** کەواتە مامۆستا فیراس ئەلسەواح شۆڕشگێڕە، خەڵك هاندەدات بۆ ئازادکردنی عەقڵەکانیان لە کۆت و بەند؟**

– بەجۆرێك لە جۆرەکان..

*** پاشان تۆ توانای بیرکردنەوەت هەیە لە هەموو شتێك؟**

– پێویستە مرۆڤ بتوانێ بیر لە هەموو شتێك بکاتەوە، هەمیشە ئامادە بێت بۆ بیرکردنەوە، من ئامادەم بیر لە هەموو شتێك بکەمەوە، ئامادەم بچمە ناو هەموو نەزانییێکەوە، ترس لەلای من نییە، ئەوەی هانیشم دەدات بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە رۆژێك لە رۆژان بۆ هیچ ئایدیۆلۆژیایەك ملکەچ نەبوومە، چونکە ئایدیۆلۆژیا – جا هەر ئایدیۆلۆژیایەك بێت، چ دینی چ سیاسی – عەقڵ زنجیر دەکات، رۆح زنجیر دەکات، مرۆڤ قەدەغەدەکات.

*** دەیبەستێتەوە..**

– دەیبەستێتەوە.. زۆرێك لە دۆست و هاوڕێکانمان هەن لە تەمەنی هەرزەکارییەوە کەوتنە ناو ئەم یان ئەو ئایدیۆلۆژیا، من لە ئایدیۆلۆژیا دەتۆقێم، لێی دەترسم، لەبەشێکی تەمەنی هەرزەکاریمدا هەستێکی دینی بەهێزم هەبوو، هەولمدا لە کۆمەڵە دینییەکان نزیك ببمەوە، بەڵام تووشی ترس و تۆقاندن بووم لەبیروباوەڕو فیکر، هەروەها لەژیانمدا رووبەڕووی

ئايـديۆلۆژياى تـرو ئايـديۆلۆژياى سـێيەم بوومەتـەوە، تاوێـك لێيـان نزيـك بوومەتەوە، بەڵام دواتر رامكردو بەجەستەى خۆم تەواوم كرد، وازم لێهێنا.

*** سوپاس بۆ خوا لەسەر سەلامەتى!**

– كەواتـە بـۆ بەدواداچـوونى بيركردنـەوەى ئـازاد پێويسـتە لـە ئايـديۆلۆژيا چەقبەسـتووەكان دوور بكەوينـەوە، ئێسـتاش لـەپاش كـاروانێكى فيكـرى دووردرێژ، پاش تەمەنى سى ساڵ، يان چل ساڵ لە هەر تەمەنێكدا بيت پـاش گەشتێكى مەعريفى دووردرێژ ئەگەر دەتـەوێ پابەنـدبيت بـە ئايديۆلۆژيايـەكى دياريكراوەوە پابەند بە.

*** ئێستا با تۆزێ لەوە رابمێنين كە لە كتێبەكەت (دين الانسان)دا هاتووە، تـۆ واى دەبـينى كـە مـرۆڤ لەوەتـەى دۆزراوەتـەوە، لـە داهێنـانى دوو شـتدا پێشكەوتنى بەخۆيەوە بينييوەو سێيەمينى نييە، ئەم دوو شـتەش: ئـايين و ئامراز (الادوات)ە؟**

– ئايين و كەلتوور سەرەتايترين بەرهەمـە كەلتوورييـەكانى رەگـەزى مـرۆيين، كەلتوور تاكە شتێكە كە مـرۆڤ لـە مەملەكـەتى ئـاژەڵ جيـا دەكاتـەوە، ئەگـەر نموونـەى رەشپێسـتەكان وەربگـرين، لـە مليۆنـەها سـاڵ پـێش ئێسـتاوە، رەشپێستەكان هيچيان بۆ بەجێنەهێشتووين جگە لە شكۆمەنديى و گـەورەيى، لەوانەيە مەيموون بتوانێ ئامرازێك بەكاربهێنێ بۆ گەيشتن بە (مۆز)، بەڵام ئـەو مەيموونە سێ يان چوار يان پێنج مليۆن ساڵ پـێش ئێسـتا هـەر ئەمـە بـووەو نـەگۆڕاوە، بەرهـەمێكى دياريكراويـان بـەجێ نەهێشـتووە، مـرۆڤ تاكـە بوونەوەرێكـە كـە كـەلتوور دروسـتدەكات، واتـا كـەلتوور دەبێتـە نێوەنـدێك لەنێوان مرۆڤ و سروشت و فيكر و ئامرازەكاندا.

ئەم دووانە سیمای کەلتوورییـن و مـن سـێیەمینیان نـابینم، لـە ئایینـدا هـەموو فیکرەکـان گەشـەیان کـردووە، هـەموو زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان گەشـەیان کـردووە، لـە ئامرازەکانیشـدا تەکنـەلۆژیا گەشـەی کـردووەو زانسـت گەشـەی کردووە.

*** مرۆڤ واز لەکامەیان بێنێ، لە ئایین یان لە ئامراز؟**

– مرۆڤ ناتوانێ واز لە ئامراز بێنێ، لەوانەیە بتوانێ واز لـە ئـایین بـێنێ، بـەڵام وندەبێت و دەکەوێتە بیابانێکی وشك کە هـیچ مانـای نییـە، بەنـەبوونی ئـایین ژیان تەواو بێمانا دەبێت.

*** ئیبن عەرەبی وای دەبینێ کە خواوەندی بتپەرستی پێشـەکییەکی گرنگـە، (بەڵکو ناشتوانرێ فەرامۆش بکرێ)– بۆ ئایینی حەق، چونکە مرۆڤ لەمیانەی خواوەندی بتپەرستی، بەرەبەرە دەگاتە مەعریفەی خواوەندی حەق؟**

– بەڕاستی هەر ئەمەشە کە لەمێژوودا بەدەستهاتووە، ئیبن عەرەبی بەزیاد لە جۆرو شێوازێك دەڵێت: لەهەر شتێك کە بپەرسـترێ و پەرسـتراو بێـت، دواجـار تەنها خودایە پەرستراوە.

*** هەتا لە (بت)ەکانیشدا؟**

– بەڵێ... هەر چ شتێك کە مرۆڤ پەرستبێتی.. ئەگەر لەبنەڕەتدا هەموو شتێك هی خوا بێ، ئەمە واتای ئەوەیە کە مرۆڤ هەرچی پەرسـتبێتی بەشـێوەیەك لـە شێوەکان خودا دەپەرستێ، ئەگەر دار بپەرستێ، یان بـەرد، ئـەم خوداوەنـدە بپەرستێ یا ئەو، ئەم پەرستنانە بەرەوڕووی خوای گەورەن، لێرەشەوە لە لای ئیبن عەرەبی هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان ئایینی یـەکخوا پەرسـتی و ئـایینی بتپەرستی، تا ئەوڕادەیەی کە دەڵێت: ناسینی ئایینە بتپەرستییەکان ڕووێك لە

ڕووەکانی خوا دەبەخشێتە ئەو کەسەی دەیپەرستێ، لە هەموو پەرستراوێکدا ڕووێك لە ڕووەکانی خوای گەورە هەیە. لەم خاڵەی بیرکردنەوەدا، ناوبڕی نێوان ئەوەی بتپەرستییەو ئەوەی یەکخوا پەرستییە نامێنێ.

*** لەو باوەڕەدای بەڕاستی ئایین مرۆڤ ئازاد دەکات؟**

– ئایین مرۆڤ ئازاد دەکات، هەڵبەت وەکو باوەڕێك.. بەڵێ ئایین مرۆڤ ئازاد دەکات، با بڵێین ژیانی رۆحی مرۆڤ ئازاد دەکات، بەو مانا رۆحییە ئایین مرۆڤ ئازاد دەکات، چونکە ئایین مرۆڤ لە (تاك)ێتی خۆی دەخاتە دەرەوەو هاوئاهەنگییەك دروست دەکات لە نێوان ئەو و گەردووندا، لە گۆشەگیری دەیهێنێتە دەرەوە، لە ئاییندا پەیوەندییەك هەیە لەنێوان جیهانی (ماددی) و جیهانی (میتافیزیك). مرۆڤ لە میانەی بیروباوەڕی خۆی و لە میانەی ئەفسانەی و لە میانەی سرووتەکانی، دەتوانێ پەیوەندی ببەستێ لەنێوان جیهانی ماددی و جیهانی پیرۆزیی، بەڵام ئەو مرۆڤە ماددییەی کە لە بووندا هیچ شتێك نابینێ جگە لە ماددە، ئەوە مرۆڤێکی تەنیا و گۆشەگیرە، باوەڕی وایە کە ئەو سەربەخۆییە بەم فراوانییە لەسەر زەویدا دەژییێت پاشان لەناو دەچێ. بێگومان ئایین ئازادکەرە، بەڵام ئەگەر گۆڕا بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی تەواو و ئامادە، دەبێتە گەورەترین کۆتوبەند و، فشار دەخاتە سەر تاك.

*** هەندێجار جۆرە هەستێك هەیە، لەوانەیە هەستکردن بێت بەکەمتەرخەمی لە بەجێهێنانی ئەرك و سرووتە ئایینییەکان و .. هتد، ئەمەش دەبێتە هۆی دڵتەنگبوون و هەستکردن بە کەمتەرخەمی و تاوان، پاشان ئایین نابێتە ...**

– ئەم هەستکردنە بەکەمتەرخەمی و تاوانە لەوێوە دروست دەبێ کە ئایین لە وزەیەکی رۆحی گەورەوە بگۆڕیت بۆ کۆمەڵێ شێوەگەری، بەو مانایەی تەرکیز

بخرێته سەر سرووت و سەر شەریعەت، لە بەرامبەر ئەمەشدا پەیوەندی رۆحی لەگەڵ میتافیزیکیدا نەمێنێ، یەك خولەك نوێژی زەینی، سوودی لە پەنجا نوێژ زیاترە.

*** بەڵام ئایا هەموو مرۆڤێك دەتوانێ ئەو پەیوەندییە رۆحییە لەگەڵ(میتافیزیك) دروست بكات؟**

– هەموو مرۆڤێك دەتوانێ ..

*** بەڵام ئایا دەیكات؟**

– بەڵام كۆت و بەندمانكردووە، هەر لەسەرەتاوە جۆرە پەرستنێكی دیاركراومان وەرگرتووەو بە كۆمەڵێ بیروبۆچوون كۆتوبەندمان كردووە، كە لە پێشتردا ئازادكەربوون، بەڵام چەقیانبەست و گۆڕان بۆ كەرەستەی كۆتوبەندكردن، هەموو نامە ئایینییەكان بە نامەی رۆحی گشتگیر و ئازادكەر دەستپێدەكەن و بەرە بەرە لە لایەن فەقیە و شەرعزانەكانەوە كۆنترۆڵ دەكرێن.

*** لە لایەن دامەزراوە ئایینییەكانیش ...؟**

– بەڵێ، دامەزراوە ئایینییەكانیش.. فەقیە و شەرعزان و دامەزراوە ئایینییەكان. بۆنموونە، نامەی (موحەممەدی) نامەیەكی ئازادكەرە، ئازادكەرە بۆ مرۆڤ، ئازادكەرە بۆ تاك، بەڵام ئەوەی كە فەقیە و شەرعزان و ئەوانەی كە لەگەڵیاندابوو ئەنجامیاندا، ئایدیۆلۆژییەكی تۆتالیتاریان دروست كرد، بەرە بەرە بەرەو دۆگمابوون چوو، تا بەوەگەیشتین كە ئەمڕۆ پێیگەیشتووین.

*** لەوانەیە هەندێجار تاك بگاتە بیرۆكەی (خوای توڕە) یان (خوای تۆڵەسێن) واتە ئەو خوایەی تۆ دەتەوێ پەنای بۆ بەری لێی دەترسی...**

– .. واتا هەندێ وێنە جێگای وێنەکانی دی دەگرنەوە، لەسەر حسابی هەندێ بیروبۆچوونی دینی تەرکیز دەخرێتە سەر هەندێ بیروبۆچوونی دینی دیکە، هەرچەندە دۆگمابین، تەرکیزی زیاتر دەخەینە سەر ئیشکالیەتەکانی دین، لە بنەماوە دەقە دینییەکان دەقی ئیشکالین، بەو مانایەی کە ئیشکالییەتی تێدایەو دەتوانێ بەم جۆرە، یان بەجۆرێکی دی راڤەی بکەین، دەقی دینی لە دەقی شیعری دەچێت، دەقی دینی، هەروەها دەقی ئەفسانەیش، ئەفسانە لەناو دەقە دینییەکان، دەق، دەقی دینی یان دەبێتە ئەفسانە، یان دەبێتە کتێبی پیرۆز، هەرچەندە دین بەرەو دۆگمابوون بچێت، تەرکیز دەخرێتە سەر لایەنە ئیشکالییە پیرۆزەکەی لەسەر حسابی لایەنەکانی دیکە.

*** مامۆستا فیراس وا زانراوە کە تۆ دژی ئایین و دژی ...**

– ئەمە هەندێ زیادەڕۆییە کە هەندێ کەس دەیڵێن

*** واتا ئەم قسانە تەنها پەیوەستە بە هەندێ کەس؟**

–هەندێکیان وا دەڵێن، هەندێکیشیان پێچەوانەی ئەمە دەڵێن، پێش چەند رۆژێ من لە یەکێك لە شوێنە گشتییەکان بووم، گەنجێك هات سلاوی لێکردم و گوتی: پاش ئەوەی کتێبی (لغز عشتار)م خوێندەوە لە ئیماندارەوە بووم بەمولحید.

*** واتا پاش ئەوەی کتێبەکەی خوێندەوە بوو بەمولحید؟!**

– بەڵێ پاش خوێندنەوەی (لغز عشتار)، پێم گوت: سەیرە زۆر کەس پاش خوێندنەوەی (لغز عشتار) ئیمانیان هێناوە یان ئیمانیان زیاد بووە. لەراستیدا ئەو شتەی ئەم کەسە و نموونەی ئەو کەسە ونیانکردووە، ئیمان هەبوون بە خوا نییە، هیچ کەسێ ناتوانێ ئیمانی خۆی بە خوا بزر بکات، لەڕاستیشدا من

هەمیشە دەڵێم: مرۆڤی مولحید بوونی نییە، بەڵکو مرۆڤی وا هەیە کە ئیمانی بەم سرووت و ئەم سرووت نییە لەو ئایین و لەم ئایین، یان ئیمانی بەم دامەزراوەو بەو دامەزراوە ئایینیە نییە، یان لەڕووی عەقڵییەوە بڕوای بەم بیروباوەڕە، یان ئەو بیروباوەڕە نییە، ئایینیش عەقڵ نییە ..

*** ئایا ئامادەیە بۆ ئەمە؟**

– بێگومان ئامادەیە، لەوانەیە بیرۆکەی سێینەی مەسیحییەت (التثلیث) بۆ ئەم گەنجە مایەی خۆشحاڵی نەبووبێ، یان وای بینیوە کە دوورە لە لۆژیک، لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە کەنیسە سێینەی گۆڕیوە بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی نەگۆڕ و مەرجێکی سەرەکی، کە ئەگەر شڵەژا بەهۆیەوە کۆی ئایین دەشڵەژێ.

*** یان ئیمانی دەشڵەژێ..؟**

– یان ئیمانی دەشڵەژێ.. ئەم پیاوە لەو باوەڕەدایە کە بۆتە مولحید، بەڵام لەڕاستیدا نەبۆتە مولحید، واتە ئەم چەقبەستنەیە لە بیروباوەڕ کە زۆرێک والێدەکات لەم بیروباوەڕە دەربچن، یان ئیمان بەبیروباوەڕەکە بێنن بەو شێوەیەی کە کاهینەکان دایانڕشتووە.

*** هەروەها فەقیهەکانیش ..؟**

– فەقیهەکانیش و هتد.. یانیش لەم بیروباوەڕە بچنە دەرەوە، لەم کاتەشدا وا هەستدەکەن کە تووشی ئیلحاد بوونە.

*** بەڵام تۆ چی دەڵێیت بەرامبەر ئەو کەسانەی بۆ نموونە دەڵێن: ناوێرین بچینە ناو ئەو مشتومڕو گفتوگۆ فیکرییانەوە لەترسی ئەوەی نەوەک ئیمانیان بشڵەژێ و تێکبچێ؟**

– پێیان دەڵێم کە ئیمان پەیوەندی بە عەقڵەوە نییە، هیچ شتێکی پێویست

نییە کە پەیوەست بێت بە ئیمانی دینییەوە بۆ چوونە ناو گفتوگۆی عەقڵی، ئیمانی دینی پەیوەندی بەبەڵگەهێنانەوە نییە، ملکەچ نییە بۆ بەڵگە هێنانەوە، لە بنەڕەتدا نامەی دینی بەشێوازێك دادەڕێژرێ کە عەقڵ تێدەپەڕێنێ بۆ ئەوەی بگاتە دڵ، بەڕێگایەك دادەڕێژرێ کە ناتوانرێ بەدرۆ بخرێتەوە، بەڵگەهێنانەوە ناتوانێ نە بەڕاستی بخاتەوە نە بە هەڵە، بۆیە بابەتی گفتوگۆکردنی عەقڵی لەسەر ئیمانبوون بەهەر بیروباوەڕێك بێکەڵکە.

*** بەر لەوەی پرسیار دەربارەی(شەڕ)و (شەیتان) لە ئایین و بیروباوەڕە یەکخواییەکان بکەین، تۆ وای دادەنێی ئاییینی (زەردەشت) و ئاییینی (مانی)یش ئاییینی ئاسمانین؟**

– ئایینەکانی وەحی..

*** ئایینەکانی وەحی؟!**

– زاراوەی (ئایینەکانی وەحی) باشترین بەکارهێنانە، کاتێ تەماشای ئاییینی (زەردەشت) و (مانی) و ئایینەکانی دی دەکەین، بەئاسانی دەتوانین ئاییینی وەحی لە ئایینەکانی دی جیا بکەینەوە، دامەزرێنەری ئایین پێماندەڵێن کە ئەو وەحی لە ئاسمانەوە پێدەگات، ئەمجۆرە گێڕانەوەش لە هەموو ئایینەکاندا هاوشێوەیە، لە تەمەنێکی دیاریکراو، لە بارودۆخێکی دیاریکراو، فریشتەکانی ئاسمان دێن و لای ئەم پیاوەدا دەنیشن، قسەی لەگەڵدا دەکات و بانگەشەی موژدەبەخشینی بەم ئایینە نوێیە لێدەکات، ئەم شتە لەگەڵ زەردەشتدا بەدیهات، لەگەڵ مانیشدا بەدیهات، باوەڕنامەی زەردەشت خۆی و باوەڕنامەی مانی جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە. خودی ئایینەکەش جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە. ئایین بە ئەندازەی ئەوەی کە خۆی وەکو ئاییینێکی

پاك و ئازادكەر پێشـكەش دەكـات، توانـای بـەردەوامبوون و مانـەوەی هەیـە، زەردەشـتییەت (١٥٠٠) سـاڵ بـەردەوام بـوو و مانییـەت نزیكـەی (٧٠٠) سـاڵ بەردەوامبوو نەشبوو بە بیدعە، هەروەكو هیچ هۆكارێكی باوەڕپێكراویش نییـە پێمان بڵێ: ئایینی مانی یان زەردەشتی ئایینی نا ..

*** بەڵام ئەمانە جێی گومانن؟!**

– هەر ئایینێكی دیكەش جێی گومانلێكردنە ..

*** دەڵێم: ئەو ئایینانەی جێی گومانن؟**

– مەبەستت چییە لە (جێی گومانن)؟!

*** گومانكردن لەوەی كە پێغەمبەرەكە وەحی پێنەگەیشتووەو ئەو ..؟**

– دەتوانرێ گومان لە هەموو پێغەمبەرێك بكرێت لە پێگەیشتنی وەحی، ئێمـە بـڕوای تایبــەتی ئــەو وەردەگـرین، بـڕوای شـوێنكەوتووەكانی وەردەگـرین، نـاوەرۆكی ئایینەكـە دەپشـكنین: ئایـا پاڵنــەرە؟ ئایا ئـایینێكی پاكـە؟ ئایـا ئایینێكی ئازادكەرە؟ ... هتد. هیچ پێوانەیەكی دیكـەمان نییـە، هـیچ پێوانـەو ئامێرێكمــان نییــە كــە درۆ ئاشــكرا بكــات، بــۆ ئــەوەی راســتگۆیی ئــەم كەسایەتییەی پێ ئاشكرا بكـەین، ئێمـە ئـەو شـتە وەردەگرین كـە پێغەمبـەر دەیڵێت، چۆن وەسفی شارەزایی خـۆی كـردووە، دەبیـنین ئـەم وەسـفانە لای هــەموو پێغەمبــەرەكان وەك یەكــە، زەردەشــت، مــانی، موســا، پێغەمبــەری گەورەو .. هتد.

*** هەڵبەتــە ئەگــەری هــەبوونی پێغەمبــەری وا هەیــە كــە ئێمــە كــەسمان نەمانبیستووەو نایبیستین..؟**

– بەڵێ هەروەكو لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە (و منهم مـن قصصـنا علیـك و

منهم لم نقصص علیك) هەیانە کە چیرۆکەکەیمان بۆت گێڕاوەتـەوەو هەشـیانە چـیرۆکەکەیمان بـۆت نەگێڕاوەتـەوە، سـورەتی غـافر:٧٨)، لەڕاسـتیدا مـن لەوباوەڕەدام کە: یان هەموو ئایینەکان ئاسمانین یان هەموویان دانراون.

*** بیرۆکەی (شەیتان) بەوپێیەی کە رەگوڕیشەیەکی بتپەرستانەی نییە، بەڵکو ئەو رەگوڕیشەیەکی ئاسمانی هەیە.. لە ئایینە ئاسمانییەکان..؟**

– رەگوڕیشەیەکی بتپەرستانەی هەیە، ئەمە هیچ گومانی تێدا نییە !

*** خودی شەیتان وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ..؟**

– بەسەربەخۆیی لەفەزای ئیلاهی کاردەکات، رەگوڕیشەشی هەیە، زەردەشـت یەکەم کەسە گوتوویەتی: شەیتان شـەیتانێکی گەردوونییـە، بـەو مانایـەی کـە خواوەنـدە، لەمیانـەی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا رەنگـە هێزەکـەی یەکسـان بێـت بـەهێزی چـاکە، هەرچـەندە ئـەخلاق پەیوەسـت بکرێـت بـە ئـایین و ئـایین پێداگیری لەسەر بکات، شەیتان بەهێزتر دەبێت.

*** لەبنەڕەتدا حیکمەت لە هەبوونی شەیتان چییە؟**

– حیکمەت لە لای خودایە، بەڵام من دەڵێم شەیتان سیمبولە بۆ ئازادی مرۆڤ، ئەگەر شەیتان نەبووایە مرۆڤ ئازاد نەدەبوو، کاتێ مرۆڤ ئازادی پێبەخشرا، ئەو شتەی بوونەوەری مرۆیی جیادەکاتـەوە لـە هـەموو شـێوەکانی دیکـەی ژیـانی سـەر زەوی و لـە هـەموو بوونـەکانی گـەردوون، ئازادییـە، ئـەوەی مانـاش دەبەخشێتە ئازادی شەیتانە، ئەگەر تۆ لەتواناتدا نەبێت کە بەئارەزووی خـۆت ئەم رەفتار یان ئەو رەفتار هەڵبژێریت ئەم کار، یان ئەو کارە هەڵبـژێریت ئـەم بیرۆکە یان ئەو ئازاد نابیت.

*** کەواتە: کە خوا شەیتانی لەناو نەبرد دوای یاخیبوونی، ئازادی پێبەخشی..**

**تۆ مەبەستت ئەمەیە؟**

– نامانەوێ بچینە ناو کێشەی(فەلسەفەی لاهووتی)، هەموو ئەو شتەی کە دەتوانم بیلێم ئەوەیە کە یاخیبوونی شەیتان دەرەنجامی ئازادییەتی و..

*** خوا پێی بەخشیبێ..؟**

–.. یاخیبوونی مرۆڤیش دەرەنجامێکە لە دەرەنجامەکانی ئازادییەکەی، کاتێ خوا چەمکی ئازادی دروست کرد، بەمرۆڤی بەخشی، نەیویست لەم دیارییە بەنرخە بێبەشی بکات، شەیتانیش بووە سیمبولێك بۆ ئازادی لەم مرۆڤەدا، بەبێ شەیتان تۆ ئازاد نیت!

*** کەواتە ئازادی یاخیبوونەو یاخیبوونیش ئازادی؟**

– تۆ خۆت سەرپشکی لەمەدا: ئازادی یاخیبوونە یان یاخیبوون نییە.

*** ئەگەر یاخیبوویت، ئازاد دەبیت؟**

– ئەگەر یاخیبوویت، ئازاد دەبیت و هەروەها ئەگەر یاخیش نەبووی هەر ئازاد دەبیت.

*** ئەگەر مرۆڤ بەر لە رۆژی دوایی هەر دەبێ تاقیبکرێتەوە، ئایا بۆ خودی بەشەری ئەمە بەس نییە کە مرۆڤ هەست بە بوونی شەیتان و شەڕی شەیتان و هەوڵی شەیتان بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤ بکات؟**

– شەیتان وەك پێش کەمێك وتم، سیمبولە، سیمبولی شەڕانگێزییە.. کاتێ دەڵێین شەیتان و شەڕانگێزی بەشەری، ئەمانە دوو ڕووی یەك دراون، شەیتان بوونەوەر نییە، ناتوانم لەوە بترسم کە شەیتان کیانێکی دیاریکراوی هەیە، بەنهێنی دێت و وەسوەسە دروست دەکات، پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی خراپەکاری و ..هتد. شەیتان سیمبولی ململانێی شەڕانگێزەکانە

کە لە بوونی دەروونی مرۆڤدا هەن، نە کەمتر نە زیاتر.

*** واتە پوختەکەی ئەوەیە کە: خوا بەرپرسیار نییە لەو شەڕەی کە لەسەر زەویدا هەیە؟**

– دەبێ وابێ بە هەبوونی شەیتان، شەیتان دەبێتە بەرپرسیار لە شەڕەکە، مرۆڤیش ئازادە، ئەمە پوختەی ئایدیۆلۆژی شەیتانە، من هیچ رایەك لەمبارەیەوە نادەم.

*** بەڵێ، بەڵێ.. ئەی لەسەر زەویدا کێ دادپەروەری بەدەست دەهێنێ؟**

– لەسەر زەویدا کێ دادپەروەری بەدەست دەهێنێ، دیارە هەموو ئایینەکان دەڵێن دادپەروەری لەسەر زەویدا نییە.

*** ئەو ئەمانەتەی مرۆڤ خستوویەتە ئەستۆی خۆی، ئایا دەتوانێ دادپەروەری بەدیبهێنێ، ئایا دادپەروەری دەچێتە ناواخنی ئەم ئەمانەتەوە؟**

– ئازادی.. ئازادی: ئەو ئەمانەتەیە کە مرۆڤ خستوویەتییە ئەستۆی خۆی، ئەویش دوای ئەوەی کە ئاسمان و زەوی و چیا نەیانتوانی لە ئەستۆی بگرن، وەکو لە قورئانی پیرۆز لە (سورەتی الاحزاب:٧٢) دا هاتووە، من لەوە زیاتر هیچ شتێکی دی نابینم.

*** لە پێشەکی (الرحمان و الشیطان)دا دەڵێت کە پاڵنەری تایبەت بە خۆت هەن وایان لێکردووی دەربارەی بابەتی(شەڕ و شەیتان) بنووسیت و لێی بکۆڵیتەوە، دەکرێ ئەمە روون بکەیتەوە؟**

– لەڕاستیدا ئەم پاڵنەرانە زۆر کۆنن، سەرەتای بیرکردنەوەم لەم کتێبە لەساڵی (١٩٩٠)بوو، واتا پێش زیاتر لە دە ساڵ، ئەو کاتەی فاکتەر و توانای چارەسەرکردنی ئەم جۆرە بابەتە شێواو و ئاڵۆزانەم لە لابوو، بەڵام مەبەستم

ئەوە نییە کە فاکتەرەکان سەرەکی بوون، باسی ئەوەمکردووە کە چۆن ئەمڕۆ دەبینین جیهان بەشێوەیەکە، بەڕاستی دەڵێی شەیتان حوکمی دەکات، شەیتان نەك رەحمان حاکمی ئەم ساتەوەختەی مێژووە، ئەم کارە وا لە مرۆڤ دەکات کە بپرسێ، رەحمان لەکوێیە؟ شەیتان چی لێمکرد؟ لە لاهووتی پێغەمبەر (پۆڵس)دا شەیتان (خواوەندی ئەم دنیایەیە) (نامەی دووەم بۆ کۆرنیش، ٤:٤) ئەو گەورەو پێشەوای ئەم جیهانەیە، یەسوعی مەسیحیش لە یەکێك لە گوتەکانیدا بە(سەرۆکی ئەم جیهانە) وەسفی کردووە (ئینجیل یۆحەننا ١٢:٣١) هەوڵمداوە لەم پرسە قووڵ ببمەوە، ئایا شەیتان خواوەندی ئەم جیهانەیە؟ ئایا بەڕاستی (سەرۆکی ئەم جیهانە)یە؟ سروشتی ئەم سیمبولە چییە؟ چۆن گەشەی کردووە و .. هتد!

*** لە ئەنجامدا وەڵامت دەستکەوت؟**

– نەخێر.. وەڵام نەبوو، هەروەکو ئەمە پیشەم بوو لە هەموو نووسینەکانی دیکەشمدا، وەڵام نییە، من کە لەوەدا سەرکەوتم عەقڵ هانبدەم بۆ بیرکردنەوە، ئیتر وازدەهێنم.

**سەرچاوە:**

بەرنامەی (مبدعون) لە کەناڵی ئاسمانی (ئەبوزەبی)، پێشکەشکار (نوار) من لە ئینتەرنێتەوە وەرمگرتووە.



## رۆژئاوا باسی پۆستمۆدێرنیزم دەکات
## ئێمەش پۆست ئسولییەتمان هەیە

## گفتوگۆ لەگەڵ ( حەسەن حەنەفی )دا

حەسەن حەنەفی بیرمەندێکی ناسراوی میسرییەو خاوەنی بیروبۆچوونی سەردەمییانەیە. لەم گفتوگۆیەدا باس لە پەیوەندی نێوان (ئایین و عەلمانییەت)دەکات.

*** لەسەرەتادا دەمەوێ پرسیارەکەم پەیوەست بکەم بەئامادەبوونت لێرە لە (هۆڵەندا)، بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا، ئایا ئەمە ئامادەبوونێکی درەنگ وەختە، یان شتێکی دی؟**

– لەڕاستیدا من بەردەوام لە هۆڵەندا ئامادە دەبم. ئیسلام لێرە چالاکە، هەروەها موسوڵمانانیش چالاکن، جا چ ئەوانەی بەڕەچەڵەك خۆرئاوایین، یان تورکی، هەروەکو لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتە ئەسکەندەنافییەکانی باکووریش وایە، موسڵمانان لە هۆڵەندا بەشێوەیەکی رێژەیی سوود لە ئازادییە گشتییەکان وەردەگرن، کاتێك کۆڕێك یان کۆنگرەیەك دەبەستن، شارەکە یان

شارەوانييەكە پشتگيريان لىّ دەكات، ئـەوەى تێبـينى بكـا و بزانـىّ، لەوانەيـە دووبارە بلاّوبوونەوەى ئيسلام لە ئەورووپا بێت، لەدواى يانزەى سێپتێمبەرەوە لە هەر يەك لە هۆڵەندا و فەرەنسا و ئەڵمانياو ولاّتانى بـاكوور، ئيسـلام ئـايينى دووەمە.

*** ئەمڕۆ لە ميانەى موحازەرەكەتدا هەوڵتدا ئيسـلام و عەلمانييـەت لـە يـەك نزيك بكەيتەوە، بەلاّم تۆ چۆنى دەبينى، ئايا ئەم بيرۆكەيە لە لايەن ناوەندە عەرەبى و ئيسلامييەكان، چ فيكرى بێت يان سياسى قبوولّ دەكرىّ؟**

– لە لايەن ناوەندە ليبرالى و عەقلاّنى و پێشكەوتووخوازەكان قبووڵدەكرێت. من ئيسلام و عەلمانييەت لەيەك نزيك ناكەمەوە، بەڵكو هەوڵدەدەم ئەوە روون بكەمەوە كە چۆن ئايينى ئيسلام لـەناو خـودى خۆيـدا بـەزمانى سـەردەميانە ئـايينێكى عەلمانييـە نـەك بـەپياوانى دين، پشـت بەعـەقلّ دەبەسـتىّ، پشـت بەزانست دەبەستىّ، پشت بەمافەكانى مرۆڤ و كۆمـەڵگاى مـەدەنى و ئـازادى و .. دەبەسـتىّ. پاشـان ئـەم شـتانە لـەناو شـەريعەتى ئيسـلامى و لـەناوفيكرى ئيسـلامى و لـەناو كەلـەپوورى ئيسـلاميدا ئامـادەن و هـەن، بـەلاّم بلاّونەبوونەتەوە، بەلەبەرچاوگرتنى ئەو تەوژمە پارێزگارييەى كـە لەسـەردەمى غەزالييـەوە تـا ئێسـتاش ئامادەيـە، دواى ئـەوە مـن عەلمانييـەتى خۆرئـاوا وەرناگرم، بـەڵكو ئـەوە روون دەكەمـەوە كـە رەگورِيشـەى زانسـت و عـەقلّ و مەدەنييـەت.. ئامادەييـان هەيـە، هـەر ئەمەشـە كـە (محەمـەد عەبـدە) گوتوويەتى:

مەدەنييـەتى خۆرئـاوا دژى ديـن گەشـەى كـرد لـە كاتێكـدا كـە مەدەنييـەتى ئيسلامى لەناو ديندا گەشەى كرد.

*** لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە/ ئەم تەرحە، کەوا بەدیار دەکەوێت زۆر جیدی و باشە، بتوانرێ لێرە لە رۆژئاوا جێبەجێبکرێ، بەلاّم لە ولاّتانی عەرەبی و ئیسلامی تا ئێستاش رێگری زۆر هەن، چ لە لایەن دەسەلاّت و سیاسییەکانەوە بێت یان لە لایەن هەندێ تەوژمی ئسولّی و پارێزگارەوە بێت؟**

– ئەمە راستە، بۆیە پێویستە لەسەرمان لەدووبەرەدا بجەنگین، لەبەرەی ناوەخۆ ئێمە بەربەستێکمان هەیە لە پارێزگاران و پیاوانی دین و ئەوانەی حەز دەکەن دەست بەسەر خەلّکدا بگرن.. هەروەها بەرەی رۆژئاوا، کە نایەوێ ئیسلام بناسێ تەنها بەهۆی توندوتیژی و کوشتن و پارێزگاری و دەستبڕین و سەربڕین و پشت شکاندن نەبێ.. ئێمە دەبێ بەیەکجار لەم دووبەرەییەدا بجەنگین لەپێناو روونکردنەوەی ئەوەی کە ئیسلام هەمان ئەو ئیسلامەیە کە لە ئەندەلوس و غەرناتەو قورتوبەو ئیشبیلیە و تەلیتلە هەبووەو لەسایەیدا بووەتە چاخێکی زێڕین بۆ یەهوودی و مەسیحییەکان، لەکاتێکدا کە شارستانییەکانی دیکەی ئەو کات وەکو یۆنان و رۆمان لە رۆژئاوا و هیند لە رۆژهەلاّت بەقەدەر ئیسلام رێزیان لە شارستانییەتەکانی دیکە نەگرتووە، ئەمە لەکاتێکدا کە موسلّمانەکان خۆیان ئەم ناوچەیان رزگار کردبوو، بەلاّم رێزی میللەتە رزگارکراوەکانیان دەگرت و بەگەورەیان دەزانین. سوکرات مرۆڤایەتی بەهێز کرد، ئەرەستۆ مامۆستای یەکەم، ئەفلاتوونی خاوەن بۆچوون و رووناکی، گالینۆزی باشترین پێشکەوتووخواز و دواترینیان لە کەلتوورەکانی دیکەن و جێگەی شانازیکردنن، بۆیەش قورئانی پیرۆز سوورە لەسەر ئەم جیاوازییە (و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا – ئێمە نەتەوەکانمان دروستکردووە بۆ ئەوەی یەکتر بناسن) نەك بۆ ئەوەی شەڕ بکەن.

*** بیرۆکەیەکی دی" باسی ئەم جۆرە ریزگرتنەت کرد کە لە ئیسلامدا هەیە، ئەمەش بەدەوری خۆی مانای قبوولکردنی گفتوگۆیە لەگەڵ (ئەوی دیکە)دا، لەوانەیە ئەم لێکۆڵینەوانەی ئەمڕۆ دەربارەی رووبەڕووبوونەوەی فرە کلتووری و دیالۆگی کلتووری هەوڵبدەن بگەڕێنەوە بۆ سەرەتا، بگەڕێنەو بۆ ئەو بیروبۆچوونە پێشینانەی کە لەناو ئیسلامدا هەیە، ئەم دەستپێشخەرییەی کە (کۆمەڵەی ئیحسان بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان) ئەنجامیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– ئیسلام بەسروشتی خۆی دان بەچەمکی (کەمینە) و (زۆرینە)دا نانێت، ئەمە چەمکێکی دەسەلاتخوازییە، چەمکێکە کە دیموکراسییەتی رۆژئاوایی لەسەر بونیادنراوە، لەوێدا ئەگەر زۆرینە سەرکەوت کۆنترۆڵی ئیرادەو مافی کەمینە دەکات. ئیسلام دان بەوەدادەنێت کە بە (رێکەوتن) ناودەبرێ لەنێوان هۆزو میللەت و تەوژم و کەلتوورە جیاوازەکان لەچوارچێوەیەکی یەکسانی ماف و ئەرك و دژایەتی نەکردنی یەکتر، یەهوودییەکان گەلن، نەسرانییەکان گەلن و ئیسلامیش گەلە، هەموو ئەمانە دەچنە ناو دەوڵەتی ئیسلامی و لەسایەیدا دەژین، هەموو گەلەکانیش مافی ئەوەیان هەیە کە بەشەریعەتی خۆیان حوکم بکەن، وەکو ئەوەی لە ئەندەلوس و (بڕوانامەی مەدینە) هەبوو کاتێ پێغەمبەر لە دەستووری مەدینەی یەکەمدا دانی بە یەهوودییەکان و نەسرانی و سائیبەو مەجووس و موسڵمانەکاندا نا، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو یەهوودییەکان خۆیان دەهاتنە دادگا ئیسلامییەکان لەجیاتی دادگا یەهوودییەکان، چونکە دەیانزانی لەسەر بنچینەی دادوەری و بێلایەنی بونیادنرابوو، گەلی ئیسلامی گەلێکی فرەهۆزو کەلتوورو زمان و مەنهەجە..

هەموو ئەمانەش لەچوارچێوەی ئیمان و کردەوەی (باش)دایە، واتا تۆ باوەڕت بەوشـتە هەیـە کـە خـۆت حـەزت لێیـەتی و دەتـەوێ، بـەلاّم ئـەوەی گرنگـە کـردەوەی بـاش و ئـەو بەرژەوەندیـە گشـتییەیە کـە سەرچـاوەی شـەریعەتی ئیسلامییە.

*** کەواتــە ئــەم دەستپێشـخەریی و دەسـتکەوتانەی ئــەمڕۆ، لەبەرژەوەنـدی ئیسلامدان، هەروەکو دەبینین کە زۆر هەڵوێستی ئیجابی دەربـارەی ئیسـلام هەیە، چ لە لایەن ئەوانەی موحازەرەیان پێشکەش کرد، یان ئەوانەی گرنگی بەو بابەتە دەدەن و بەدوای دادەچن؟**

– بەڵێ وایە، چونکە بەداخەوە ئەوانەی راگەیاندنی رۆژئـاوا گرنگـی پێـدەدەن یان زەواهیری و ئوسامە بن لادن و میسرین، یان ئەوانەن کە بەناوی ئیسلام لە رۆژئاوا دەژین، هەوڵدەدەن ئیسلام بگۆڕن و لەشێوەی دەسـەلاّت و کودەتـا و توندوتیژی پیشانی بدەن، دەگوترێ کەشتییە ئاسمانییەکەی کۆلۆمبیا بەهۆی دوعای موسـڵمانانەوە کـەوت، رۆژئـاوا بەزانسـت کاردەکـات ئێمـەش لـەڕێگای زاناکانەوە لـەخودا دەپاڕێینـەوەو لەبەرامبـەر قوربانییـەکان بێهـوودە دەبـین، دەڵـێم کەواتــە رۆژئـاوا گرنگـی پێنـادات، زۆرێـك لـە بیرمەنـدە ریفۆرمخـواز و لیبرالیەکان لێرەو لەوێ هەن، بەلاّم رۆژئاوا گرنگییان پێ نادات، چونکە دەڵێن ئێمە رۆژئاواییین، ئێمە لیبرالین، ئێمە عـەقلاّنین، ئێمـە درێـژکراوەی رۆژئـاواین، هەموو شتێکی باش لە رۆژئاوا هەیەو هـەموو شـتێکی خـراپ لای ئێمـە هەیـە، گرنگیش لەوەدایە کە رۆژئاوا گوێ لەو گوتارە بگـرێ کـە ئەلتەرناتیڤـە، بـەلاّم رۆژئاوا گرنگی بـەوە دەدات کـە پێـی دەگـوترێ (گوتـاری ئسـوڵی)، (گوتـاری ئسوڵی)و (گوتاری دوای– پۆست–ئسوڵی)ش هەیە، مانـای چییە کـە رۆژئـاوا

باسی (دوای تازەگەری – پۆستمۆدێرنیزم) دەکات، کەواتە ئێمەش گوتاری (دوای ئسولّییەت – (پۆست ئسولّییەتمان) هەیە و ئەمەش ئیسلامی لیبرالی کە فرەحیزبی و چوونە ناو هەلّبژاردن بەپێی گەمەی دیموکراسییەتی نوێ قبوولّدەکات (لا اکراه فی الدین– دین بەزۆرەملێ نییە)ئەمەش بەشێکە لەولایەنە ئیسلامییەی موعتەزیلەکان و ئیبن روشد نوێیان کردەوە.

*** بەیادهێنانەوەی راگەیاندنی رۆژئاوایی کە بەگشتی هەلّوێستێکی زالّمانەیان بەرامبەر بەموسلّمانەکان هەیە، ئەمرۆ دەبینین کە ئەمریکا سوپای خۆی چەکدارو سازو ئامادە کردووە لە عێراق، بەئەفغانستان دەستی پێکرد و پاشان عێراق، لەوانەیە بەیانی بگاتە ولاّتانی دیکەش، *ئەمرۆ چۆن دەڕوانییە کەش و هەوای گشتی و جوگرافیای ئیسلامی و هەلّوێستی ئەوروپی و عەرەبی و ئیسلام ، هەروەها گەلانی ئیسلامی کە تەحەدا دەکەن.. بەلەبیرنەکردنی سەحوەی ئیسلامی (ئەو دەنگە کپکراوەی ماوە ماوە دەبیسرێ)؟**

– بەلّێ .. لەراستیدا ئێمە خەمبارو شەرمەزاری خۆمانین رۆژی ١٥ی فێبرایەری ٢٠٠٣ چواردە ملیۆن ئەوروپی لەپێناو کێشەی ئێمەو فەلەستین و عێراق، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، لای ئێمەش لە ولاّتانی عەرەبی ئەگەر هەزار کەس لە گۆڕەپانی (سەیدە زەینەب) بەمەبەستی خۆپیشاندان کۆببنەوە، سێ هەزار پۆلیس و سەرباز چواردەوریان دەگرن، واتە بۆ هەر هاوولاّتییەك سێ سەرباز، ئێمە شەرمەزارین.. ئێمە توڕەین لە دەسەلاّتدارەکانمان، توڕەین لە رۆژئاوا ..

*** توڕەین لە خۆشمان ..؟**

– بەلّێ لەخۆشمان، ئێمە دەپرسین: ئایا ملیارێك و (٢٥٠) ملیۆن موسلّمان

نـاتوانن دژی شـەڕ و ئـەمریکا کـە گـەورەترین هاوکـاری کیـانی سـەهیۆنییە خۆپیشاندان بکەین. لەکاتێکدا کە لە ئیسـرائیلیش خۆپیشـاندان ئـەنجام درا و (٥٠) هەزار کـەس بەشـدار بـوو، شـەڕی ئێمـە زۆر گرانـە، پێویسـتە بەیـەکجار بچینە ناو دووبەرەوە: بەرەی ناوخۆو بەرەی دەرەوە، وەك بـەرگریکردنێك لـە پلـەو پایـەی عـەرەبی و بـەرگریکردن لـە وڵاتـی عـەرەبی و .. کـێ لـە ئێمـە سیستەمێکی دیکتـاتۆری قبووڵـدەکات. پێویسـتە بەدەسـتی خۆمـان، خۆمـان رزگار بکەین، نەك بـەزمان و شمشـێری (ئـەوانی دیکـە) و بـە تـۆپ و فڕۆکـەی (ئەوانی دیکە)، چونکە بەمجۆرە بازنەکە بەدەوری هەموماندا دەسووڕێتەوەو هەمووان دەچینە خانەی گوێڕایەڵیکردنەوە.

*** بەڕێز مامۆستا (حەسەن حەنەفی) دوا وتەت چییە بۆ موسوڵمانانی هۆڵەندا دەربارەی ژیانیان لەگەڵ برایەکانیان لە ئایینەکانی دی؟**

– گۆشـەگیر نـەبن.. بـەجۆرێك نـەبن کـە هۆڵەندییـەکان هەسـتبکەن بێگانـەو نامۆن، تەواو تێکەڵیشـیان نـەبن بەشـێوەیەك کوێرانـە لاسـایی هۆڵەندییـەکان بکەنەوەو وەکو ئەوان مادە بێهۆشکەرەکان بخـۆن و تووشـی لادانـی سێکسـی ببن و .. ئەمانـە هـەردووکیان ترسـناکن، گۆشـەگیریی یـان لاسـایی کردنـەوە، پێویستە رەفتاری ئیسلامییانەی باش و پێکـەوە ژیـانی بـاش و خۆشەویسـتی دراوسـێیانەو وردی لـە کـرداری جلپۆشـینی پـاك و شـانازیکردن بەزانسـت و کـەلتوورو دیـالۆگ لەگـەڵ (ئـەوی دیکـە)دا هەڵبـژێرن، رەفتـاری ئیسـلامی لـە هۆڵەندا بەباشی لەتوانایدا هەیە کۆمەڵگای هۆڵەندی بگۆڕێت، ئەو کۆمەڵگایەی کە سەهیۆنییەکان کۆنترۆڵیان کـردووە بـەهۆی کلتـووری رێزگـرتنی ئیسـلام و داننـان بەبـەهای موسـڵمانان، هـەروەکو ئـەو سـەردەمەی کـە موسـڵمانەکان

دەچوونە ئەندەنوسیا و مالیزیا، نوێژیان دەکرد و ڕۆژوویان دەگرت و سۆزیان بۆ دراوسێکەیان هەبوو، یارمەتی لاوازەکانیان دەدا و بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو دەگرت، سوڵتانێك هاتو بووە موسڵمان پاشان خێزانەکەی و منداڵەکانیشی، دوای ئەوە هەموو هۆزەکە لەڕێگای کردەوەو رەفتاری موسڵمانانەوە بوونە موسڵمان، هیواخوازم کە برایانی موسڵمانم لە هۆڵەندا ببنە پێشەنگ و نموونەی ئەمانە، من زۆر گەشبینم، چالاکی و کلتوورو مەعریفەو شارەزاییان هەیە، هەروەها پەیوەستن بە نیشتیمانی دایك و لە تواناشیاندایە کە تەعبیر لە دەنگی ئیسلام بکەن.

**سەرچاوە:**

لە ئەنتەرنێتەوە: اجری الحوار/ التجانی بولهوالی.



## بەبێ ریفۆرمی دینی هیچ هیوایەك نییە بۆ ریفۆرمی سیاسی

## گفتوگۆ لەگەڵ (د. محەمەد شەحرور)

**بیرمەندی ئیسلامی سوری (محەمەد شەحرور) بەمدواییە بە توونـدی خـۆی بەسەر گۆڕەپانی رۆشنبیریی ئیسلامیدا سەپاند، ئەویش دوای دەرچـوونی کتێبـە ئینسکلۆپیدییایەکەی (کتێـب وقورئـان- خوێندنەوەیـەکی هاوچـەرخانە) کـە تیایدا لەمیانەی میتۆدی زمانەوانی، خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ ئیسلام خستبووە روو. هـەروەها بانگەشـەی تیڕوانینێکـی نـوێی کێشـەی ئـافرەتی موسـوڵمانی کردبوو، شەحرور بەم دواییە رووبەرووی هێرشـێکی تونـدی راگەیانـدن بـووەوە، تادەگاتە ئەوەی کە داوای موحاکەمەکردنی کرا، بەهۆی ئەوەی وادانرا کە ئەو لە کاروباری پێغەمبـەرو ئەوحوکمـە ئیسـلامییانەی کـەم کردۆتـەوە کەلـەقورئان وسونەتدا هەن. لـەم گفتۆگۆیـەدا شـەحرور بانگەشـەی ریفـورمێکی ریشـەیی ئایینی دەکات.**

*** هـەردووجیهانی عـەرەبی و ئیسـلامی لـە دوای ڕووداوەکـانی ١١/ی سێپتێمبەرەوە چۆن دەبینی؟**

– لەزۆربەی کتێبەکانمدا ئەوەم خستۆتەڕوو کە ئێمـە بەرلـەوەی ریفـۆرمی سیاسی ئەنجامبدەین، پێویستمان بە ریفۆرمی کەلتووری–دینی هەیە، چـونکە ئـەو بیروبۆچـوونە فیقهییانـەی ئێسـتا ماونەتـەوە لەسـەردەمێکدا دانـراون کـە ئیسلام گەورەترین هێزو دەوڵەتی عـەرەبی ئیسـلامیش گـەورەترین دەوڵـەتی جیهان بووە، ئەوریفۆرمە کەلتوورییەی کەئێمەش پێویستمانە، دەبـێ بەپلـەی یەکـەم ریفـۆرمێکی دینــی بێـت، پێویسـتە هــەموو ئـەو گوتـەو ئیجتهادانـە بەتاڵبکرێنــــەوە کەبوونەتــــە بونیادێــــك و ڕووداوی ١١/ی ســــێبتێمبەریان لێدروستبوو.

لەو باوەڕەدام کەموسـولمانێکی سـادەو ئاسـایی دەزانـێ کوشـتنی خـەڵك حەرامە، بەڵام لەهـەمان کاتـدا هەیـە کەسـێك یـان کۆمـەڵێ کـەس دەکوژێـت، کەواتە دەبێ ئەوکەسـە بەڵگەیـەکی شـەرعی بـاوەڕپێکراوی لابـێ، ئینجـا ئـەم کارەبکـات، تائێسـتا ئـەو بەڵگـە شـەرعییانەی کەئـەمجۆرە کەسـانە پشـتی پێدەبەستن، گفتوگۆیـان لەسـەر نـەکراوەو بەرپـەرچ نەدراونەتـەوە، ،تائێسـتا نـەمانبینی هـیچ یـەکێ لـەوزانا میانڕەوانـەی بڕوایـان بـەم توندوتیژییـە نییـە، ڕووبـەڕووی کەسـانێکی وەکـو بـنلادن و زەواهـیری ببنـەوە، لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆنەکان بەرپەرچی بیروبۆچوونەکانیان بدەنەوەو بەراشکاوی بڵێن: ئـەم جۆرە کارانە لە ئیسلامدا حەرامن، لـەوباوەڕەدانیم تائێسـتا شـتێکی لـەمجۆرە بــەدیهاتبێت، لەوباوەڕەشــدانیم کەئــەوان بتــوانن ئــەم کارەبکــەن، چــونکە ئەوسەرچـــاوانەی لـــە (ئەزهـــەر)و لە(ســـعودیە) دەخوێنـــدرێن، هـــەمان

ئەوسەرچاوانەن کە بنلادن و ئەیمەن زەواهیری پشتی پێدەبەستن، دووپاتی دەکەمەوە کە هەمان سەرچاوەن، بەڵام هەلبژێردراون، ئەمەیان ئەوە.

لە جیهانی عەرەبیدا بەبێ ریفۆرمێکی ریشەیی دینی، وەکو ئەو ریفۆرمەی (مارتن لۆتەر) بانگەشەی بۆ دەکرد، کارەکان بە جوانی ناڕۆنە ڕێ، ئێمە ئێستا بە رێگایەکدا دەڕۆین کەبەتەواوی داخراوە، بەتونێلێکی تاریکدا دەڕۆین، پێویستە چاو بە بابەتە بنەڕەتییەکاندا بخشێنینەوە، دەڵێن:ئیجتهادکردن کارێکی رێگاپێدراوە، من دەڵێم (بەڵێ) بەڵام پێویستە بەبابەتە بنەڕەتییەکاندا بچینەوە، دەڵێن: نابێ پێداچوونەوە بۆ (نەگۆڕ)ەکانی دین بکرێت، بەڵام من دەڵێم (نەگۆڕ)ەکانی دینیش دەبێ پێداچوونەوەیان بۆبکرێت و سەرلەنوێ لێیان بکۆڵرێتەوە، بەبێ ئەوانە ئێمە هیچ هیوایەکمان نییە، چونکە ئێمە تائیستاش لە(رابردوو)دا دەژین، لەسەر بیروبۆچوونەکانی غەزالی وشافیعی وفەقیهەکانی دیکە دەژین کەپێش زیاتر لە هەزارساڵ مردوون، بۆیەدەڵێم و دووبارەی دەکەمەوەکە: بەبێ ریفۆرمی دینی، هیچ هیوایەك بۆ ریفۆرمی سیاسی نییە

*** لەوباوەڕەدای کە رووداوی ١١/سێپتێمبەرو کاریگەری و دەرهاوێشتەکانی لەسەر ئەفغانستان و شوێنانی دیکە، لایەنە توندڕەو و تیرۆریستە ئیسلامییەکەی بەهێزکرد لەسەرحیسابی لایەنە میانڕەوەکە؟**

– وەکو راگەیاندن بەهێزی کردن، بەڵام لەجیهانی عەرەبیدا لایەنێکی عەقڵانی دامەزرێنەر هەیە، رووداوەکانی ١١/ی سێپتێمبەر بۆ گەلێ خەڵك بەدیاریان خست کەهەبوونی لایەنێکی عەقڵانی وپێداچوونەوە بەکۆی فیقهی ئیسلامی بۆتە پێویستییەکی گەورە، بەهای ئازادی و ژیان تائێستاش لای

ئێمە بەهای لاوازن، خەڵکی ئەوە فێربوونە کەئەوکارە تووندوتیژییانەی ئیسلامییە توندڕەوەکان لەئەفغانستان وعێراق ئەنجامی دەدەن، دەمانباتەوە سەررێگایەکی داخراوو تونێلێکی تاریکی بێکۆتایی، چونکە بەم بیروبۆچوونانەیانەوە، ناتوانن یەك وڵاتیش رزگاربکەن.

*** وڵاتەیەکگرتووەکان و وڵاتە رۆژئاواییەکان هەندێ پرۆژەی چاکسازییان بۆ وڵاتە عەرەبیەکان خستۆتە روو، لەوانە گۆرینی مەنهەج و هەندێ شتی دی، تۆ وەك بیرمەندێکی ریفۆرمخواز چۆن دەڕوانیتە ئەم پرسانە؟**

– کە پیاوانی ئاینی میانڕەو لە سعودیە و ئەزهەر، لەرووی فیکرییەوە ناتوانن رووبەڕووی ئوسامە بنلادن وئەیمەن زەواهیری ببنەوە، چۆن دەتوانن مەنهەج بگۆڕن؟! گۆڕینی مەنهەج بەتایبەتیش هی قوتابخانەکان، پێویستی بە پێداچوونەوەی کۆی دینی ئیسلامی هەیە، نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، ئێمە تائێستا نزیکەی هەموو هەفتەیەك گوێبیستی ئەوە دەبین کەهەرەسمان هێناوە، چونکە خوا ئێمەی لاوازو بێدەسەڵات کردووە، لاوازی و بێدەسەڵاتیش خۆشویستنی دنیایەو رقبوونەوەیە لەمردن، واتا هەمووکەسێ کە ژیانی خۆشبوێ و رقی لەمردن ببێتەوە پێویستە هەست بەتاوانباری خۆی بکات (من ژیانم خۆشدەوێ، کەواتە تاوانبارم) بۆتە کلتوورێك کە نەك تەنها لای بنلادن و زەواهیری، بەڵکو بەڕەهایی لای هەموو پیاوانی دین دەخوێندرێ و هەموو هەفتەیەك لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا گوێبیستی دەبین، وەکو ئەوەی شتێکی ئاسایی بێت.

*** تۆ لەوباوەڕەدای کە کێشەکە لەلایەن بنلادن و زەواهێرییەوەیە یان لەولایەنە (سەلەفی)یانەوەیە کە گروپە توندڕەوەکان دەژیێنن؟**

–لایەنە سەلەفییەکان پایەیان لەسەرچی وەستاوە؟ پایـەیان لەسـەر ئـەو بنچـینەو تەرحـە دینیانـە وەسـتاوە کـە لەلایـەن دامـەزراوە دینییـە رەسمییەکانـەوە بەرپـەرچ نەدراونەتـەوە، ئەمـەش کێشـەیە، چـونکە رێگـا بەلایەنە توندڕەوەکان دەدات شوێنکەوتووی زیـاتر بۆخۆیـان بەدەسـت بێـنن، دەگەڕێمەوەو دووبارەی دەکەمەوە کە موسـوڵمانی ئاسـایی دەزانـێ کوشـتنی مـرۆڤ حەرامـە، کـەس ناکوژێـت تـا بەڵگەیـەکی شـەرعی ئـەوتۆی لانـەبێت کـە بەلایەنی کەمەوە خۆی باوەڕی پێبکـات، بـۆ نموونـە بەڵگـەی شـەرعی دەڵێـت (موسوڵمان بەدەستی کافر ناکوژرێ) ئەمە بنەمایـەکی شـەرعییە، واتـا ئەگـەر موسوڵمانێك کافرێکی کوشت، ناکوژرێتەوە، کەواتە پێویستە پێداچوونەوە بـۆ ئەمجۆرە بنەمایە بکرێت.

*** تـۆ لـەریفۆرمخوازو بیرمەنـدە دیارەکـانی ئـەم بـوارەی، ئاراسـتەی ریفۆمخوازی لەم چوارچێوەیەدا بەرەوکوێ دەچێت؟ بەڕاستی دەنگـی ئێـوە نابیسرێ؟**

– ئێمـە کـەناڵی ئاسمانیمـان نییـە، کـەناڵی ئاسمـانی لـە شـێوەی(أقرا ) و(المجد الفضائية) بریتین لە ئامادەکاری فیکری ئەم توندڕەوانە.

*** کۆمەلگای عەرەبی وئیسلامی بەچ ئاراستەیەکدا هەنگاو دەنێ؟**

– بەرەو ئەوئاراستەیە دەڕوات کـە بـەئینگلیزی دەڵـێن(whereunto) لە دەستچوونێکی تەواو هەیـە، خـەڵکانێك هـەن پشـتگیری تـیرۆرو توندڕەوی دەکـەن، هـەن بانگەشـەی میـانڕەوی دەکـەن، سـەرەڕای ئـەوەی هەنـدێك دەیانەوێ ببنە ئەمیری موسوڵمانان، هەیە بانگەشەی دیموکراسییەت و ئازادی دەکات، هەموو ئەمجۆرە بیروبۆچوونانە لەشەقامی عەرەبیدا ئامادەن و هـەن،

هیچیشیان بەرجەستە نەبوونە تەنها توندڕەوی ودەسەڵاتی داپلۆسێنەر نـەبێ، ئەمانە تەنها دووشتن کە بەرجەستە بوونە.

**سەرچاوە:-**

لەئینتەرنێتەوە– أجرى الحوار :– أحمد حسو

# زنجیرە چاپکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان

١ـ شادی بۆ هەمووان / ن: ئەندرۆ ماتیۆس / و: فریاد بارزانی
٢ـ بەرەو خۆشبەختی / ن: ئەنتۆنی ڕابێنز / و: حەسەن ئەحمەد مستەفا
٣ـ ژنە دڵخوازەکان / ن: ج.س.ساڵت / و: مقداد شاسواری
٤ـ ڕۆحی یاساکان / ن: مۆنتسکیو / و: ئیدریس شێخ شەرەفی
٥ـ مێردە خۆشەویستەکان / ن: ج.س.ساڵت / و: مقداد شاسواری
٦ـ حیکمەتی دێرین / ن: وی ویو / و: جیهانگیر غەفاری
٧ـ ڕێزمانی ئینگلیزی / چەند سەرچاوەیەك / و: سالار محمەد قادر
٨ـ کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا دەیەم / ن: ئارشاك پۆلآدیان / و: جەلیل کاکەوەیس
٩ـ مەکتوب / ن: پاولۆ کۆیلۆ / و: جیهانگیر غەفاری
١٠ـ بوژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیاندا/ ن: ئەلفرێد ئادلەر / و: شوکر سلێمان
١١ـ محمەدی قازی و پەیامی وەرگێڕ /  ن: عیرفان قانعی فەرد /و: ئیسماعیل زارعی
١٢ـ خاتونی غەم / ن: سارا باپیری / و: سالار مەحمود
١٣ـ چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی/ ن: ماکس ڤیبەر / و: عوسمانی ڕەحیمی
١٤ـ شیکردنەوەی کەسایەتی / ن: عەمرۆ حەسەن بەدران / و: دانا حەمە نوری
١٥ـ ئیسکۆرت بەرەو تاران / ن: پیتەر پلیچ / و: حەسەن ئەیوب زادە
١٦ـ ئایین و کۆمەڵناسی / ن: ئایرن هاڵ و مەسعود جەلالی مقەددەم / و: هیوا مەلا عەلی
١٧ـ گەمە لە ژیانی مندالأندا / ن: کۆمەڵێك پسپۆڕ / و: کەمال فاروق
١٨ـ بەدگۆڕان / ن: فرانتز کافکا/ و: جەلیل کاکەوەیس
١٩ـ وتەکانی ژیان / ن: جاکسۆن بڕاون / و: فریاد بارزانی
٢٠ـ کۆمار / ن: ئەفلاتون/  و: سۆران عومەر حەمە، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی
٢١ـ هەواڵگری لە سەردەمی سەلاحەدیندا/ ن: د. نەبەز مەجید ئەمین / و: کەمال غەمبار
٢٢ـ کۆمەڵناسیی حیزبە سیاسییەکان/ ن: ڕۆبێرت میشێل / و: یاسین حاجی زادە

٢٣- ڕووخساری ڕووتی ئافرەتی عەرەب/ ن: نەوال سەعدواوی / و: ڕەزوان
٢٤- نهێنییەكانی ژنان / ن: باربارا دی ئەنجلس / و: مەریوان غەریب
٢٥- سۆسیۆلۆژیای مەعریفە/ ن: دێڤید كلۆفێر و سیلاخ ستڕۆبێرگ / و: بەختیار عەبدولڕەحمان
٢٦- نیشانەكانی ڕۆشنبیری/ ن: ئێدوار سەعید/ و: داود ڕەسوڵی كیا
٢٧- بۆ ئاسوودەبوونت لە شوێنی كار / ن: پاوڵ ویڵسۆن / و: عەباس غەزالی
٢٨- چاوە شینەكانی سەگ / ن: گابرێل گارسیا ماركیز / و: ئیسماعیل زارعی
٢٩- دۆخگۆڕینەكانی عایشە/ ن: عەبدولوەهاب بەیاتی / و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
٣٠- كەسایەتی بەهێز / ن: ناسر هورمز / و: دڵشاد وەسانی و بەهزاد حەوێزی
٣١- كۆمەڵناسیی جەنگ / ن: گاستۆن بوتۆل / و: ڕامبۆد لووتف پوور
٣٢- كردستان واستراتیژی دولتها / ن: حوسێن مەدەنی / و: فتاح كاویان (بۆ زمانی فارسی)
٣٣ - ژنێك بۆ شەش پیاو / ن: عەزیز نەسین / و: سەباح ئیسماعیل
٣٤- میرگەها بۆتان / نووسین و وەرگێڕانی : د. سەلاح محەمەد سەلیم
٣٥- پێغەمبەر و دێوانە / ن: جوبران خەلیل جوبران / و: شۆڕش غەفووری
٣٦- سەرەتاكانی هەستی نەتەوایەتی كورد / ن: عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی / و: سەلاح عومەر
٣٧- سروودێكی ئاینیی جەژنی كریسمس / ن: چارڵز دیكینز / و: گۆنا عەبدولئیلا تۆفیق
٣٨- سروود و گاتەكانی زەردەشت / ن: د. حوسێن وەحیدی / و: وریا قانیع
٣٩- ئەو خالآنەی خۆشەویستی بەهێزتر دەكەن / چەند سەرچاوەیەك / و: فریاد بارزانی
٤٠- ئاسایشی نێودەوڵەتی / ن: كۆمەڵێك پسپۆڕ / و: قادر وریا
٤١- ڕێبازی عەشق / ن: ئیكنات ئیسواران / و: هاوار ئەحمەد هەڵەبجەیی
٤٢- بەرەو خۆشبەختی / ن: ئەنتۆنی رابێنز / و: حەسەن ئەحمەد مستەفا (چاپی دووەم)
٤٣- ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی / ن: د. مەحمەد ئارگۆن / و: دلێر ئەحمەد بەرزنجی
٤٤- ڕێبازە ئەدەبییەكان/ چەند سەرچاوەیەك / و: فەرهاد پیرباڵ (چاپی دووەم)
٤٥- لە ڕێی سیفەت و هەڵسوكەوتترا كەسایەتی خۆت بناسە / ن: سۆزان ئەلبوز / و: لوقمان باپیر